# هەر دەڵێی فوودانکێکیت و دەرزییەکت پێدا دەکەن

ئەمجەد شاکەلی

مانگی فێبریوەری 2004، بۆ جاری دووەم، بە فڕۆکەی سووریایی، بە سەر سووریادا، گەڕامەوە بۆ باشووری کوردستان. لەو سەفەرانەدا، مرۆڤ لە نێو فڕۆکەکەدا، ژەمەخۆراکێک یا دوو ژەم خۆراک وەردەگرێت. من زۆر جاران، ئەو خۆراکەم لێ دەبێتە، کێشەیەک. ساڵانێکە گۆشت ناخۆم و بووم بە ڕووەکخۆر. لەو جۆرە فڕۆکانەی وەک ئەوانەی سووریا و ئەو جۆرە وڵاتانە، تێگەیشتن لە مەسەلەی گۆشتنەخواردن، کارێکی هاسان نییە. ئەو کچانەی، لە نێو فڕۆکەکەدا، خۆراکەکە دەبەشنەوە، وەک هەموو ئەو خەڵکانەی دیکە، بەشی منیشیان دا. کە لێم پرسین، ئەوە چ خۆراکێکە، گوتیان، مریشکە و کە گوتم مریشک ناخۆم، گوتیان ماسیمان هەیە، ئەوەت بۆ دێنین، کە گوتم ماسییش ناخۆم، گوتیان، هیچی دیکەمان نییە. ئەمە ڕێک، ساڵانێکی پێشتری وەبیر هێنامەوە، کە هەر پێوەندی بەو باسەوە هەیە. تازەکی بووبوومە ڕووەکی و بە سەردان لەتەک ماڵ و منداڵدا، چووینە سەردانی ماڵی ڕەوان شاد، مام عەزیز قەیتوولی، کە بە ئەبووسامی، بە نێوبانگ بوو. ئەبووسامی زۆرجاران، بۆ خۆی خۆراکی ئامادە دەکرد و هەمیشەش میوانی هەبوون. کە خوان ئامادە کرا و فەرمووومان لێ کرا و دانیشتین، کاک ڕەمزی، کوڕی مام عەزیز، دەیزانی من گۆشت ناخۆم، بە باوکی گوت:"باوە ئەمجەد گووشت نێخۆد". ئەبووسامی گوتی:"یە چەس ئەمجەد! ئەرە گووشت نێخۆید؟ بیماری یان چشتی؟". گوتم:"ناوەڵڵا بیمار نیم، هەروا نایخۆم". گوتی:"ئاخر ئەرە، خوو بایەت بزانم". گوتم:"گۆشتی ئاژەڵ و ئەو شتانە ناخۆم، پێموایە گوناهن". گوتی:"یە چەس، خوو مورغ بخو، مورغ (مریشک، مامر) ئەرات دانەم". گوتم:"نەخێر مورغ هەم ناخۆم". گوتی:"خوو مورغ ئەرە نێخۆید، خو مورغ حەیوان نییە". گوتم:"ئەی مورغ چییە!".گوتی:"مورغ طە یرە طە یر(مەل، باڵندە، فرندە، پەلەوەر)".گوتم:"ڕاستە مورغ طە یرە، دەی ئەویش هەر گیاندارە". گوتی:"خو ئەگەر مورغ نێخۆید، ماهی (ماسی) بخو". گوتم:"وەڵڵا ئەبووسامی، ماهی هەم نێخۆم". گوتی:"خو ماهی ئەرە نێخۆید؟ خو ماهی حەیوان نییە". گوتم:"دەی ئەگەر ماهی حەیوان نییە گەرەکە چی بێت؟ خۆ ماهی سێو نییە!". ئەوەی نێو فڕۆکە سووریاییەکە، تا ڕادەیەک هەر لەو گفتوگۆیەی ئەبووسامی و من دەچوو. تۆ کە بە فڕۆکەیەکی ئەورووپایی سەفەر دەکەیت، دەتوانیت، هەر کە بلێتی(تکتی) سەفەرەکەت دەبڕیت، هەر بەو جێیەی بلێتفرۆشتنە دەڵێی، کە تۆ فلانە خۆراک ناخۆیت، ئیدی کە سەفەرەکەت دەکەیت، ئەو کارە ئامادەیی بۆ کراوە و ڕێز لە تۆ وەک مرۆڤێک، وەک نەفەرێک دەگرن. هەزاران خەڵک هەن، بە هۆی بڕوا و ئایینەوە، گۆشتی بەراز یا گۆشتی چێل و گا ناخۆن. هەزاران کەس هەن، نەخۆشیی هەستەوەرییان هەس و بە جۆرە خۆراکێک تێکدەچن، بۆیە نایخۆن و هەزارانیش هەن، هەر هیچ جۆرە شتێکی ئاژەڵیی ناخۆن، بەڵام لە نێو فڕۆکەیەکی سووریاییدا و لەو دەڤەرەی لەمەڕ خۆمان، زۆری دەوێت، تا ئەو جۆرە چەمکانە، شوێنی خۆیان بکەنەوە و ئەو

جۆرە هەڵبژاردنانە ببنە کارێکی ئاسایی. لەو دەڤەرانەی لەمەڕ ئێمە، لە سیاسەت و هەڵبژاردنی ئایدیۆلۆژیا و حیزبەوە تا دەگاتە هەڵبژاردنی ژن و مێرد و کار و خوێندنگە و زۆرینەی وردەکارییەکانی دیکەی ژیان، خەڵک هێشتا بە گوێرەی تیۆری"ترید ارنب اخرٍ ارنب، تریدغزال اخرٍ ارنب"، واتە: کەروێشکت دەوێ کەروێشک ببە، ئاسکت دەوێ کەروێشک ببە، کار دەکات. تۆ هیچ ڕێگەیەکی هەڵبژاردنت لەبەردەمدا نییە و تۆ هەر دەبێ لەنێو ئەو بازنەیەی بۆت دانراوە، بخولێیتەوە و هەرگیزیش نابێ لێی دەرچیت.

*****

سووریا، سێ جاری پێشتریش لێی بووم. ساڵی 1981، کە لەئێرانەوە هاتم و چوار ڕۆژێکی لێ مامەوە و لە شامەوە بۆ سوێد چووم. ساڵی 1987، کە لە سوێدەوە بۆ ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان چووم و نێزیکەی دوو هەفتەی تێدا مامەوە و لە گەڕانەوەشمدا، لە تارانەوە جارێکی دیکە دوو سێ ڕۆژێکی تێدا مامەوە. سووریا هەر ئەو سووریایەی جاران بوو، قۆڵبڕین و ساختەچێتی و فێڵ و تەڵەکە و سوێندخواردنی درۆ و ڕووتاندنەوە. جادەی خراپ و ناڕێک و قوڕاوی و شۆفێری درۆزن و هەزاران خودا و پەیامبەر بە یەک لیرە. وڵات لەم سەرییەوە تا ئەو سەر، بە وێنە و پەیکەری زل و زەلامی هەردوو ئەسەد، باوک و کوڕ، ناشیرین کراوە و بە دیتنی خۆیشیان (دەسەڵاتداران) ڕازاوەتەوە، کە هیچ یەکێک لەو وێنە و پەیکەرانە، کەمتر لە سەدان دۆلار، ئەگەر هەزاران و پتریش نەبێت، تێینەچووە، کەچی ڕەوش و گوزەرانی خەڵکەکەی بەو جۆرەیە، کە ئەگەر تفێک لە سەر زەویدا ببینن، وادەزانن یەک لیرەیە و دادەچەمنەوە بۆ هەڵگرتنی[1]. ئەوەی جیاوازە لە ساڵانی 1981 و 1987، ئەو دەمی تەنێ وێنەی ئەسەدی باوک هەبوو، لێ ئێستا وێنەی ئەسەدی کوڕیش هەیە. ئەو دەمی و ئێستاش بۆ هەر کارێکی، بۆت دەکرێت، ئەگەر کارێکی فەرمییش بێت و ئەرکێک بێت لە سەر شانی ئەوەی، دەبێ ئەنجامی بدات، تۆ دەبێ پارە و پوولێک هەر بجرنگێنیت و بدەیت و هیچیش نەڵێیت. کارمەندی وا هەیە لەو وڵاتەدا، بە دوو سێ ڕۆژان، دوو هێندەی مانگانەکەی خۆی، لە تۆ و من، وەردەگرێت و زۆر بە حەڵاڵیشی دەزانێت و ئێوارەش دەچێتەوە نوێژی خۆی دەکات و سوپاسی خودایش دەکات. هیچ کارمەندێک لەو وڵاتەدا نییە، بە تایبەت ئەوانەی، کە پێوەندیان بە خەڵکەوە هەیە و کاری خەڵک ئەنجام دەدەن، بەرتیل نەخوات و دزی نەکات. ساڵی 1987، هەندێک پاقلاوەم کڕیبوو و لەگەڵ کاک ئاسۆسی هاوڕێمدا چووینە پۆست، بۆ ئەوەی بینێرمەوە بۆ سوێد. کابرای کارمەندی پۆست، ناردینی، بچین کیسەیەکی خامی سپی بکڕین، یا بدەینە دوورین. چووین کیسەمان دایە دوورین و هاتینەوە و شتەکانمان خستنە کیسەوە و لەسەر کیسە، ئەدرێسمان نووسی و دامانە دەست کابرای کارمەندەوە، بۆ ئەوەی بیکێشێت و حیسابی پارەی ناردن و پوولەکەی بکات. کابرا پێی گوتین، کە پارەی پوولەکە، ئەوەندە لیرە دەکات و ئەوندە لیرەش حەقدەستی خۆیەتی و هەمووی دەکاتە ئەوەندە. منیش زۆرم پێ سەیر بوو و لە ئاسۆسم پرسی، بۆ وا دەکات و مەگەر

[1] ساڵانی خوێندنی ناوەندیم لە شاری کفری، مامۆستایەکمان هەبوو بە نێوی تالیب ڕەئووف. مامۆستا تالیب ڕەئووف، یادی بەخێر، یەکێک بوو لەو مامۆستایانەی، کە هەمیشە خۆشم ویستووە و ڕێزێکی تایبەتیم بۆی هەبووە. هەموو جارێک، لە کاتی وانەگوتنەوەدا، باسی بابەتی ڕۆژانە و ڕووداو و ئەو شتانەشی دەهێنایە گۆڕێ و بە بابەتی وانەکانی تێهەڵکێش دەکرد. جارێکیان لە باسی باوکیدا گوتی:"باوکم، کە بە ڕێگەدا دەڕوات، ئەگەر تفێک لە بەر پێیدا ببینێت، وادەزانێت بیستوپێنج (25) فلسییە و بۆی دادەنەوێتەوە بۆ هەڵگرتنی".

ئێمە پارەی پوولەکەی نادەینێ، ئیدی ئەو پارە زیادەیەی دیکە چییە! ئاسۆس گوتی:"پارەکەی بدەیە و هیچ دەنگ مەکە، ئەو پارەیە هەروا بۆ خۆیەتی و لەبەر ئەوەیە، کە ئەو کارەت بۆ دەکات، ئەگەر نایشیدەیتێ، هەر ئێستا، کە ئێمە ڕۆیشتین، بۆ خۆی کیسەکە دەکاتەوە و نیوەی پاقلاوەکەش دەخوات و هەرچیشی مایەوە، دەیباتەوە ماڵێ، بۆ ژن و منداڵەکانی و بۆ خۆیان نۆشی گیانیان دەکەن. بێدەنگ بە و هیچ مەڵێ و وەرە با بڕۆین تا بەزمێکی دیکەیشی بۆ نەدۆزیوینەوە!". بەرتیل لەو وڵاتە، بەشێکە لە سیستمی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی. بەرتیل فەرهەنگە و نەریتە و ڕەوتارە و ئاکارە و ڕەوشتە و جۆری ژیان و بیرکردنەوەیە و کەسیش نایخاتە بەر پرسیارەوە و ناڵێ: بۆ؟ و لادان لێی، لە وڵاتێکدا، کە لە سەریەوە تا خوارەوەی، بەرتیلخۆر بن، هەرگیز کارێکی هاسان نییە و زۆری دەوێت تا بگۆڕدرێت.

*****

تۆ، کە لە حەڵەبەوە، بەرەو قامیشلوو دەچیت، بە نێو ڕۆژاوای کوردستاندا تێدەپەڕیت. تەواوی ئەو ڕێگەیەی تا دەگاتە قامیشلوو، ئەمبەر و ئەوبەری جادەکە، چاڵەنەوتە و نەوتیی لێ هەڵدەگۆزرێت. ئەوێش وەک بەشەکانی دیکەی کوردستان، تژیی نەوتە و کوردی ئەوێش، خێری تاکە یەک لیرە، لەو هەموو نەوتە نابینن. وەک چۆن نەوت لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا، بووەتە هۆی دواکەوتوویی و بندەستیی خەڵکەکەی، لەوێش هەروایە. تەواوی ئەو گوند و باژێڕە کوردانەی ڕۆژاوای کوردستان(سووریا) بە پرۆژەی پشتێنی عەرەبی، لە یەکدی دابڕاون. پرۆژەی پشتێنی عەرەبی، پرۆژەی عەرەباندنی کوردستانە و هیچی لە پرۆژە عەرەباندنەکانی بەعسی عیراق کەمتر نییە، ئەگەر زیاتر نەبێت. ئەو پرۆژەیە خێروبێری حیزبی بەعس و دەسەڵاتە شۆڤینیستەکەی شامە، بۆ ڕۆژاوای کوردستان. من کاتێک بەو بەشەی کوردستاندا، تێدەپەڕم، پەسن و پیاهەڵدان و بەباشەباسکردنی، سەرانی باشووری کوردستانم بیر دێتەوە، کە بە چ جۆرێک و سەدان جار، بە دوورودرێژی پەسنی دەسەڵاتداریەتیی بەعسی سووریا و ئەسەدی سەرۆکی(بە تایبەت ئەسەدی باوک)یان دەدا، کە چۆن هەمیشە دۆستی کورد بوون و چەندی کۆمەکیان بە کورد کردووە و چەندی داڵدە و پەناگەی کورد بوون و ئەوەم بیر دێتەوە، کە چۆن سەرانی کورد، ئەو کارە لە سەر حیسابی کوردی ئەو بەشەی کوردستان دەکەن. هیچ یەکێک لە ئێمە نییە، سەدان جار گوێی لەو قسانەی سەرانی کورد نەبووبێت. سەرانی کورد(دیارە نەک هەر سەرانی کوردی باشوور، بەڵکە هەموو سەرانی کورد)، هەمان کاریان بەرانبەر تورکیا و ئێران و عیراقیش، کردووە. ئەوان کە پەسنی دەسەڵاتداریەتیی ئەو وڵاتانە دەدەن، لەبەر خۆیانە، چونکە ئەو دەسەڵاتدارانە، بۆ ئەوان(سەرانی کورد)، نەک بۆ کورد، باش بوون و چاکەیان بۆ کردوون.

*****

ساڵی 2002، بە قامیشلوو و فیشخابووردا، چوومەوە باشووری کوردستان، لێ ئەمجارەیان بە ڕەبیعەدا چوومەوە. ڕەبیعە(ربیعە)، کە ئەلیەعروبییە(الیعربیە)یشی پێ دەڵێن، هەندەک لە خوارووی باژێڕی قامیشلووەوەیە و هەر لە کۆنەوە، ڕێگەی پەڕینەوەی سنووری نێوان عیراق و سووریا بووە. لەو سەر سنوورە، پێش ئەوەی بچییە ژوورێ، بۆ کارگێڕیی پاسپۆرتی سووریا و گومرکی سووریا، شۆفێری ئۆتۆمبیلەکەی، کە هێناوتی بۆ ئەوێ، بە تۆ و بە هەموو نەفەرەکانی دەڵێ، ئەگەر هەریەکەو ئەوەندە دۆلاری بدەنێ، ئەو بە خێرایی و بە هاسانی کارەکەتان، لەکن

ئەو پۆلیسانەی سووریا، بۆ تەواو دەکات و ئەو پارەیەشی بۆ ئەو پۆلیسانەیە. تۆیش وەک هەموو کەسێکی دیکە، ناچاریت و ئەو پارەیە دەدەیت. ئەو پارەدانە، ئەو بەرتیلە، لەویّ قانوونە و نەدانی ناقانوونییە و پرسیار دەورووژێنێت. کە دەچیتە کارگێڕیی پاسپۆرتی سووریا و پاسپۆرتەکەتیان دەدەیە، دەسبەجیّ دەبیّ ئەو کارتەی، کە لە فرۆکەخانەی حەڵەب دەتدەنیّ و فۆرمێکە و دەبیّ پڕ بکرێتەوە، بە پڕکراوی بیدەیە دەستیان. تۆ فۆرمەکەیان دەدەیتیّ و بە عەرەبییش پڕت کردووەتەوە، کابرای کە لێی وەرگرتووی، پاش ماوەیەک، نێوت گاز دەکات و تۆیش، کە بە بەڵیّ وەرامی دەدەیەوە، یەکسەر هاوارت لیّ دەکا، کە نێوی باوکت چییە و نێوی دایکت چییە. دیسانەوە ئەو باسە دێتە گۆڕیّ. من، کە کابرا لێی پرسیم، برێک بە ڕووگرژی و دەموچاوبەیەکدادانەوە، پێم گوت:"ئەوە لە نێو کارتەکەدا و بە عەرەبی نووسراوە"، مامۆستایەکی کوردی ئەورووپانشین، کە خۆی بە دوکتۆر(خاوەنی بڕوانامەی دوکتۆرا) بە من ناساند، پێی گوتم، کە لە سەر خۆ بم و هیچ قسە نەکەم. منیش وام کرد، لیّ بە مامۆستام گوت:"توو خوا لەو ئەورووپایەی تۆی لیّ دەژیت، لە سەدان ساڵیی پێش ئەوڕۆیشەوە، تا ئێستا، هەرگیز بەم شێوەیەی ئێرە، سووکایەتیی بە مرۆڤ کراوە؟ خۆ ئەمە نە زانستی دەوێت و نە تەکنیک و نە هیچ، ئەمە تەنیّ فێربوونی شێوەی هەڵسوکەوت و گفتوگۆیە لەگەڵ خەڵکدا. ئەمەی ئەمان دەیکەن تاساندنی مرۆڤ و سنووردارکردنی ئازادییەتی و بە زۆر سەپاندی دەسەڵاتە و هیچی دیکە. ئەمە تەنیّ کڵۆمکردن یا کڵۆمکراویی مێشکە و هیچی دیکە". دوای ماوەیەک، کە ئیدی مۆری بە جێهێشتنی خاکی سووریات بۆ لە پاسپۆرتەکەت دەدەن و کە لەو بەزمە دەرباز دەبیت، دەبیّ نێزیکەی 400-500 مەترێک بە نێو ئەو قوڕوچڵپاوەدا بڕۆیت و بگەیتە پاسپۆرت و گومرکی عیراق. لەوێش ماوەیەکی پیّ دەچێت و برۆ و وەرە و ئەوانەت لەگەڵ دەکرێت و پاشان مۆرێکی سێگۆشەی چوونەژوورەوەی خاکی عیراقت، بۆ لە پاسپۆرتەکەت دەدەن. من ئەوە یەکەم جارم بوو لە هەموو ژیانمدا، مۆری عیراقی لە پاسپۆرتم بدرێت. هەستم بە تاساندن و هەناسەبڕکیّ دەکرد. هەستم دەکرد، دەگەڕێمەوە نێو ڕێژیم و دەوڵەت و بەعس و ئەنفال و لەشکر و زیندان و عورووبەکەی عیراق. هەستم دەکرد، کە دوای بیستوچوار ساڵێک، لە دابڕانم لە عیراقیەتی و باسی عیراق و نێوی عیراق، بە زۆر و زۆردارەکی و بیّ ویست و خواستی خۆم، پەلکێشم دەکەن بەرەو عیراق و دەمعیراقێننەوە. هێندمم پیّ سەخت و ناخۆش و گران بوو، وەک چۆن، ژنێکی ئاوس، ژان دەیگرێت و حەز دەکات بە زووترین کات، منداڵەکەی بێتە دەریّ، منیش بەو جۆرە خواخوام بوو، هەرچی زووترە ئەو عیراقیەتییەم لە کۆڵ بێتەوە. وامدەزانی پارووییەکی زل لە گەروومدا گیرهاتووە و قومە ئاوێکم چنگ ناکەوێت، بیکەم بە سەریدا، بۆ ئەوەی بیگلێنێتە ئەو دیوە. وامدەزانی هەوا نەماوە و ناتوانم هەناسە هەڵمژم. بۆ من لە هەمووی ناخۆشتر ئەوە بوو، کە ئەو شوێنە بە لای منەوە، بەشێک بوو لەئوستانی مووسڵ و ئوستانی مووسڵیش بە لای منەوە، کوردستانە و بە لای منیشەوە دەبوو، لەو بەرە پۆلیسی کورد ڕاوەستابا و بە کوردی قسەیان لەگەڵ کردبایەن، لیّ وا نەبوو. نە پۆلیس کورد بوون و نە ئوستانی مووسڵیش. مووسڵ، نەک تەنیّ لە لایەن عەرەب و دەسەڵاتدارانی عیراق و ئەمەریکاوە، بەڵکە لە لایەن سەرانی کوردیشەوە، بە کوردستان نەژمێردراوە. کە لەوانەش دەرباز دەبیت، ئیدی دەگەیتە کن ئۆتۆمبیل و تاکسییەکانی، کە دەتگەیەننە ئەو جێیەی بۆی دەچیت. لەویّ من بە خۆم، هەر وەک دڵنیاییەک، حەزم دەکرد لەگەڵ شۆفێرێکی کورددا بڕۆین بۆ مووسڵ و هەولێر و ئەوانە. دوو

شۆفێری کورد لەوێ بوون، هەرچی هەوڵمان لەگەڵیاندا دا، نەیاندەتوانی بڵێن ئا و بمانگەیەنن و هەر دەیانگوت، نۆرەی ئێمە نییە و نۆرەی ئەو برادەرانەیە، مەبەستیان عەرەبەکان بوو. پێم گوتن:"کاکە ئێوە لە وڵاتێکدا دەژین، ئەوەی نۆرە و قانوونە تێیدا نییە و ئەوانە وڵاتەکەتانیان هەر بە سەوزی خواردووە و پێیان بکرێت نقی ئێوەیش دەبڕن، ئێستا ئەم قانوون و نۆرەیە بۆ لە ئێمە دەکەنە ماڵ!". پاشان، ئێمە سێ کەسان، کە هەر لە حەڵەبەوە، وێکڕا هاتبووین، سواری ئۆتۆمبیلی یەکێک لەو عەرەبانە بووین و لەگەڵیدا پێکهاتبووین تا هەولێر بمانبات. لە ڕێگە و تا گەیشتینە مووسڵ، ئەو کابرایە باسی برایەتی عەرەب و کورد و ئیسلامەتی و برای ئایینی و یەک وڵاتی و یەک عیراقی و ئەوانەی بۆ کردووین. کە گەیشتینە مووسڵیش، گوتی:" بەخودای من ناتانبەم بۆ هەولێر، چونکە من عەرەبم و بۆ من سەختە و خەتەرە، بە تایبەت دوای تەقینەوەکەی هەولێر و ئێستا دەتانبەمە گەراژی ئۆتۆمبیلان و دەتاندەمە دەست شۆفێرێکی هەولێری، بۆ ئەوەی بتانگەیەنێتە هەولێر". ئیدی قایلی کردین و وەهای کرد، وەک خۆی گوتی و سواری ئۆتۆمبیلی شۆفێرێکی کوردی کردین و بە کوردییەکەی فرۆشتینی و پاشان وەڕێ کەوتین. باژێڕی مووسڵ، کە بۆ من بەشێکی جیانەکراوە و باژێڕێکی گەورەی کوردستانە، بێجگە لەوەی هەندەک جار و زۆر بە دەگمەن، تاکە تاکەیەک کوردت وەبەرچاو دەکەوت، کە جلی کوردییان لەبەردا بوو، ئەویش پتر شۆفێر و ئەوانە بوون، کە لە هەولێرەوە هاتبوون، هیچ جۆرە نیشانەیەکی کوردیەتی، بەو شارەوە نەبوو. شارەکە ئەوە هیچ، کە عەرەب بە هی خۆیان و بە بەشێک لە عیراقی دەزانن، ئێستا کوردەکەش، وا تەماشای دەکات و سەرکردەیەتیی سیاسیی کوردیش، کەمترین هەوڵی ئەوەیان نەداوە، مووسڵ بگەڕێنرێتەوە ئامێزی کوردستان و کورت و کرمانجی، دەستیان لێی شۆردووە.

*****

کە دەگەیتە کەڵەک(کەڵەکی یاسین ئاغا، ئەسکی کەڵەک، خەبات) و لە مووسڵەوە بەربە هەولێر دەڕۆیت، بە سەر پردێکی زەلامدا دەپەڕییەوە. ئێمە، کە گەیشتینە سەر ئەو پردە، سەدان ئۆتۆمبیلی لە سەر بوو و ئۆتۆمبیل لووتیان نابووە سەر یەکترەوە و هێندە زۆر بوون، کیسەڵیی دەڕۆیشتن. لە شۆفێرەکەی لەمەڕ خۆمانم پرسی، کە بۆ وایە. گوتی، ئەوە لەوەتی تەقینەوەکانی هەولێر ڕوویانداوە، لەو بەرەوە زۆر بە وردی دەپشکنن. ئیدی پاش ماوەیەک نۆرەی ئێمەش هات و گەیشتینێ. ئەو پۆلیسانەی ئەوێ، ئێمەشیان دابەزاند و بە ئاوێنەیەک، سەیری بنی ئۆتۆمبیلەکەیان کرد و پاشان داوایان لێ کردین، ساک و جانتاکانمان بکەینەوە. کردماننەوە و هەندەک پرسیاریان کرد و وەراممان دانەوە. پاشان بەو هەڤاڵەی، کە دەیپشکنین و قسەی لەگەڵ دەکردین، گوتم:"کاکە حەز دەکەم شتێکت پێ بڵێم، ئەگەر گوێم لێ دەگریت". گوتی:"فەرموو، بەڵێ گوێت لێ دەگرم". گوتم:"ئەو بازگە و خاڵی پشکنینەی، کە ئێوە لێرە، لە بەری هەولێری پردەکەوە داتانناوە، پێتوانییە هەڵەیە!". گوتی:"چۆن چۆنی هەڵەیە، ئەدی نەپشکنین و لێگەڕێین خەڵک هەروا تێپەڕێت!". گوتم:"نەخێر، بپشکنە و مەشهێڵە خەڵک هەروا تێپەڕێت، بەڵام ئەگەر بێتو ئۆتۆمبیلێکی پڕ لە تەقینەوە و بۆمب و ئەوانە، لە مووسڵەوە بێت و بگاتە سەر ئەم پردە و لە نێوەندی پردەکەدا خۆی بتەقێنێتەوە، ئەو دەمی نەگەیشتووەتە کن تۆ و تۆش نەتپشکنیوە و تەقینەوەکەش ڕوودەدات و هەم پردەکە دەڕووخێت و هەم سەدان ئۆتۆمبیل و ڕەنگە هەزاران کەسێش تێدا بچن. تۆ دەبێ پێش گەیشتنی ئۆتۆمبیل بە سەر پردەکە، بیپشکنیت، نەک دوای

ئەوەی، کە لە پردەکە پەڕیوەتەوە و هاتووەتە بەردەمت، چونکە ئەو ئۆتۆمبیلانە لە مووسڵەوە دێن. ئێوە دەبێ ئەو بازگەیەتان لەوبەرەوە، بەری مووسڵی پردەکە، دانابا، یا لە هەردوو بەری پردەکە دوو بازگەتان دانابا". هەندێک بیری کردەوە و گوتی:"بەخودای خۆ ڕاستە، بەڵام ئەو بازگەیە لێرە بە فەرمان دانراوە و ئەوە لە کوێ بە من دەکرێت". گوتم:"کاکە گیان، خۆ فەرمانی خودا نییە، خەڵک بێگوێیی فەرمانی خودایش دەکات، تۆ بە بەرپرسەکەی خۆت بڵێ، با ئەویش بە لە خۆی هەورازتر بڵێت". گوتی:"ئەوە لە وەزیرەوە ئەو فەرمانە هاتووە". گوتم:"کاکە گیان، مەرج نییە هەموو فەرمانێکی وەزیر و بەرپرسان ڕاست بن، تۆ ئەو باسە بەوان بگەیەنە و بڵێ خەڵک وا دەڵێن، بڵێ کابرایەکی نەفەر وای دەگوت، با بەرپرسەکەت بیگەیەنێتە بەرپرسەکەی خۆی و ئەویش بە وەزیر و وەزیریش بە سەرۆکەکەت". هەندێک سەیری کردم و پێکەنی و پاشان گوتی:"بەخێرچن". من لەوە تێگەیشتم، ئەو کارەکەیشی، وەک فەرمانێک ئەنجام دەدات. ئەرکێکە و پێی سپێردراوە، نەک هەست بە مەترسی تەقینەوە و مەترسی تێکدانی بار و ڕەوشی کوردستان و هەست بە بەرپرسیارییەتی وای لێ بکات، بە تەنگ ژیانی خەڵک و ئارامی وڵاتەکەیەوە بێت. پشکنین و بە شوێن خەڵکی خراپدا گەڕان، لەوێ، لە کوردستان، نەبووەتە کارێکی گەلێر، کە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە سەرگەرمی بن. کارێکە چەند پۆلیس و ئاسایش و چەکدارێکی حوکوومەتی و حیزبی، تەنێ وەک ئەرکێک، لە کۆڵی خۆیانی دەکەنەوە. ئەو کارە تەنێ کاری ئەوان نییە و کاری هەموو مرۆڤێکی ئەو وڵاتەیە. سەردەمانێک، کە دەسەڵاتی حوکوومەتی بەعس هەبوو، بەری مووسڵی ئەو پردە، بە دەست حوکوومەتی بەعسەوە بووە و بەری هەولێریشی، بە دەست حوکوومەتی کوردستانەوە بووە. من پێموایە، ئێستاش ئەو ترسەی جاران، لە کن بەرپرسان و حوکوومەتی کوردستان، ماوە و هێشتا ئەو درمە بەری نەداون و ئەوبەرەی مووسڵی پردەکە، هەر بە بەری مووسڵی دادەنێن و مووسڵیش لەکن ئەوان عیراقە و ئەو عیراقەش پیرۆزە و ئەوان بۆیان نییە، دەسکاری هیچ شتێکی عیراق بکەن. ئەوان خۆیان تەنێ بە خاوەنی بەری هەولێری پردەکە دەزانن. ئەوان ئەو بوێرییەیان نییە، بازگەکەیان، بۆ ئەو ئۆتۆمبیلانەی لە مووسڵەوە دەچنە هەولێر، بگوێزنەوە بەری مووسڵی پردەکە و بلا بازگەی ئەو ئۆتۆمبیلانەش، لە هەولێرەوە دەچنە مووسڵ، هەر لە بەری هەولێری پردەکە بن. ئەو گۆڕانکارییە، لای ئەوان هێندە هاسان نییە. بوێریی دەوێت و بوێرییش لەوێ، چ باسێکی لێ نییە. دیارە، کە بەرپرسان و وەزیران و حوکوومەتی کورد، بەو جۆرە بهزرێن، پۆلیسێکی هەژاری پشکنەری ئەو بازگەیە، کە مووچەکەی یەک لە سەدی داهات و مووچەی سەرانی وڵاتەکەی نییە، چ بڵێت! ئەوانە هەموو گرێدراوی ئاگایی مرۆڤن و بە هەستی وڵاتپارێزی و خۆشویستنی نیشتمان و خاک و گەلەوە بەستراون، کە تا ڕادەیەکی بەرچاو لەو وڵاتەی ئێمە لاوازە.

*****

کە گەیشتمە هەولێر، هەر لەتەک ئەو هاوڕێ شۆفێرەدا، تا بەر دەرکەی "هوتێل دمدم"، چووین و لەوێ دابەزیم. ژوورێکیان دامێ و یەکێک لەوانەی لەوێ کار دەکەن، لەگەڵمدا هات و ژوورەکەی پێشان دام و باسی چۆنیەتی کارکردنی تەلەڤزیۆن و گەرمی و ساردی و حەمامی ژوورەکەی بۆ کردم و بەجێی هێشتم. پاش نێزیکەی یەک دوو سەعاتێک پشوودان، شەوێ، ویستم وەدەرکەوم و بچم خۆراکێک پەیدا بکەم. کە هاتمە دەرێ، لەبەر دەرکەی هوتێلەکەدا، پاسەوانێکی چەکداری

تەمەن دەوروبەری شێستوپێنجساڵێک، ڕاوەستابوو. پرسیاری چێشتخانە و خواردنگە و ئەوانەم لێکرد و ئەویش پێی گوتم، کە چۆن بڕۆم. هەر لەو، نێزیکەی چوار پێنج هەنگاوێک تێپەڕیم، ئیدی ئەلەکتریک کوژایەوە و هەموو ئەو ناوە تاریک داهات. هەرچۆنێک بێت، دوای دووسەد سێسەد میترێک و لە قوژبنێکدا هەندێک میوەم کڕی و گەڕامەوە هوتێلەکە. لەبەردەم هوتێلەکەدا، کۆمەڵێک ئۆتۆمبیلی نوێ و زەلام زەلام ڕاوەستابوون و بێجگە لەو پاسەوانەی، کە پێشتر دیتبووم، ژمارەی پاسەوان و چەکداریش، لە پێش هوتێلەکەدا زیادی کردبوو و لە ژێر هوتێلەکەدا پلیکانەیەک بۆ خوارەوە دەچوو و دەنگی بەرزی مووزێک، لە هۆڵەکەی ژێرەوە دەهاتە گوێ. بە پاسەوانەکەم گوت:"دیتت بەختم نەبوو و هەر لە تۆ تێپەڕیم، ئەلەکتریک بڕا". گوتی:"ئیدی وایە و ئەوە کاری یەکجار و دووجار نییە". گوتم:"ئەدی ئەو هەموو ئۆتۆمبیل و چەکدارە چیین و ئەو هەرایە چییە؟". گوتی:"ئەوە لە خوارێ قومارە، دومبەڵەیە، بەزمە و ئەو ئۆتۆمبیلانەش، هی بەرپرس و کارگێڕانی گەورە گەورەن، کە لەوێ دانیشتوون و یاری دەکەن، بۆ ناچیتە ئەوێ، تۆیش بۆ خۆت خۆتی پێداکەیت و خۆت سەرگەرم کەیت!". گوتم:"بەخودای قوربان من سەروسەودام لەگەڵ ئەو بەزمانەدا نییە و ئەو کارەی ئەوان بە من ناکرێت". کۆڵێک بەزەییم بە مامەی پاسەواندا هاتەوە و دڵم بۆی دەسووتا. بەو تەمەنەوە، ئەو هی ئەوە نەبوو، پاسەوانیی بکات و بە تفەنگێکەوە، دەرکەی هوتێل، یا قومارخانەیەک بپارێزێت، بەڵکە هی ئەوەبوو، لەنێو ماڵ و منداڵی خۆیدا پێڕاکێشێت و پاڵی لێ بداتەوە و مووچەی خانەنشینیی خۆی وەرگرێت. بێجگە لەوەش، بە شێوەی زاراوە و قسەکردنەکەی، بۆم دەرکەوت، خەڵکی هەولێر نییە و هی دەوروبەری سلێمانی و ئەو ناوەیە و ئەگەر نەگبەتی و ماڵوێرانی، حیزب و دووبەرەکی و جەنگی نێوخۆ و ئاوارەیی نەبێت، بۆ ئەو لە گوندەکەی، یا باژێڕەکەی خۆی، ئاوارە دەبوو و ڕۆژی بەم ڕۆژە دەگەیشت!. کە ئەلەکتریکی گشتیی ماڵان خامۆش دەبێت، ئەو هوتێل و شوێنە گشتی و کارگێڕی و ماڵە دەوڵەمەندانە، ئەلەکتریکی تایبەتی خۆیان هەیە و ئەوەی خۆیان وەگەڕ دەکەوێت، واتە: ئەوان بێ ئەلەکتریک نابن و تەنانەت قومار و دومبەڵە و بەزمەکانی دیکەیشیان تێکناچێت و ڕەنگە هەر ئاگایشیان لە بڕانی ئەلەکتریک نەبێت. شەوێ حەزم دەکرد، تەلەڤزیۆنەکە بخەمە سەر کەناڵێک، هەندێک هەواڵ و دەنگوباس بزانم، دەستم بە هەر لایەکی دوگمەکاندا دەنا، تەلەڤزیۆنی تایین، دەچووە سەر کەناڵێکی بێفەڕی تورکی، کە تایبەت بوو بە سێکس. کەناڵێکی تابلێیت دزێو و پێس و قڕێژی، سێکسی بازاڕی و بازرگانی و لەشفرۆشتن، نەک سێکس، بە شێوە مرۆڤانە و پڕچێژ و سوودبەخشەکەی. ئەوەی لەو کەناڵەوە پێشاندەدرا، هەر ژنی ناشیرین و پیس بوون، دەهاتن و وردەوردە جلەکانی بەریان دادەکەند و دەست و پەنجەیان، بە سەر هەموو لەشی خۆیاندا دەهێنا، لە تەوقی سەریان و پرچ و ڕوومەت و دەم و لەوسییانەوە، تا دەگەیشتنە مەمک و ناوک و زگ و ناوگەڵ و بەرزگیان و ئیدی پەنجەیان بە خۆدا دەکرد و قامکەکانی خۆیان دەمژین و دەنگی ئاە و ئاخ و ئۆفیان لێ بەرز دەکردەوە. ئەو ژنە تورکانەی، لەو کەناڵەدا پێشاندەدران، مرۆڤ نەک ئارەزوو، بەڵکە ڕشانەوەی، بە دیتنیان دەهاتەوە. فیلمی سێکسی(پۆڕ، پۆڕنۆ)، کە ئەوڕۆ بووەتە پیشەسازی و بازرگانی و پارەپەیداکردن و بازاڕی سەرمایەداری، پەرەی پێ دەدات، پتر لە هەر شتێکی دیکە، سووکایەتیپێکردن و نزمتەماشاکردن و شکاندنەوە و چەوساندنەوەی ژنە و بەکاربردنی ژنە، وەک کاڵا و هەموو ئامێرێکی دیکە، بۆ پڕکردنەوە و بەجێگەیاندنی ئارەزووە نەخۆشەکانی هەندێک نێرینەی

نەخۆش. زۆرم پێ سەیر بوو، لە هوتێلێکی کوردستاندا و لە هەولێر، کەناڵی سێکسی، لە تەلەڤزیۆندا هەبێت. زۆرم سەیر، بە کەمئاوەزیی و بێئاگایی و لاوازیی، هەستیی وەڵاتپارێزی و نەتەوەیی، خەڵکە کوردەکەی خۆمان دەهاتەوە، کە دەرگەیان، بە ڕووی وەها کەناڵێکی ناحەز و دزێوی تورکیدا کردووەتەوە و بەرانبەری دادەنیشن. تورک، یا تورکیا، لەو هەموو کەناڵە تەلەڤزیۆنانەی خۆیان، ئەو کەناڵە سێکسییە، بۆ باشووری کوردستان پەخش دەکەنەوە. ئەوە سیاسەتێکە و تورکیا بە ویست و ئاگایی و خواستی خۆی، ئەنجامی دەدات و نەخشەی بۆ دادەنات، کەچی کوردەکەی لەمەڕ خۆیشمان، هەر بە خەیاڵیشیدا نایەت. ئەو هوتێلانە، کە سەدان و هەزاران خەڵک، ڕوویان تێ دەکەن و تێیاندا دەنوون، دەبوو بیریان لەوە کردباوە، کە لە نێو ئەو خەڵکانەدا سەدان و هەزاران ژن و منداڵ هەن. ڕەنگە ئەو منداڵانە هەروا و لە خۆڕا، دەست بەو دوگمانەی تەلەڤزیۆنەکەدا بنێن و بکەوێتە سەر ئەو کەناڵە و ئەوانیش بە دیارییەوە دانیشن و تەماشای بکەن. ڕەنگە، کە دایک و باوکیان، لە ژوورەکە وەدەرکەوتن، ئەوان هەر بە ئاشکرا و بێترس و وەک ئارەزوو، دانیشن و چاو لەو کەناڵە بکەن. لە ئەوروپا، فیلمی سێکس و پۆڕ، لە تەلەڤزیۆنەوە جارنا پێشان دەدرێن، لێ نەک بە ڕۆژی نیوەڕۆ و هەر کاتێک بیانەوێت، بەڵکە درەنگانێکی شەو و دوای نووستنی منداڵان. ئەو کەناڵە تورکییە، هەموو دەمێک هەیە و کراوەیە و بەردەوام ئەو خزمەتە گەمارە و ئەو ژار و بۆگەنییە، بۆ باشووری کوردستان پەخش دەکاتەوە. بێجگە لە کەناڵەسێکسییە تورکییەکە، دیتم سابوون و شامپۆ و شۆکلات و نوقڵ و ئاوی نێو شووشەکانی، نێو بەفرگرەکەی، نێو ژوورەکەی هوتێلەکەش، ئاوی حەیات(HAYAT)، هەموو هەر تورکیی بوون. ڕێک وەک بڵێی، لەم جیهانەدا، تەنێ تورکیا وڵاتە و تەنێ تورکیا هەیە. تورکیا، بە هەوەسی خۆی و بە مەرجی خۆی، بە نێو سیاسەت و ئابووری و فەرهەنگ و کۆمەڵگەی کوردەواریدا، بڵاو بووەتەوە و لە بری بەرپێگرتن، سیاسەتکاران و سەرکردەیەتیی سیاسیی کورد و خاوەن بەرژەوەند و بازرگان و دەوڵەمەندانی کورد، بە ئارەزووی خۆیان، ڕێگەیان بۆ دەکەنەوە و کارهاسانایییان بۆ دەکەن و بە خۆشحاڵییشەوە، پێشوازیی، لە خۆیان و سیاسەت و فەرهەنگ و کاڵا و کووتاڵ و بەرژەوەندەکانیان دەکەن و واش پێدەچێت، لە باشووری کوردستان، تورکیا بە دەرگای جیهان بزانرێت. دیارە شتومەک و کاڵای تورکیاش، هیچ کاتێک شتومەک و کاڵاگەلێکی باش نین و ئەگەر باشیش بن، ئەوا تورکیا، کێهەیان خراپە، ئەوە دەنێرێتە باشووری کوردستان. بوونی ئەو هەموو کاڵا تورکییە، لە نێو فرۆشگەکاندا و بوونی کەناڵی تەلەڤزیۆنی سێکسی، لە کوردستاندا و بوونی پرۆژەی تورکی و سەرمایەی تورکی و دەسگای فەرهەنگیی تورکی، بێجگە لە بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی فەرهەنگیی تورکیی و ئابووریی تورکی و سیاسەتی تورکی زیاتر، شتێکی دیکە نییە و ئەوەش بۆ خۆی، هاندان و برەوپێدان و پشتگرتنی، سیاسەتی تورکاندنی کوردستان و کوردە، کە تورکیا بۆ خۆی پێڕۆی دەکات. سبەینێ، کە ویستم لە هوتێلەکە وەدەرکەوم، دەبوو هەندێک دینار پەیداکەم. لە کن پرسگەی هوتێلەکە، سەد دۆلارێکی ئەمەریکیم گۆڕییەوە، بە دیناری نوێی عیراقی و لەبری سەد دۆلار، سەدوسیهەزار دیناریان وێدام. کە لە هوتێل وەدەرکەوتم و هاوڕێ و دۆستانی خۆمم دۆزییەوە و پرسیاری بۆرسەی شێخەڵلام کرد، کە هەر چەند سەد میترێک لە هوتێلەکەوە دوورە، دیتم سەد دۆلار لەوێ، بە سەدوچلوچوارهەزار دینار دەگۆڕدرێتەوە. بۆم دەرکەوت، کە کاکی هوتێلی لەمەڕ خۆم، هەر لەو سەد دۆلارە چواردەهەزار دیناری لێ قازانج کردووم. دوو شەوان لەو هوتێلە

نووستم، ڕۆژی سێیەم، کە دەبوو بڕۆم و بەجێی بهێڵم، کە حیسابیان کرد، دەبینم سەدوشەش هەزار دیناری لە سەر نووسیوم، کە دەیکردە نێزیکەی نێوان، حەفتا هەشتا دۆلار، کە بۆ کوردستان پارەیەکی کەم نییە. دیارە بێجگە لە کرێی نووستنەکەم، خۆراکی سبەینانیشی لەسەرم حیساب کردبوو، کە دەبوو ئەوە لە نێو کرێی هوتێلەکەدا بووایە. لە گۆڕینەوەی پارەشدا، کڵاوی نابووە سەرم. ڕەنگە ئەو پارە زیادەیەی، کە لە من و منانی دیکە، لەو هوتێل و شوێنانەدا وەردەگیرێت یا دەسێنرێت، پارەیەکی زۆر نەبێت، لێ تۆ تاکە یەک دیناریشت، بە ناڕەوایی لێ بسێندرێت، پێتناخۆشە و خۆت بە خاپێنراو دەزانیت. هەستکردن بە خاپێنراوی بۆ خۆی، باجی ناڕوونی و ناکۆنکرێتی مامەڵە و پێکهاتنەکانە. جیاوازییەکی مەزنی نێوان ئەوروپا و ئەو وڵاتانەی لەمەڕ خۆمان، لە زۆرینەی بوارەکانی ژیاندا ئەوەیە، کە لە ئەوروپا تۆ ناخاپێنرێیت و هەر پێش کڕینی شتێک، یا دابەزین لە هوتێلێک، یا خواردن لە ڕیستۆرانگێک، یا چاککردنی شتێک، تەواوی شتەکانت، بۆ ڕوون دەکرێنەوە و نرخەکە دەخرێتە پێش چاوت و دەیزانیت. تۆ لە سەر هەموو شتەکان، لەگەڵ کەسی خودان کار و جێگە و خزمەتەکەدا، پێک دێیت و پێکهاتنێک دەکەوێتە نێوانەوە و ئەو پێکهاتنەش بۆ هەمووانە. تۆ لەو لیستەیەی، کە دەتدەنێ و دەیخوێنییەوە، هەموو وردەکاری و پارەکانت بۆ ڕوون کراوەتەوە و تۆ دەزانیت چەندی دەدەیت، لێ لە وڵاتانی خۆمان(کوردستانیش)، هیچت پێ ناگوترێت و کە گەیشتنە حیساب و حیسابکاری، ئیدی بە ئارەزووی خۆیان بۆت دەژمێرن و پارەت لێ دەسێنن و ئەگەر ئارەزوویان لێ بێت، قۆڵت دەبڕن[2]. من بۆ خۆم وامنەدەزانی ئەو خاپاندن و ڕاوەقازانج و فڕوفێڵانە، گەیشتوونەتە وڵاتەکەی لەمەڕ خۆیشمان، هێشتا من ئەوێم بەلاوە، بڕێک پاکژ و خاوێن بوو و پێموابوو، بڕێک ڕاستگۆیی، لە ئارادا ماوە، تومەز پریشکی خاپاندن و فڕوفێڵ، لەمێژە ئەوێیشی گرتووەتەوە. کە ئایدیۆلۆژیا و فەلسەفە و تیۆریی، خاپاندن و ڕاوەقازانج و فڕوفێڵ و کڵاوچێتی، هیچ سنوور و ڕەگەز و زمان و ڕەنگی پێست و ئایین و خاکێکی، بۆ نەبێت، تووشبوونی وڵاتەکەی خۆیشمان بەو دەرد و پەتایە، دەکرێ وەک دیاردەیەکی سروشتیی، تەماشای بکرێت.

*****

[2] زۆرجاران، ئەو خاوەن چایخانە و ڕیستۆرانگ و هوتێل و ماشێن و سەرتاشخانە و فیتەرخانە و فرۆشگە و میوەفرۆش و...کە شتێکیان لێ دەکڕیت و کارێکت پێیان دەکەوێت، ئیدی ناسیاو بن یانە، پێت دەڵێن: "با لە سەر خۆمان بێت، و بەخوا پارە نادەیت، و میوان بە، و بەخوا دەست بە باخەڵدا ناکەیت، ئەوە چییە جنێومان پێ دەدەیت، و لاچۆ عەیبە، چۆن دەبێ تۆ پارە بدیت". ئەو هەموو جۆرە دەربڕینانە هەن و دەگوترێن، لێ لە ڕاستیشدا وانییە و پارەی خۆیان دەوێت. هاوینی 1991، جارێکی لە "سەرپێڵی زەهاو"ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ناسکی خوشکم و نازی کچم و مامۆستا عەبدوڵڵا قەرەداغی و خۆم، لاماندایە چێشتخانەیەک، بۆ نانخواردن.پیاوێکی گەرمیانییش لەوێ دانیشتبوو و نانی دەخوارد. کە لێبووەوە و هەڵسا و چووە بەردەم کابرای خاوەن چێشتخانە، بۆ ئەوەی پارەی خۆراکەکەی بدات، خاوەن چێشتخانەکە چەندجارێک پێی گوت:" خاڵۆ پارە مەدە، میوان بە، قابیلی نییە، دوکان خۆتە و.."..ئیدی کابرای، کە نانی خواردبوو، گوتی:"زۆر سوپاس" و ملی ڕێگەی گرت و وەدەرکەوت. خاوەنی چێشتخانەکە، لێی کرد بە هەرا و بانگی کرد:"خاڵۆ تۆ پارەی خۆراکەکەت نەداوە و چۆن هەروا دەڕۆیت و چۆن ماڵی عالەم دەخۆیت؟". کابرا هاتەوە و بە خاوەن چێشتخانەکەی گوت:"کاکە تۆ خۆت گوتت، کە میوان بم و قابیلی نییە و ئەوانە. پیاو چۆن پارە لە میوان وەردەگرێت؟ هەر عەیبە داوای پارەم لێ دەکەیت، کە داوای پارەیشم لێ دەکەیت و لێم دەستێنیت، ئیدی ئەو هەموو درۆیە چییە، کە دەیانکەیت و نێوی میوان و ئەوانەم لێ دەنێیت ". کابرای خاوەن چێشتخانە، گوتی:"بەخوا ئیدی ئەوە خوویەکە و هەروا وادەڵێین". ئیدی پارەکەی خۆیشی هەر وەرگرت.

لە میدیا و ڕاگەیاندنە کوردییەکاندا و لە سەر زمانی بەرپرسان و سیاسەتکارانی کورد، زۆرجاران، کە بە عەرەبی دەپەیڤن و دەنووسن، کە دێنە سەر ناوهێنانی، باژێڕ و شارۆچکە و گوند و دەڤەرە کوردییەکان، نێوەکان وەک چۆن بە کوردی دەگوترێن، نالێن و بە شێوەیەک دەیلێن، کە ناکوردان دەیلێن. بۆ نموونە لە بری "هەولێر"، دەلێن: ئەربیل (اربیل). کورد، دەلێ: هەولێر، لێ لە سەر کاغەز و شێوەی فەرمیی ناوبردنی ئەو شارە، لە لایەن حوکوومەتی عیراقەوە، گوتراوە: ئەربیل. خەلکانی ناکورد(عەرەب، تورکمان، کلدان، ئاشووری)، هەر لە ڕقی کورد و وەک خۆ بە عیراقی زانین و هەولێریش بە عیراق حیساب کردن، ئەوانیش دەلێن: ئەربیل. لە کتێبی خوێندنەوەی عەرەبی(القرائە العربیە)ی، پۆلی چوارەمی سەرەتایی زارۆکی کورد لە کوردستان، دەنووسن ئەربیل(اربیل) و مندالی کورد وا فێر دەکەن، کە ئەگەر بە عەرەبی باسی هەولێر کرا، دەبێ بگوترێ: ئەربیل، نەک هەولێر. فێرکردنی مندال بەو شێوەیە، ئەگەر تاوانێکی گەورە نەبێت، هەلەیەکی یەکجار گەورەیە. "پردێ"، شارۆچکەیەکی کوردە و سەر بە ئوستانی کەرکووکە، خەلکی کورد، هەمیشە بە پردێ، ناوی ئەو شارۆچکەیە دەبەن، ئیدی بۆ لە ڕاگەیاندنی کوردیدا بگوترێ: ئالتوون کۆپری(التون کوبری)!. ئالتوون کۆپری، نێوێکە عەرەب و تورکمانەکان حەزی لێ دەکەن، تەنێ بۆ ئەوەی پردێ، کوردییەکە بسڕنەوە و بیکەن بە شارۆچکەیەکی تورکمانی یا عەرەبی. "دووزخورماتوو"، کە شارۆچکەیەکی سەر بە ئوستانی کەرکووکە، لەوەتی من لەبیرم بێت، کورد هەر گوتوویەتی "خورماتوو" و بێ دووزەکەی نێوی بردووە. "دووز"، کە وشەیەکی تورکییە و دەکاتە خوێ، لە کن عەرەبان بووە بە (طوز، طوزخورماتو)، چ پێویستییەک بەوە هەس، کورد بۆ خۆی ئەو ناوە وەک عەرەب و تورکمان بێژێت!. کورد گوتوویەتی و دەلێ: دووبز، کە دەکاتە، دووبزن یا دوو جۆرە ماسی. لە لایەن میری و فەرمییشەوە بووە بە "دبس"، کە بە عەرەبی دەکاتە: دۆشاو. دووبز، شارۆچکەیەکی سەر بە ئوستانی کەرکووکە، دیارە عەرەب بۆ پێشاندانی دووبز، وەک دەڤەرێکی عەرەبی، حەز دەکەن و پێیان باشە و کار بۆ ئەوە دەکەن کە بلێن: دبس و نەلێن: دووبز، چونکە ئەگەر گوتیان دووبز، ئەوا نێوی ئەو ناوچەیە دەبێتە کوردی. "شەنگال"، یا "شنگال"، یا "شەنگار"، نێوی باژێڕێکی کوردستانە و باژێڕێکی کوردییە و کورد بۆ خۆی وای پێ دەلێت، کەچی لە کن عەرەبان بووە بە "سنجار" و کوردیش، لە کاتی پەیڤیندا بە عەرەبی، بە شێوە عەرەبییەکەی، واتە:"سنجار"نێوی، ئەو شارە دەبەن. کورد هەمیشە گوتوویەتی: قەلادزێ، یا قەلادزە، کەچی، کە بە عەرەبی قسە دەکات، دەلێ:"قلعەدزە"، ڕێک وەک عەرەبان. کورد دەلێ: ئاکرێ و دەلێ: ئامێدی، حاجی ئۆمەران، هەلەبجە، سلێمانی یا سولەیمانی یا سولەیمانییە، کەچی، کە بە عەرەبی دەپەیڤن و دەنووسن و نێوی ئەو شارانە دەبەن، وەک عەرەبان، ئەوانیش دەیانکەنە "عقرە" و "عمادیە" و "حاج عمران" و "حلبچە"، کە لە عەربیدا تیپی "چ"یش هەر نییە و "السلیمانیە". تۆیەکی کورد، ئەگەر بەتەنگ کوردستانیبوونی هەولێر و پردێ و خورماتوو و شەنگال و قەلادزێ و دووبزەوەیت، ئەگەر بەتەنگ زمانە کوردییەکەی خۆتەوەیت، بە هەر زمانێکی ئەم جیهانە بپەیڤیت، هەرگیز نابێ بلێیت: ئەربیل و ئالتوون کۆپری و دووزخورماتوو و دبس و سنجار و قەلعەدزە. تۆ دەبێ نێوە کوردییەکانی ئەو شوێنانە بلێیت و بەکار ببەیت و وا لە بەرانبەرە ناکوردەکەشت بکەیت، ئەو وەک تۆ بیلێت، نەک تۆ وەک ئەو. وشەی یۆگورت یا

یۆغورت"Yoghurt"، که له بنەڕەتدا وشەیەکی تورکییه و به واتای: ماست، دێت، له زمانه ئەوروپاییەکاندا، لەبەر ئەوەی ئەوروپا، ماستی له تورکەوه وەرگرتووه و لەوانەوه فێری بووه، بۆیه هەر بەو شێوه تورکییەی بەکاری دەبەن، سوێدییەک و ئینگلیزێکیش هەر دەڵێن: یۆگورت. وشەی: کەباب، که له تورکیدا پێی دەڵێن: کێباب و به "Kebab"ی دەنووسن و له عەرەبییشدا پێی دەڵێن: کەباب"کباب"، لەبەر ئەوەی سوێدییەکان، کەباب له تورکەوه فێر بوون و لەوانەوه وشەکەیان گەیشتووەتێ، هیچ سوێدییەک، وشەکه وەک عەرەب بەکار نابات، بەڵکه وەک تورک دەیڵێن و بەکاری دەبەن. ئێستا وشەگەلی"پێشمەرگه" و "جاش"، بوونەته وشەگەلێک، که تا ڕادەیەک له هەموو جیهاندا دەناسرێنەوه و دەزانرێن، تۆ به هەر زمانێکی دیکەی ناکوردی ئەم جیهانه بئاخڤیت، نابێت، بڵێیت، سەربازی کورد و بەکرێگیراوی کورد و ئەو جۆره وشانەی مانەندی ئەوان. با وشەگەلی، پێشمەرگه و جاش، ببنه وشەگەلێکی نێونەتەوەیی و بنێونەتەوەیەنرێن و بجیهانێنرێن، ئەو کارەش به تۆی کورد و کوردیزمانان دەکرێت. ئۆردووگای "سموود"ی دەشتی شاکەل، که نێوەکەی به فەرمیی کراوه به ڕزگاری و سموودەکەش نێوێکی بەعسییانەیه، هیچ یەکێک لەو دەڤەره، ناڵێ ڕزگاری و هەر به سموود نێوی دەبەن. نێوی زۆرینەی فرۆشگه و کلینیکی دوکتۆر و دەرمانخانه و هوتێل و ڕیستۆرانگ و کارگه و کارگێڕییەکان، ئەگەر به کوردییش نووسرابن، له تەنیشتیانەوه، به عەرەبییش نووسراون. هەندێ جار هەر تەنێ به عەرەبی نووسراون. ناوی پارێزەر و دوکتۆر و هی دیکه، هەر به عەرەبی و ئیملای عەرەبی دەنووسرێن. له عەنکاوه، بۆ دەرمانیش بگەڕێیت، نێوێکی کوردی و نووسینێکی کوردی و تابلۆیەکی کوردی، له سەر دەرگای فرۆشگه و...دا نابینیت، هەر دەڵێی له وڵاتێکی عەرەبیدایت و وەک ئەوه وایه، عەنکاوه بەشێک بێت له کووەیت، یا لیبیا، یا هەر وڵاتێکی دیکەی عەرەبی و هەرگیز وانازانیت، عەنکاوه بەشێکه له کوردستان. بێجگه له ناوبردنی شوێنه کوردییەکان، به شێوەیەکی عەرەبی و...له هیچ شوێنێک مرۆڤ گوێی له مووزیکێکی کوردی نابێت. تۆ که سواری تاکسی دەبیت، دەبینیت کابرای شۆفێر کاسێتێکی، له گۆرانییه عەرەبییه هەرەناخۆش و ناساز و تڵپەتڵپەکانی خستووەته سەر و گوێی دەداتێ، بێ ئەوەی بیر لەوه بکاتەوه، که ئەو نەفەری هەڵگرتووه و ڕەنگه، بەو گۆرانییه پەست بێت و پێی ناخۆش بێت. کاکی شۆفێر، گۆرانی بۆ خۆی لێدەدات. له چەند دانەیەکم پرسی، ئایا شتێک لەو گۆرانییه تێدەگەن، بڕوا بکه دەیانگوت: "نەخێر، بەڵام حەزمان لێیه". هەندەکیان حەزەکەیان لەوەوه هاتبوو، که له کاتیی سەربازی و له خوارووی عیراق، تێکەڵاوییان لەگەڵ عەرەبدا بووه و ئێستا باری نۆستالژیاکەیان زیندوو بووەتەوه و سەری هەڵداوەتەوه. که دەمگوت:"کاکه تۆ دەتوانیت له ماڵەوه، گوێ له مووزیکی هەرچی خودا حەزی پێناکات بگریت، لێ که تۆ تاکسی داژۆی، دەبێ ڕێزێک بۆ نەفەرەکانت دانێیت و له خۆڕا، ئەو مووزیکه ناخۆشەیان به مێشکدا نەکەیت"، کەچی هەر دەتگوت گوێزیان بۆ دەژمێریت. شۆفێرێکی نیوان کەلار و کفری، که مووزیکێکی عەرەبی هێنده ناحەزی خستبووه سەر و دەسبەجێ پێی تێکچووم، که گوتم ئەوه بۆ لانابەیت کاکه، هێنده گرتی و کەللەیی بوو و گوتی، که حەزی له عەرەبه و کورد چی هەیه و دەستگیرانەکەی عەرەبه و نازانم کێی عەرەبه، هەموو ئەو قسانەیشی تەنێ، بۆ پەستکردنی من بوو، دەنا درۆی دەکرد. وەنەبێ ئەو بەزمه تەنێ، له کن شۆفێرانی تاکسی وەدی بکرێت، بەڵکه له نێو چایخانه و هوتێل و فرۆشگه و ڕیستۆرانگەکانیشدا، ئەو دیاردەیه هەیه. تۆ له هیچ شوێنێک دەنگی مووزیکێکی کوردی

نایەتە گوێت و وەک بڵێی، لە وڵاتێکی عەرەب، یا تورکدایت. تەلەڤزیۆنەکانی کوردستان، لە بەرنامە عەرەبییەکانیاندا، کە زۆر و بێتامن، سەرباری هەموو شتێک، زۆرجاران، ئەو سترانبێژانەی دەخەنە سەر، کە کاتی خۆی گۆرانییان بە باڵای سەددام حوسەین و ڕێژیمدا چڕیوە، بۆ نموونە کازم ئەسساهیر(كاظم الساهر). تەلەڤزیۆنەکانی کوردستان، هەرجارەی، کە هەواڵێک لەبارەی عیراق، ئێران، سووریا و تورکیاوە پەخش دەکەنەوە، نەخشەی ئەو وڵاتانە و ئاڵاکەیشیان دەخەنە سەر تەلەڤزیۆنەکە، بۆ ئەوەی بینەر باشتر لە هەواڵەکە تێبگات و بشزانێت ئەو وڵاتانە لە کوێن و چۆنن و ئاڵاکەیان چۆنە، ئەمە ڕێک، وەک ڕێکلامێک وایە، بۆ ئەو وڵاتانە. بەرپرسانی ئەو تەلەڤزیۆنانە، ڕێک دەزانن و بڕوایشیان بەوە هەیە، کە هەر وڵاتێک لەوانە، بەشێکی کوردستانی داگیر کردووە و ئەو نەخشەیەیشی، کە ئەوان بە نێوی ئێران و تورکیا و عیراق و سووریاوە، پێشانی دەدەن، بەشێکی کوردستانە. دەبوو لە بری ئەو کارەیان، نەخشەی ئەو وڵاتەی باسی دەکەن(عیراق، سووریا، ئێران، تورکیا)، بێ کوردستانەکەی پێشان بدەن، واتە: کوردستانەکەی لێ بقرتێنن، یا کە نەخشەکە دادەنێن، هەر لەنێویدا سنووری بەشە کوردستانەکەیشی دیاری بکەن و لە سەری بنووسن: کوردستان. مەبەستێکی دیکە، کە من بەلامەوە گرنگە باسی لێوە بکرێت و ڕەچاو بکرێت، ئەوەیە لە میدیا و نووسین و قسە و باسدا، کە باسی بەشەکانی کوردستان دەکرێت، یا باسی کوردی ئەو بەشانە دەکرێت، هەوڵبدرێت و بە هەموو توانستێک، بە هیچ شێوەیەک نەگوترێ و نەنووسرێ: کوردستانی ئێران، کوردستانی تورکیا، کوردستانی سووریا و کوردستانی عیراق و کوردی تورکیا، کوردی ئێران، کوردی سووریا و کوردی عیراق، وەک ئەوەی ئێستا زۆرجاران دەیانبیسین و دەیانخوێنینەوە و دەیانبینین، بەڵکە بگوترێ و بنووسرێ: باکوور و باشوور و ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کوردی باکوور و باشوور و ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بە بەکاربردنی ئەو دەستەواژانە، بە شێوە و فۆرمە کوردستانییەکەی و جەختکردن، لە سەر لایەنە کوردستانییەکەی و هەمیشە پێشاندانی کوردستان، وەک یەکەیەکی جوگرافیایی و یەکەیەکی نەتەوەیی، کارێکی وا ئەرێنییانە دەکاتە سەر بیسەر و خوێنەر و بینەری کورد، کە هەست بە بوونی خۆی بکات و دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوەیی و پێگەیاندن و بارهێنان و فێرکردن و ڕاهێنانی خەڵکی کورد، بەو وشانە و ئاساییبوونی ئەو وشانە و لەبیربردنەوە و سڕینەوەی هەستە عیراقی و تورکیایی و ئێرانی و سووریاییە باوەکە، کە هەمیشە هەستی پلە دوویی و سێیی و ئەولاتریشی بە کورد گەیاندووە و هەمیشە بۆ کورد نیشانەی سووکاتیپێکردن و نزمتەماشاکردن بووە. بەو کارەشت تۆ پەیامێک بۆ عیراق و عیراقییان و ئێران و ئێرانییان و سووریا سوورییاییان و تورکیا و تورکیاییان دەنێریت و دەگەیەنیت، کە تۆ کوردیت و خاکەکەشت کوردستانە و تۆ نە عەرەب و نە فارس و نە تورکیت و نە تورکیایی و نەعیراقی و نە ئێرانی و نە سووریاییشیت. من پێموایە تەواوی ئەو دیاردانە و خۆگێلکردن لێیان، لە خزمەتی پرۆسە و پرۆژەی عەرەباندن و تورکاندن و فارساندندان. ئەوە خۆعەرەباندنە. خۆتورکاندنە. عەرەباندنێکە، تورکاندنێکە، خەڵک بە دەستی خۆی ئەنجامی دەدات. عەرەباندنێکە، تورکاندنێکە، بەرپرسان و دەسەڵاتدارانی کورد، تێیدا بەشدارن و بەرپرسن لێی. لە ڕووی جل و بەرگ و پۆشاکیشەوە، زۆر بە دەگمەن، خەڵکی کورد دەبینیت، بەرگی کوردییان لەبەردا بێت، بەتایبەت لە نێو نەوەی نوێ و لاواندا. جلی کوردی، وەک فۆلکلۆری لێ هاتووە و هەر کوو کاسێتەکانی حەسەن زیرەک و کاویس ئاغا و عەلی

مەردان، ئەورۆ لە سەر ڕەف و لە نێو دۆڵاباندا دادەنرێن و تۆزیان لە سەر دەنیشێت، جلی کوردییش هەروەها لە نێو بوخچە و باوەڵاندا هەڵدەگیری و دەپێچرێتەوە و ڕەنگە پاش ماوەیەک مۆر و خۆرەی تێدات و بیپوتورکێنێت.

*****

پاش دابڕانێکی بیستوچوار ساڵیی، کەرکووکم بینییەوە. کە کەرکووکم جێهێشت، ڕێژیمی بەعس، دەسەڵاتداری کەرکووک بوو و کە فێبریوەری 2004 بینیمەوە، ڕێژیمێکی دیکە فەرمانڕەوا بوو. بەشێکی گەڕەکەکانی کەرکووک و شەقامەکانی گەڕام و دەمەویست گۆڕان ببینم و دەمەویست هەست بەوە بکەم، کە کەرکووک چارشێوە بەتۆبزی لەسەرکراو و سەپێنراوە عەرەبییەکەی، فڕێ داوە و گەڕاوەتەوە نێو، پۆشاکە کوردییەکەی جارانی، کەچی وام نەدەهاتە بەرچاو. ڕێگەی بەغدا، عەرەسە، ساحەی تەیەران، گاورباغی، ئیمام عەبباس، ئێششەک مەیدانی، بازاڕی قۆریە، ئەحمەدئاغا، حەمام عەلی بەگ، شاترلوو، تێکساس، تەپپەی مەلا عەبدوڵڵا، مەرکەزعام، مەحاکیم، جادەی جەمهووری، جادەی ئەتلەس، جادەی ئیستیقلال، سینەما ئەتلەس، سینەما حەمرا، سینەما سەلاحەددین، چایخانەی مەجیدییە، ئیمام قاسم، جووت قەحوە، یەددی قزلەر، نەقشلی مینارە، قەڵا و تەنانەت مەل و باڵندەفرۆشەکانی بن قەڵا، چەمی خاسە، هەردوو پردە کۆنەکانی جاران و...ئەمانەم هەموو دایە ژێرپێوە، وەدووی ناسنامە کوردستانییەکەی کەرکووکدا دەگەڕام، کەچی شاراوەبووە و هێشتاکە لێی زەوت کرابوو و وێی نەدرابووەوە. چوومەوە نێو کارکەرانی بەردەم ئەحمەدئاغا، کەچی ئەوانەی جاران نەبوون. ئەوانەی جاران، بێکارانی شۆرجە و ئیسکان و ئازادی و ئیمام قاسم و ڕەحیماوا و حەسیرەکە و...بوون هەموو بە کوردی و تاکە تاکەیەکیش بە تورکمانیی قسەیان دەکرد. ئێستاکە ئەو کرێکارانە ناناسرێنەوە و زۆریان بە عەرەبی قسان دەکەن. ئەوانەی جاران، حەمە، خولە، عەلە، حوسە، عەبە، بلە، قالە و...بوون، لێ ئێستاکە ئەو ناوانە نەماون و هەموو ئەبوو فلان و ئمحەممەد و عودەی و باسیل و ڕەعد و غەسسان و قوسەیین. مەزادخانەکەی جاران، کە هەرچی کەونە شتی دنیایە تێیدا دەفرۆشرا و ئەوانەی جاران هاواریان دەکرد و دەیانقیڕاند هەموو کورد بوون، ئێستاکە عەگاڵبەسەر و عەرەبیزمانی پڕە و هەر دەڵێی شوێنێکە، لە دیوانییە و بەسرەی عیراق. کەرکووک پیر بووە، شەکەت بووە و ڕەتێنراوە و ڕاونراوە و تۆقێنراوە و داپڵۆسێنراوە. کەرکووک، کارێکی پێ کراوە و بەزمێکی بە سەردا هاتووە، کافر بە حاڵی نەبێت. کەرکووک، شارێکە ماندووە و قورسایی چل ساڵی عەرەباندنی بە سەرەوەیە. هەرچەندە کەرکووک تووشی هەناسەبڕکێ هاتووە و تەماوی و تۆزاوی و ڕەنگ هەڵبزڕکاو دێتە بەرچاو و خەڵکەکەی شەکەتن و ئەو هەموو بەزمە، بەسەر خۆیان و شارەکەیاندا هاتووە، لێ هێشتا لای من، کەرکووک وەک شۆخەژنێک، شۆڕەژنێک، کە هەرچەندە دەچێتە نێو تەمەنیشەوە، شوێنەواری جوانی و شۆخیی خۆی هەر دەمێنێتەوە، وا بوو، ڕەنگە ئەوەش تەنێ نۆستالژیا و حەزەکانی ناوەوەم بن، کە پێمخۆشبوو، کەرکووک وەک شۆخەکەی جاران ببینمەوە. حوکوومەتی بەعس، لە گەڕەکە کوردییەکاندا، ئەوەی وێران کراوە و وێران بووە، بە وێرانەیی جێیهێشتووە و ڕێگەی ئاوەدانکردنەوەی نەداوە. هەندێک شوێن، کە من بۆ دواجار ساڵی 1980 دیتبووم، هیچ جۆرە گۆڕانێکی بەرەوپێش و چاکسازییەکی بە سەردا نەهاتووە، بەڵکە ڕووخاوە و بۆ دواوە

گەڕاوەتەوە، یا هەر لە جێگەی خۆیدا ماوەتەوە. ئەگەر هیچ یەکێک لەو دووانە نەبێت، ئەوا هەرگیز پێشیش نەکەوتووە. بەعس، تەنێ گەڕەکە عەرەبەکانی، ئەوانەی خۆی دوومەڵئاسا، لە نێو دڵی کەرکووکدا قوتی کردنەوە، پێشخستووە و کاری تەنێ بۆ ئەوان و بۆ مۆڵگە و بنکە لەشکرییەکانی خۆی کردووە. بەعس پەرەی بە دروستکردن و ڕازاندنەوەی ماڵە ئەفسەر و لەشکری و کارگێڕیی ئاساییش و چەکخانە و شوێنە حوکوومەتییەکان داوە. بەعس، تەنێ نەوتەکەی کەرکووکی مەبەست بووە و ئەوی هەڵلووشیوە و فرۆشتووە و بەرکی خۆی لێ پڕ کردووە و ئیدی کەرکووک بۆ ئەو گرنگ نەبووە. هەندێک گەڕەک و جادە و شوێنە سەدلەسەد کوردییەکانی کەرکووک نەبێت، کە تۆ بۆ خۆت ئەو شوێنانە دەناسیتەوە و ڕەنگە مێژوویشیان بزانیت، ئیدی شوێن و گەڕەکەکانی دیکە، لەوە دەچن، هی باژێڕێکی عەرەب بن. تابلۆی سەر فرۆشگە و دوکان و چایخانە و چێشتخانەکان، ئەوە هیچ، کە بە عەرەبی نووسراون، هەموو ناوی خەستوخۆڵی عەرەبیشن. تۆ کە بە نێو باژێڕدا پیاسە دەکەیت، بەو تابلۆ و ناوانەدا و بەو هەموو عەرەبەی دەیانبینیت، وا دەزانیت، لە شارێکی عەرەبدایت و لە یەکێک لە وڵاتانی عەرەبستاندایت. لێرەولەوێ جارنا ئاڵایەکی کوردستانت بەرچاو دەکەوێت، لێ ئەوەش ئاڵایەکە، پارتییەک، یا ڕێکخستنێکی کوردی، یا فرۆشگەیەک، کە خاوەنەکەی کوردە، هەڵیواسیوە، دەنا بە فەرمیی، کەرکووک بە دەست کوردەوە نییە. هەرچی کارگێڕی و جێگە حوکوومەتییەکانیشە، هەموو ئاڵا بەعسییەکەی عیراقیان بە سەرەوەیە و جارنا ئاڵای لەو جۆرەی هێندە زل و زەلام دەبینیت، ئەگەر لەتوپەت بکرێت، بەشی یەک گەڕەک دەکات. ئاڵای بەعسی عیراق، نەک هەر لە کەرکووک، بەڵکە لە هەموو شوێنەکانی دیکەی، جارانی سەر بە کەرکووک و وەک دیرۆک کەرکووکیش، دەشەکێتەوە. لە تازەخورماتوو و تاووغ و خورماتوو و ئەو دەڤارانەدا، ئەو ئاڵایە دەبینرێت. لە سەر ڕێگەی کەرکووک-بەغدا و لە تاووغ، ئاڵایەکی هێندە گەورەی عیراقی بەعس، لە سەر جادەکە هەڵواسراوە، مرۆڤ نەک هەر پێی پەست دەبێت، بەڵکە بێزیشی لێی دێتەوە. ئاڵا دزێوەکەی بەعسی عیراق، لە تەواوی ناوچەکانی بندەسەڵاتی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانیشدا، بە تەنیشت ئاڵای کوردستانەوە، هەڵکراوە و دەشەکێتەوە و بەرپرسان و کارگێڕانی حوکوومەتەکەی سلێمانییش، هەرگیز پێیان ناخۆش نییە و پێشیان شەرم نییە. هەر لە یەکەم ڕۆژەوە، کە ڕێژیمی بەعس لە کەرکووکدا نەما و جەلال تاڵەبانی، خۆی گەیاندێ، ئەو پیاوە، بە دەستی خۆی، دەسەڵاتی شاری کەرکووکی، لە نێوان 24 کەسدا، دابەش کرد و 6 دانە لەو 24 کەسە کورد بوون. ئەو پیاوە، خۆی بە دەستی خۆی، کوردی لە کەرکووکدا، کردە چواریەک و کەمینە. تەنانەت کلدان و ئاشوورییەکانی عەرەفە، کە لەوەتی کەرکووک هەبووە، چەند ماڵێک بوون و لەگەڵ کۆمپانیای نەوتدا، هاتوونەتە کەرکووک، ئەوانیشی خستە ڕیزی کوردەوە. تەنانەت عەرەبی عەرەباندن و داگیرکەریشی خستە ڕیزی کوردەوە و چوونیەک حیسابیان بۆ کرا. ئەوەی جەلال تاڵەبانی لە کەرکووک کردی، گوڕ و تین و وزەدانێک بوو، بە سیاسەتی سڕینەوەی کوردستانیبوونی کەرکووک و درێژەپێدانێکی عەرەباندن بوو. ئەو عەرەبانەی، ماوەی چل ساڵانە، کوردی کەرکووک وەدەردەنێن و عەرد و خانوو و کۆڵان و کار و هەموو شتێکی کوردی کەرکووک داگیر دەکەن و دەسەڵات بە سەر کورد و کەرکووکدا دەسەپێنن و هەموو سیمایەکی کوردیی و کوردستانیی کەرکووک دەسڕنەوە و کەرکووکیان لێ پڕ دەکرێت، هێشتا هەر ماون و لە شوێنی خۆیانن و کەرکووکیان جێنەهێشتووە. ئەگەر 10%ی عەرەبی

هاورده و عەرەباندن، کەرکووکیان، بە شاری کەرکووک و شارۆچکە و ئاواییەکانی دەوروبەریشییەوە، جێهێشتبێت، ئەوا هێشتا 90%یان ماونەوە و نەڕۆیشتوون. ڕێژیمی بەعس، بە چواردەوری کەرکووکدا، دەیان گەڕەکی گەورەگەورەی دروست کردووە و پڕی لە عەرەب کردوون. ئەو گەڕەکانە هەر ماون و نێوەکانیشیان، هەر وەک خۆیان ماون. ئێستاش ئەلوەحدە(الوحده)، ئەلحوڕییە (الحریە)، ئەلئیشتیراکییە (الاشتراکیە)، ئەلغافیقی(الغافقی)، ئەلجاحیز (الجاحظ)، ئەلعورووبە(العروبە)، ئەلغەرناتە (الغرناطە)، ئەلواسیتی (الواسطی)، ئەلبەعس(البعث)، ئەلموسەننا (المثنی)، ئەلئەندەلوس (الاندلس)، ئەلحەججاج(الحجاج)، قوتەیبە (قتیبە)، ئەششورتە (الشرطە)، دوورلئەمن(دورالامن) و...دەیان (ئەل...)ی دیکە هەر ماون. ئەو ناوە عەرەبییە یەکجار خەست و چڕ و تۆخ و پڕڕەنگ و کەسکوینانەی[3]، کە بەعس بۆ ئەو گەڕەکانەی کەرکووکی داناوە، نەک هەر لە باژێرە عەرەبەکانی عیراقیشدا، بەڵکە لە وڵاتە عەرەبییەکانیشدا، بەو خەستییە نابینرێنەوە و عەرەب بۆ خۆیشیان بەتەواوەتیی نایانناسنەوە.

ڕێژیمی بەعس، ئەو گەڕەکانەی، وەک پشتێنەیەکی عەرەبی، بە دەوری شاری کەرکووکدا، دروست کردووە، بۆ تاساندنی کورد و ڕێگەگرتن، لە تێکەڵاوبوون و پێوەند، لە نێوان کەرکووکییان و کوردانی دیکەی کوردستان. ڕێژیمی بەعس، بەو سیاسەتی عەرەباندن و سڕینەوەی شوێنەواری کوردانەی کەرکووکەی، زۆرێک سەرکەوتووە و کاریگەرییەکی تەواوی کردووەتە سەر، سیما کوردییەکی کەرکووک. لە تەواوی ئەو نێوە عەرەبییانەی، بەسەر کەرکووکدا سەپێنرابوون، تەنێ نێوی ئەتتەئمیم(التامیم)، کە نێوی کەرکووکی بۆ گۆڕدرابوو و کرابووە: ئستانی ئەتتەئمیم، گۆڕاوە و کراوەتەوە بە کەرکووک، ئەویش لە سەر هەندێک تابلۆ و شوێنە فەرمی و حوکوومەتییەکان، دەنا ئێستاش زۆرێک لەو فۆرمانەی بەکار دەبرێن بۆ کاری فەرمی و حوکوومەتیی، هەر ئەتتەئمیمەکەیان بە سەرەوەیە و نەگۆڕدراون بۆ کەرکووک. بەعس تەنێ بە گۆڕینی نێوی گەڕەک و دروستکردنی ئۆردووگەی بەو نێوە عەرەبییانەوە لە نێو شاری کەرکووکدا نەوەستابوو، بەڵکە هەر شوێنێکی سەر بە کەرکووکە و پێوەندی بە کەرکووکەوە هەبووە و هەیە، نێوی ئەوانەیشی گۆڕیوە. نێوی (قەرهەنجیر)، کە ناوچەیەکی زۆر نێزیکی کەرکووکە، کرابوو بە: ناحیەی ئەڕڕەبیع (ناحیەالربیع). گوندی (ترکەشکان)، کە سەر بە ناحیەی لەیلانە، کرابوو بە: ئەلقەعقاع(القعقاع). گوندی(سەرکاران)، کە سەر بە ناحیەی دووبزە، کرابووە بنکەی ناحیەکە و نێوەکەیشی گۆڕابوو بۆ: ئەلقودس(القودس). لە نێزیکی ئاوایی(چراغ)، گوندێک بە نێوی : مەیسەلوون (میسلون)، دروست کرابوو. لە نێزیکی ئاوایی (قەرەدەرە)ی ناحیەی دووبز، ئۆردووگەیەکی عەرەبی بە نێوی : ئەڕڕافیدەین (الرافدین)، دروست کرابوو. لە ناحیەی دووبز، گەڕەکێک بە نێوی: ئەتتەئمیم(التامیم)، چێ کرابوو. لە ناحیەی دووبز، گوندێک بە نێوی: حەتتین (حطین)[4] دروست کرابوو. تەواوی ئەو گوند و ئاوایی و ئاوەدانییانە، کە نێوی

---

[3] هەندێک خەڵکی کەرکووک و گەرمیانی، ئەو وشەیە، بۆ شتی زۆر توون و تیژ، دەڵێن، شتگەلێک، کە ئاو لە چاوان دێننە خوارێ، وەک بیبەر و تووتنی زۆر کەسکوین.

[4] "ساڵی 1978 لە کەرکووکەوە بە پاسە چکۆلەکان(مینی بووس)، کە هەژدە نەفەرییان پێ دەگوت، بە ڕێگەی دووبز(دبس)دا، بۆ گوندێکی تازەدروستکراوی ئەو ناوە دەچووم، کە نێوی حەتتین(حطین)یان لێ نابوو. هەموو ماڵە عەرەبی عیراقی بوون و لەوێ نیشتەجێ کرابون و زەویوزاری کوردیان وێ درابوو. من بۆ ماڵێکی دۆست و ناسیاوم دەچووم، کە کورد بوون و لە بەر ئەوەی پیاوی خاوەن ماڵ، بە پیشە سەرباز بوو، لەوێ خانوویان دابوونێ، ئەڵبەت بەو، بە کرێ. لە ڕێگە لە نێو ماشێنەکەدا، کە نەفەرەکانی خڕ عەرەب بوون، لە نێوان هەندێکیاندا، باسی ئەوە دەکرا، کە ئایا نێوی

عەرەبییان بۆ دانرابوو و لێرەدا نێویانم هێناوە، ئۆردووگەی نێشتەجیکردنی عەرەب بوون و هەن. ئەوانە هەموو:موستەوتەنات (مستوطنات)ن. عەرەبی هەموو جیهان، بە عەرەبی عیراق و عەرەبە داگیرکەرەکانی کەرکووکیشەوە، کە باسی ئیسرائیل و سیاسەتی زایۆنیزم دەکەن، یەکێک لە رەخنە هەرە توند و تیژەکانیان بەرانبەر ئیسرائیل و زایۆنیزم ئەوەیە، کە لە سەر خاکی فلستین، ئاوەدانیی داگیرکراو یا نیشتمانی داگیرکراو و چێنراو یا ئۆردووگە(مستوطنات)یان دروست کردووە، لێ هەرگیز بە لای ئەوەدا ناچن، کە تەواوی ئەوەی خۆیان لە کەرکووک بەرانبەر کورد کردوویانە، گەلێک لە سیاسەتی ئیسرائیل و زایۆنیزم دڕندانەتر و نامرۆڤانەتر بووە. عەرەبی هاوردەی کەرکووک، هەر بە دروستکردنی گەڕەک و گوند و ئاوەدانییەوە، لە سەر خاکی کوردستان و بە تایبەتیش کەرکووک، نەوەستان، بەڵکە خاک و ماڵ و خانوو و عەردی کوردەکەیان داگیر کرد و وەدەریان نان و بۆ خۆیان چوونە سەر حازریی و بوونە خاوەن ماڵ[5]. ئەگەر ئیسرائیل جوولەکەیە و عەرەب موسوڵمانن و لە نێوانیاندا، وەک دوو ئایین، ڕەنگە کێشەیەک، یا شتێکی لەو جۆرە هەبێت، خۆ کوردیش وەک عەرەب موسوڵمانە و سەر بە هەمان ئایینیشە، کە عەرەب بڕوای پێیەتی. ئەگەر جیاوازییەک لە نێوان عەرەبی کەرکووک و سیاسەت و کردەوەیان بەرانبەر کورد و کەرکووک و کوردستان و جوولەکەی ئیسرائیل و سیاسەت و کردەوەیان بەرانبەر فلستینی و فلستین و سپیپێستانی ئەوروپایی لە خوارووی ئەفریقا و سیاسەت و کردەوەیان بەرانبەر ڕەشپێستانی ئەوێ و سپیپێستانی ئەوروپایی لە ئەمەریکای سەروو و ئەمەریکای خواروو و سیاسەت و کردەوەیان بەرانبەر ڕەشپێستان و ئیندیانانی ئەو

---

حەتتین(حطین) لە چییەوە هاتووە! یەکێکیان، کە بێگومان عاقڵەکەیان بوو، گوتی:"کاتی خۆی لێرە و ئا لەم شوێنەدا، جەنگی حەتتین(حطین)، ڕووی داوە. ئیدی لەبەر ئەوە وا ناو نراوە..". مەبەستی کابرا لە جەنگی حەتتین(حطین)، ئەو جەنگە بوو، کە سالّی583ی کۆچی/1187ی زایینی، لە نێوان سەلاحوددینی ئەییووبی(ڵلاح الدین الایوبی) و عیسایییەکاندا، لە فلستین ڕووی داوە. ئەوە خەڵکە ژیر و پیر و دنیادیدەکانیان بوون، کە وایان دەگوت، ئەوجا وەرە دیاری منداڵێک، کە لەوێ لەدایک دەبێت، دایکم گوتەنی:"سەر کەر بەردەن نۆرەی سەیفوڵلایە"، ئەوا کەرکووک و قەرەدەرە و شێروانە و شارەزوور و قەراج و تەنانەت خۆشناوەتی و باڵەکیان و شارباژێڕ و ئامێدی و ئاوێسەریش، پاش ماوەیەکی دیکە، بۆی دەبێتە پاشناو و وەک بابەڵبابی لەوێ بووبن، وا باسی خۆی دەکات. کەرکووک و خانەقین و شەنگار و شوێنەکانی دیکەش، کە داگیردەکرێن، بە دەردی مووسڵ دەچن و مەگەر هەر بڵێین، بە خودای کاتی خۆی، کەرکووک کوردستان بوو!". ئەو بڕگەیە بەشێکە لەو پێشەکییەی، کە بۆ وەرگێڕانی کتێبی"کورد گەلێکی بێ وڵات"ی نووسەری سوێدی "ڕوینە لۆمبۆرن"م، نووسیوە، کە بۆ خۆم کردوومە بە کوردی و بە باشم زانی تەنێ وەک وەیادهێنانەوەیەک ئاماژەی پێ بکەم. بنۆڕە: لۆمبۆرن، ڕوینە، کورد گەلێکی بێ وڵات، وەرگێڕانی لە سوێدییەوە بۆ کوردی: ئەمجەد شاکەلی، چاپی یەکەم، ستۆکهۆڵم 1994، ل14-15.

[5] ساڵی 1975، کە لە کارگێڕیی ئاماری کەرکووک کارم دەکرد، زۆرجاران دەچووینە، ئەو گوند و ناوچانەی دەوروبەری کەرکووک و من بۆ خۆم بە چاوی خۆم، پرۆسێسی عەرەباندنم دەدیت. هەموو جارێکیش، کە دەهاتمەوە جێگەی کارەکەم لە ئیمام قاسم، کە هاوکارەکانم(کورد و عەرەب و تورکمان بوون) لێیان دەپرسیم، ئەوڕۆ لە کوێ بووی، دەمگوت:"چوومە فلانە موستەوتەنە(مستوطنە)". ئیدی هەموو بێدەنگ دەبوون. یەکێک لەو موستەوتەنانەی، کە زۆر جاران دەچووینێ، گوندی "قەرەدەرە" بوو، لە سەر ڕێگەی کەرکووک-دووبز. گوندەکە، کوردبژار کرابوو و تەنێ یەک ماڵی تێدا مابووە و منیش هەر جارەی دەچوومێ، سەردانی ئەو ماڵەم دەکرد. ماڵی کاک "غێدە" بوو. کاک غێدە، زەلامێکی بە قلافات و بەخۆوە بوو. لاقێکی لە ئەژنۆیەوە بڕابووە و بە دارشەق دەڕۆیشت. تەواوی زەویی کشتوکاڵیی گوندەکەیان، عەرەب داگیری کردبوو و عەرەب وەک دوومەڵ، بەر لووتیانی گرتبوو. ئەو پیاوە قارەمانێک بوو بۆ خۆی. هێندە ورەی بەرز بوو، کە بەڕاستی مایەی دڵخۆشی و شانازی بوو. هەموو جارێک دەیگوت:"بە خودای بەو تاکە لاقەمەوە و بە تفەنگەکەمەوە، بۆیان دادەنیشم و دەستیان لێ ناپارێزم، ئەوجا یا دەمکوژن و بەسەر لاشەکەمدا دێنە نێو ماڵەکەمەوە و لەو ئاواییە وەدەرم دەنێن، یا منیش دەیانتۆپێنم و تا دوافیشەکم وازیان لێ ناهێنم". ئەو پیاوە، یادی بەخێر(نازانم ماوە یانە)، نموونەی خۆڕاگری و جوامێری بوو و هی ئەوەیە لە بەردەم قەرەدەرەدا، پەیکەرێکی بۆ بکرێت. .

وڵاتانە و سپیپێستانی ئەوروپایی و سیاسەت و کردەوەیان بەرانبەر ئەبوریجینەکانی ئەوسترالیا و ماورییەکانی نیوزیلاندا و فرانسییەکان و سیاسەت و کردەوەیان بەرانبەر ئەلجەزائیرییەکان، هەبێت، ئەوا سیاسەت و ڕەوتار و هەڵوێست و کردەوەی عەرەبی کەرکووک، بەرانبەر بە کورد، گەلێک لە سیاسەت و ڕەوتار و هەڵوێست و کردەوەی، ئیسرائیلی و سپیپێستانی ئەوروپایی و فرانسییان، توندوتیژتر و شۆڤینیستانەتر و فاشیستانەتر و دڕندانەتر و مرۆڤکوژانەتر و زەوتکارانەتر و داگیرکەرانەتر و خوێڕییانەتر و بێشەرەفانەتر و...بووە و ئەوان، لەو بوارەدا، هەرگیز بە عەرەب و بەعسدا نەگەیشتوون. عەرەب و بەعس بێجگە لە وەدەرنانی کورد و زەوتکردنی سامان و زەوی و ماڵ و خانوویان، هەر عەرەبێکی دەیانهێنانە کەرکووک، تەواوی ڕەگەزنامە و ناسنامەکەیشیان لەگەڵدا دەگوێزایەوە و دەکران بە خەڵکی کەرکووک و وەک بڵێی ئەوانە هەر بابەڵبابیان لە کەرکووک بوونە[6]. نەک هەر ئەوە، بەڵکە تەنانەت کێلی گۆڕستانەکانی کەرکووکیشیان دەگۆڕی و نێوە کوردییەکانیان، لە سەر دەکڕاندەوە و لادەبرد و کێلی عەرەبی و بە نێوی عەرەبییەوە، لە سەر ئەو گۆڕە کوردییانە دادەنا، بۆ ئەوەی بیسەلمێنن، کە زۆر لەمێژە عەرەب لە کەرکووک دەژین و ئەوەتا گۆڕستانی کۆنیشیان هەیە!. کوا جوولەکە ئەمەی بە عەرەب کردووە؟ ئێستاش ئەو گەڕەکە عەرەبانەی کەرکووک، تۆ وەک کوردێک، بە تەنێ و لە کاتێکی درەنگ و ناوەختدا، ناتوانیت، تێیان بچیت، چونکە مەترسی ئەوە هەس، عەرەبان داتپلۆسن و لەنێوت بەرن. من بۆ خۆم، ئێوارەیەکی درەنگ، لە گەڕەکی ڕەحیماواوە تاکسییەکم ڕاگرت، بۆ ئەوەی بمگەیەنێتە ماڵە خزمێکم، لە گەڕەکی ڕێگەی بەغدا. لەتەک کابرای شۆفێردا، کە کوڕێکی گەنج بوو، قسەم کرد و سواری تاکسییەکەی بووم، ئەو هەر بە سەرلەقاندنەوە قسەی لەگەڵ کردم و دەمی نەکردەوە. من کەوتمە گومانەوە، کە عەرەبە. لە ڕێگە بۆ ئەوەی پتر بێدوێنم و بزانم چییە، گوتم: "دەڵێی جادە زۆر قەرەباڵغە و ئاژۆتن ئاسان نییە". گوتی:"ئا، ئیزدیحام". پاش کەمێکی دیکە گوتم:"بەو قەرەباڵغییە بە چەندی دەگەینە ئەو جێیە؟". گوتی:"وەڵلا ئەگەر وەها ئیزدیحام، ساعە". ئیدی گومانم لە عەرەبایەتیی کابرا نەما و بەینی خۆمان بێت، تا ڕادەیەک و لە بەر ناوەختی و درەنگییش، ترسم لێنیشت و لە دڵی خۆمدا دەمگوت، ئەو کابرایە نەمبا بۆ یەکێک لەو گەڕەکانەی خۆیان و لەوێ حیسابم لەگەڵدا بکات. درەنگانێک گەیشتینە ڕێگەی بەغدا و من وام بیر کردەوە، پێش گەیشتنم بە ماڵە خزمەکەم، لە شیرینی ئەحمەد(حەلەوییات ئەحمەد/حلويات احمد)، کە نێزیکی ماڵیانە، دابەزم و هەندێک شیرینییان، وەک دیاری بۆ بەرم، لێ لەبەر تاریکە و لە ترسی کابرا، هەر خواخوام بوو، بڕێک

---

[6] ڕێژیمی بەعس، هاوکات لەگەڵ گواستنەوەی عەرەبدا بە هەموو شێوەیەک بۆ کەرکووک، بە هەندێک پارە و دەمشیرینکردنیش، هانی خەڵکی ئەو دەڤەرانەی دەدا، کە تەواوی ناو و ناوونیشان و ڕەگەزنامە و ناسنامەیان بگوێزنەوە بۆ دەڤەرەکانی خۆیان گوتەنی"ئۆتۆنۆمی"، واتە: سلێمانی، هەولێر و دهۆک، بۆ ئەوەی پاکتاوکردنی کورد، لە کەرکووک و ناوچەکانی کەرکووک بخاتە چوارچێوەیەکی قانوونییەوە و هەم کوردی تێدا نەهێڵێت و هەم تژی عەرەبیشی بکات. ساڵی 1980 و پێش دەرچوونم لە وڵات، لە هەولێر دەژیام. ماوەیەک سەربازی یەدەک بووم لە دەوروبەری خانەقین. جارێکی بە مۆڵەت گەڕامەوە بۆ هەولێر، کەونە مامۆستایەکی خۆم، کە لە ئامەدەییدا مامۆستام بووبوو و کاتی خۆیشی لە سیاسەتی کوردییدا کارا بوو، بە سوعادی خێزانمی گوتبوو:"ئەگەر ئەمجەد هاتەوە، پێی بڵێ با ناو و ڕەگەزنامە و ناسنامەی خۆی لە کفرییەوە بگوێزێتەوە بۆ هەولێر، بۆ ئەوەی پارچە زەوییەک و بڕێک پارەی بدرێتێ". منیش بە سوعادی خێزانم گوت بەو مامۆستایە بڵێ:" ئەمجەد دەڵێ من هەرگیز کاری وا ناکەم، چونکە پێموایە ئێمە لە کفری و کەرکووک، تەنێ ناوەکانمان ماوە و هیچی دیکە، کە ئەویشمان گواستەوە، واتا خۆمان ڕێگەی عەرەباندنی ئەو دەڤەرانەمان خۆش کرد و وەها کارێکیش من بە خیانەتی دەزانم".

زووتر لەو تاکسییە بێمە خوارێ و بگەمە جێی مەبەست. پاشان، کە ماڵەکەمان دیتەوە، دابەزیم و پارەکەییم دایە و ئەو ڕۆیشت و لە زەنگی دەرگاکەم دا و کە خزمان هاتنە دەرێ، باسەکەم بۆ گێڕانەوە و لەگەڵ یەکێک لە کوڕە لاواکانیاندا چووینەوە بۆ شیرینیخانەکە و هەندێک شیرینیمان کڕێ و هاتینەوە ماڵێ. من هەرگیز هیچ شتێکم بەرانبەر هیچ نەتەوە و ئایین و ڕەگەز و ڕەنگ و وڵاتێک نەبووە و نییە، عەرەبیشی لەگەڵ بێت و لە سەر ئەو جیاوازییانەش هەرگیز ڕقم لە هیچ کەسیش نابێتەوە و پێشموایە جیهان بەو جیاوازییانەوە جوان و سروشتییە و ئەو جیاوازییانەشن ژیان دەوڵەمەند و سوودمەند و خۆش دەکەن. ئینتیما و ناسنامانەی مرۆڤ، لە لای من، هەر مرۆڤبوونە بۆ خۆی و چاکە و خراپەی مرۆڤیش بەوە نییە، سەر بە چ نەتەوە و ئایین و ڕەگەز و ڕەنگ و وڵاتێکە، لێ عەرەبی عەرەباندنی کوردستان و بە تایبەت کەرکووک، داردەستی بەعس بوونە و داگیرکەر و وێرانکەری کوردستان بوونە، بۆیە ئەوانە بۆ من، لەگەڵ بەعسی و موخابەرات و ئەمن و ئیستیخباراتانی دیکەدا، چ جیاوازییەکیان نییە. ئەو عەرەبانەی کەرکووک، ئێستاکەش پڕچەک و بەتفاقن و هەموو هێز و چەک و تەقەمەنی و کەرەسەکانی سەردەمی ڕێژیمی پێشوویان بۆ ماوەتەوە و لەبەردەستدایە. ئەو عەرەبانەی کەرکووک، هەموو بەعسی بوونە و ئێستاکەش هەر هەون. یەکێک لەو شۆفێرانەی، کە چەند کەسێک لەگەڵیدا سواری تاکسییەکەی بووبووین و دەمانیبرد بۆ گەراژی هەولێر لە ڕەحیماوا، لە نێزیک پردەکەی لای مەرکەزعامی کۆن، زۆر قەرەباڵغ بوو و ئۆتۆمبیلەکە بە سەختی دەیتوانی بچێتە پێشێ، دوو زارۆکی کچ، کە عەرەب بوون و دەرۆزەیان دەکرد، زووزوو، سەریان بە نێو ئۆتۆمبیلەکەدا دەکرد و داوای پارەیان دەکرد. شۆفێرەکە و یەکێکی دیکەش لە نەفەرەکان، هەندەک پارەیان دانێ. کە بەو برادەرانەم گوت، ئەوە خێر نییە ئێوە دەیکەن و ئەوانەش منداڵی داگیرکەرانی کەرکووکن و ڕەنگە ئەو پارەیەی ئێستا ئێوە دەیاندەنێ، کە تا ئێوارە زۆر خڕ دەکەنەوە، ئەوان ئێوارە بیبەنەوە و بیکەنە مشتی باوکیانەوە و ئەویش دەیداتە فیشەک و پاشان ڕەوشی کەرکووک تێکدەدات و کوردی پێ دەکوژێت. پێیانوابوو ڕاستە، لێ...! لەو گەراژەی کەرکووک، کە ئۆتۆمبیلی لێوە، بۆ کفری و کەلار، دەڕوات، باوکم و من چووین و ویستمان بۆ کەلار بڕۆین. شۆفێرەکە دەسبەجێ گوتی، وەرن و ئەوە سێ نەفەری دیکەشم هەن و بە ئێوەوە دەبنە پێنج و دەڕۆین. لێم پرسی، کە کامە سێ نەفەرەکەی دیکەن. پێشانمیدان و گوتی ئەوانەن. یەکسەر بە سەر و ڕوومەت و شێوە و سیمایاندا دیاربوون، خەڵکی ئەو ناوە نین و عەرەبن. بێجگە لەوەش دەڵقێکی نایلۆنی پڕ لە شت، بە دەستی یەکێکیانەوە بوو. بە کابرای شۆفێرم گوت، ئەوانە عەرەبن، وانییە! گوتی:"بەڵێ". گوتم:"کاکە، پێش هەر شتێک بزانە ئەو دەڵقەیان چی تێدایە و دواییش کێ دەڵێ ئەوانە پیاوخراپ نین و بۆ خراپەکاری نەهاتوون، بۆ ئەم شارە!". گوتی:"جا من چییان لێ بکەم، خۆ من پۆلیس نیم". گوتم:"کاکە، پاراستنی ئاسایش و ئاشتی و ئارامی، تەنێ کاری پۆلیس نییە و کاری هەموو یەکێکە لەم وڵاتە. پاشان تۆ دەبینیت ڕۆژانە چی ڕوودەدات، تۆ دەبێ وریا بیت و هەموو نەفەرێک هەڵنەگریت. بەڕاستی تۆ دەبێ بەگومان بیت، لە هەموو کەسێکی نامۆ و بە تایبەت عەرەب". قسەکانی پێ سەیر بوو. پاشان پێمگوت:"ئەگەر بۆ خۆت نایانپشکنیت، ئەوا لە یەکەم بازگەی پۆلیس ڕاوەستە و پێیان بڵێ، با بیانپشکنن، دەنا ئەگەر وا ناکەیت، ئێمە لەگەڵتدا نایەین". کابرای شۆفێر بەوە قایل بوو و کە گەیشتینە یەکەم بازگە، بە تورکمانی بە پۆلیسەکانی گوت و ئەوانیش هەرسێ نەفەرە عەرەبەکانیان بە وردی پشکنی. کە سواربوون و وەڕێ کەوتین،

شۆفێرەکە، لە ئاوێنەکەی بەردەمییەوە سەیرێکی منی کرد و چاوێکمان لەیەکدی قرپاند، وەک ئەوەی ئەو بڵێ، باش بوو، بە دڵت بوو و منیش بڵێم، بەڵێ باش بوو و گەرەکە هەموودەم وابێت!. بێجگە لەوەی کارگێڕیی شاری کەرکووک بە دەست کوردەوە نییە و کورد لە دەسەڵاتدا کەمینەیە، شارۆچکە و دەڤەرە کوردییەکانی جارانی سەر بە ئوستانی کەرکووکیش، نەگەڕاونەتەوە و نەخراونەتەوە سەر کەرکووک. کفری، خورماتوو، کەلار، چەمچەماڵ، بە هەموو ناوچەکانیانەوە، هێشتا، بەشێکن لە دیالا، تکریت، سلێمانی. قەرەهەنجیر و ناوچەی شوان، کە لە ڕووی کارگێڕییەوە، هەر بۆ خۆیان سەر بە شاری کەرکووکن، هێشتا نەگەڕێنراونەوە. ئێستاش تەواوی ئەو قانوون و بڕیارانەی سەردەمی ڕێژیمی بەعس، کە بۆ سڕینەوەی کوردستانییەتی کەرکووک دانرابوون، هەر ئەوانەن، کە لە کەرکووک پێڕۆ دەکرێن و تاکە یەک دێڕ و یەک وشە و یەک تیپیان لێ نەگۆڕاوە. ئێستاش سیاسەتی عەرەباندنی کەرکووک نەبڕاوەتەوە و بە ویست و ئارەزووی دەسەڵاتدارانی نوێی بەغدا و بە چاولێنووقاندنی سەرانی کورد، بەڕێوە دەچێت و درێژەی پێ دەدرێت. حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کورد و سەرکردەیەتیی سیاسیی کورد، هەر چەندە بۆ خۆیان بە جۆرێکی دیکەی لێکدەدەنەوە، لێ بێ نەخشە و بێ بەرنامە و بێ پرۆگرام، مامەڵەیان لەگەڵ کەرکووک و مووسڵ و دەڤەرە کوردستانییە تازەڕزگاربووەکاندا کرد و دەکەن. ئەو هێزانە لە کەرکووک، کە ماوەی چەند ڕۆژێکیان بە دەستەوە بوو، خەڵک باسی ئەوە دەکات، کە لە لایەن ئەمەریکاییەکانەوە 72 سەعاتیان مۆڵەت، پێدرابوو، بۆ ئەوەی هەرچی بکەن، ئەوان، لە بری وەدەرنانی عەرەبی هاوردە و پاکژکردنەوەی کەرکووک لێیان و چەسپاندنی دەسەڵاتی کورد، وەک دزانرێت، ئەوان سەرگەرمی گواستنەوەی سامان و ئۆتۆمبیل و ماشین و کەرەسە و کاڵای حوکوومەتی بەعس و دزی و ڕاووڕووت و بەزمی دیکە بوون. ئەوان ئەوەندی ئەو کارانەیان بەلاوە گرنگ بوون، نیوهێندەی ئەوە، گێڕانەوەی کەرکووک و مووسڵ و تاووغ و خورماتوویان، بۆ ئامێزی کوردستان، لە کن گرنگ نەبوو. ئەوان(یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و جەلال تاڵەبانی سەرۆکی)، ڕازیکردنی دڵیی تورکیا، لە ڕێگەی بردنەوەی بەرەی تورکمانی و سەنعان قەسسابی سەرۆکی، بۆ کەرکووک، گەلێک بە لایانەوە، لە چەسپاندنی سەروەری کورد، گرنگتر بوو. ئەوان نەڕەنجاندنی دڵی عەرەبی هاوردە و شێخەکانیان، لە چەسپاندنی دەسەڵاتی کورد و سەروەری کورد لە کەرکووک، پێ باشتر بوو. ئەوان بەو 72 سەعاتە، نەک تەنێ کەرکووک، دەیانتوانی بگەنە بەغدایش و هەرجێیەکەی دیکە، بۆ خۆیان بیانەوێت، چونکە خاوەن هێز بوون و لە هەموو عیراقیشدا، تەنێ ئەوان، ئەودەم و ئێستایشی لەگەڵ بێت، خاوەن هێزن. ئاوارەی کوردی کەرکووک، هێشتا تاکەتاکەیەک گەڕاونەوە کەرکووک و بەو پێیە بڕوات، وەک ئێستا دەڕوات، دەیان ساڵی دەوێت، ئەوانە بە تەواویی بگەڕێنەوە. کارمەندی ئاوارەبووی کوردی کەرکووک، کە لە هەولێر و سلێمانی و شارەکانی دیکەن، هێشتا نەگەڕاونەوە کەرکووک و ئەگەر دانەدانەیەکیش گەڕابێتنەوە، ئەوا حوکوومەتی کەرکووک، کە سەر بە بەغدایە، هیچ مووچەیەکیان ناداتێ و ئەوان مووچە لە حوکوومەتەکانی سلێمانی و هەولێرەوە، وەردەگرن، واتە: کارمەندی سەر بە حوکوومەتەکانی هەولێر و سلێمانین و تەنێ ئەوەیە دەچن لە کەرکووک کار دەکەن. تا ئێستاش، یەک کرێکاری کوردی کۆمپانیای نەوتی کەرکووک، نەگەڕاوەتەوە سەر کارەکەی خۆی. هەردوو حیزبە کوردییە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان، کە لە کەرکووکدا، نوێنەر و دەسگا و بارەگایان هەیە، هەمیشە لە هەوڵی

خۆنێزیکخستنەوەدان لە عەرەب و تورکمانی کەرکووک. جەلال تاڵەبانی، هێندەی باسی بەدبەختی و لێقەوماوی و دەربەدەری تورکمانی کەرکووک دەکات و بۆ ئەوان دەگری، هێندە باسی کوردی کەرکووک ناکات. کە تەقینەوەکەی هەولێر ڕوویدا، جەلال تاڵەبانی، لە بێشیر، خەریکی پەتوو بەشینەوە بوو بە سەر تورکمانەکانی ئەوێدا و پاش دوو سێ ڕۆژان، ئەوجا خۆی گەیاندە هەولێر، بۆ بەشداریی پرسەی ئەو شەهیدانە، لێ ئەویش لەتەک شاندە عیراقییەکەی ئەنجومەنی دەسەڵاتی بەغدادا. لە کەرکووک، دوو دەسگای فەرهەنگیی کوردیی هەن، شەفەق و کۆمەڵەی ڕووناکبیریی گەرمیان. هەر یەکەیان کۆمەڵێک ڕۆژنامە و گۆڤار و بلاوکراوە دەردەکات، کە بە دیتنی من، دە ئەوەندەش گۆڤار و ڕۆژنامە و بلاوکراوە، دەردەکانی کەرکووک تیمار ناکەن و گرفتەکانی چارەسەر ناکەن و یەک عەرەبی هاوردە وەدەر نانێن. ئەو دوو دەسگایە، یەکەمیان سەر بە پارتییە و دووەمیان سەر بە یەکیەتییە. ئەو دوو دەسگایە، هاوکارییان و نێزیکایەتییان، لەگەڵ نووسەران و فەرهەنگییانی تورکمان و عەرەب و ئاشووری و کلداندا، کە بەشێکی زۆریشیان، کەونەبەعسی بوونە، زیاترە لەوەی، کە لە نێوان خۆیاندا هەیانبێت، وەک دوو دەسگای فەرهەنگیی کوردی، کە بە قسەی خۆیان، مەبەستیان خزمەتکردنە بە فەرهەنگی کوردی و بە کەرکووک. پرۆژەی دەستووری فیدرالی، کە پارتیی دایناوو و یەکیەتییش پێی قایل بوو، باسی ئەوە دەکات، کە پێتەختی هەریمی کوردستان، کەرکووک دەبێت. سەرکردەیەتیی سیاسیی کورد، نەک هەر کەرکووکیان نەکردە پێتەخت، بەڵکە هەردوو پێتەختەکەی خۆیشیان (هەولێر و سلێمانی)، هێشتا نەکردووەتە یەک. ئەوان دەبوو، لەگەڵ چوونە نێو کەرکووک، دەسبەجێ کارگێڕی و دەسەڵاتی خۆیان بگواستبایەوە کەرکووک و بیناکردبایەتە واقیع(De facto) و ئیدی لە خراپترین حاڵیشدا، وەک کارێکی نیشانەیی دەهاتە ژماردن. ئەوان دەبوو خۆیان بۆ ڕەوشی نوێی کەرکووک ئامادە کردبا و لەوەش تێبگەیشتبان و تێبگەن، کە هەندێک کار و هەندێک بڕیار، دەبێ خێرا بدرێت و هیچ بیرکردنەوە و دوودڵی ناوێت و لە وەها ڕەوشێکدا، فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیا و تیۆری کەڵەگاییستانە و کەڵەگاییزم دەخوات، نەک جۆرەکەی دیکە. هەردوو حوکوومەتی هەولێر و سلێمانی، هێشتاکە کارگێڕیی ئوستانی کەرکووکیان لە کن ماوە. واتە: ئوستانی کەرکووکی، سەر بە، حوکوومەتی هەولێر، لە هەولێر هەیە و ئوستانی کەرکووکی سەر بە حوکوومەتی سلێمانی، لە دەربەندیخان هەیە. هێشتنەوەی ئەو دوو کارگێڕی و ئوستانانە، نیشانەی بڕوانەبوونە بە کەرکووک. حوکوومەتەکانی هەولێر و سلێمانی، پارتیی و یەکیەتیی، وەک دوو حیزب، چوونە نێو کەرکووکەوە و وەک دوو حیزب، نەک وەک سەرکردەیەتییەکی کورد و وەک کورد و وەک سەروەرییەکی کوردستانی، کاریان لەگەڵ کەرکووکدا کرد و دەکەن. ئەوان بەو کارەیان، بناخەی دۆڕان و لەدەستدانی کەرکووک و مووسڵ و دەڤەرە تازە ڕزگاربووەکانی کوردستانیان دانا و زەمینەیان بۆ وەها پێشهاتێک خۆش کرد. سەرکردەیەتیی سیاسیی کورد، بە قایلبوونی بە هەڵگرتنی کێشە و باسی کەرکووک بۆ چەند ساڵێکی تر و بە قایلبوونی بەوەی چارەنووسی کوردستانیبوونی کەرکووک، بخرێتە دەنگدان و ڕاپرسییەوە، گومانی خستە سەر کوردستانیبوونی کەرکووک. کەرکووک هێشتا لە عەرەبی هاوردە و دەهەزاری پاکژ نەبووتەوە و هێشتا کوردانی ئاوارەی خۆی نەگەڕاونەوە و هێشتا شارۆچکە و قەزا و ناحییەکانی جارانی(خورماتوو، کفری، کەلار، چەمچەماڵ، شوان و قەرەهەنجیر)، نەخراونەوە سەری و تا ئەو کارانەش دەکرێن، ئەگەر بکرێن، زۆری گەرەکە و کورد گوتەنی:"کلکی کەر دەگاتە زەوی".

سەرکردەیەتیی سیاسیی کورد، بە قایلبوونی بە هێشتنەوەی باری کوردستان، وەک تا ڕۆژی 2003/3/19، واتە ڕۆژێک پێش جەنگی ئەمەریکای دژی عیراق و پێش ڕزگاربوونی کەرکووک و دەڤەرەکانی دیکەی کوردستانی بندەستی بەعس(شنگال و مووسڵ و شێخان و خورماتوو و خانەقین و مەندەلی و...)، قایلبوون بوو بە سیاسەتی عەرەباندن و بەعساندن و سیاسەتی ڕێژیمی پێشوو و درێژەپێدانی، لە لایەن ڕێژیمی نوێیشەوە. ئەگەر سەرکردەیەتیی سیاسیی کورد، دڵ بەوە خۆشکات، سبەی ڕۆژێ، خەڵکانی ناکوردی کەرکووک، کە ئەوان بە ڕەسەنیان دەزانن، عەرەب و تورکمان و کلدان و ئاشوورییانی ئەو شارە، دەنگیان دەخەنە پاڵ دەنگی کورد و دەیانەوێت کەرکووک بخرێتەوە سەر کوردستان، ئەوا کایەیەکی دۆڕاو دەکەن و حیسابەکانیان هەڵەیە. من بۆ خۆم نەک هەر بێگومانم لەوەی، عەرەب و تورکمان و کلدان و ئاشوورییانی کەرکووک، دەنگ بۆ گێڕانەوەی کەرکووک بۆ کوردستان نادەن، سەدلەسەد دڵنیاشم لەوەی، ئەوان ڕێک بە پێچەوانەی کورد و خواستی کوردەوە، دەنگ بۆ عیراقیەتی کەرکووک دەدەن. سەرانی کورد، دەبوو بیریان لەوە کردباوە، کە مادام کوردستانیبوونی کەرکووک دەبێ بە دەنگدان بسەلمێنرێت، ئەوا هیچ بە دووری نەزانن، سبەی عەنکاوە و بێشیر و تازەخورماتوو و جەلەولا و مەندەلی و سەعدییە و بەدرە و...ش داوای دەنگدانی تێدا بکرێت، بۆ ئەوەی کوردستانییەت و ناکوردستانییەتیان ساغ بکرێتەوە و هەنگین هیچ یەکێک لەو شوێنانە، لەبەر ئەوەی هەرچەندە ڕێژیمیش گۆڕاوە، بەڵام ڕەوشی ئەوێ نەگۆڕاوە و نەگەڕێنراونەوە سەر کوردستان و هێشتا زۆرینەیان کلدان و ئاشووری و عەرەب و تورکمانن، نایانەوێت لەگەڵ کوردستاندا بن و ڕێکوڕەوان دەنگ بۆ عیراقیەتیی ئەو شوێنانە دەدەن. ئەودەم دەبێ چاوەنۆڕی ئەوەش بین، کە ڕەنگە عەنکاوە، ببێتە: کۆماری عەنکاوە و خاوەنی دەوڵەتی خۆی و لە خراپترین باریشدا خاوەنی فیدرالیی خۆی. دیارە ئەو باسە و ئەو پێشبینییە بۆ بێشیر و جەلەولا و مەندەلی و ئەوانەش دەخوات. کەرکووک، زۆر گوناهە، کە ئاوا سازشی لە سەر دەکرێت و دەخرێتە مەزادەوە. سەرانی کورد بۆ خۆیان ئەو کارە دەکەن و هیچ پیرۆزییەکیان بۆ کەرکووک نەهێشتووەتەوە. تۆ بنۆڕە ئەم ڕووداوە: لە جڤینێکی ئەنجومەنی دەسەڵاتی بەغدادا، جەلال تاڵەبانی، باس لە کوردستانیەتیی کەرکووک دەکات و مێژووی کەرکووک لە کۆنەوە تا ئێستا بۆ دانیشتووانی جڤینەکە باس دەکات و سەرچاوەی قسەکانی خۆی پێشان دەدات و باسی قامووسی تورکی و کتێبی عوسمانی و زۆری دیکەش دەکات، کە کوردستانیەتیی کەرکووک دەسەلمێنن و نەخشەیەکی یەکجار زەلامی کۆنیش دەکاتەوە و لە سەر مێزەکەی پەخش دەکاتەوە و کەرکووک و دەڤەرەکانی پێشان دەدات، تا ئێرە زۆر باشە و چاکی دەهێنێ و باشی باس دەکات، لێ لەپڕ دەوەستێ و دەڵێ، بەڵام ئێمە ئێستا باس لە کێشەی کەرکووک ناکەین و کوردستانیبوون و ناکوردستانیەتیی کەرکووک هەڵدەگرین بۆ دوای سەرژمێری و ئامار و دەنگدان. ئەم نەخشەپێشاندان و باسە دوورودرێژەی تاڵەبانی، بووبە بنێشتەخۆشەی سەر زاری میدیاکانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و بەردەوام لێیان دەدایەوە و پێشانیان دەدا و پەخشیان دەکردەوە و تیۆرییان لە سەر و لە بارەوە بۆ ساز دەکرد و دەیان کۆڕ و بەرنامە و دەمەتەقەیان لە سەر ساز کرد و هەموو جیهانیان لێ پڕ کرد. وێنەکەی جەلال تاڵەبانی و نەخشەکەی دەستیشیان، هەمیشە و هەردەم وەک وێنەیەکی زۆر گرنگ و پڕواتا، لە تەلەڤزیۆن و ڕۆژنامە و گۆڤار و تەنانەت سەر دیوار و شوێنەگشتییەکانیشدا، پەخش کردەوە و هەڵواسی. یەک کەس ناپرسێت و ناڵێت، ئاغای

تاڵەبانی، کە بەو هەموو بەڵگە و مەدرەک و نەخشە و قسانە دەیسەلمێنیت، کە کەرکووک کوردستانە، ئیدی بۆ گومانی دەخەیتە سەر و بۆ کێشەکە هەڵدەگریت، بۆ دەنگدان و ئامار و سەرژمێری! کەس ناپرسێت و ناڵێت، ئاغای تاڵەبانی، تۆ دەزانیت، بە دوا ڕستەی قسەکانت، کە کوردستانیبوون و نەبوونی کەرکووکت کردە پرس و خستە ژێر گومانەوە، تۆ هەموو بەڵگە و قسەکانی پێشووی خۆت سڕییەوە. تۆ بەو کارە مافت دایە عەرەب و تورکمان و کلدان و ئاشوورییان، کە ئەوان بڕیاری کوردستانیبوون و نەبوونی کەرکووک بدەن. دەی ئەگەر لە ئامار و سەرژمێری و دەنگدانەکەدا، کە تۆ هێشتا عەرەبەکانت لێ وەدەرنەناوە و کوردەکانت نەگێڕاوەتەوە و قەزا و ناحیە لێدابڕاوەکانیت نەخستووەتەوە سەر و تورکمان و ئاشووری و کلدانیش، هیچ گومانت نەبێت، هەرگیز دەنگ بۆ کوردستانییەتی کەرکووک نادەن، باشە ئەگەر کەرکووکییان، گوتیان کەرکووک عیراقە و لەگەڵ عیراق دەبێت و لەتەک کوردستان نابێت، ئەوجا چ دەڵێیت، ئایا کەرکووک ئەودەمی کوردستان نییە؟ ئەی ئەگەر کەرکووک، کوردستان نییە، چییە؟ ئایا بە ڕای تۆ عەرەبستانە؟ تورکستانە؟ ئاشوورستانە؟ یا هیچستانە؟ ئەی ئەگەر وابوو ئایا دەبێ کورد دەستبەرداری کەرکووک ببێت؟ ئەگەر کورد دوێنێ، دەستبەرداری کووت و زرباتییە و بەدرە و جەسسان و مەندەلی و مووسڵ بووبێت و ئەوڕۆیش دەستبەرداری کەرکووک ببێت، بێگومان سبەینێش دەستبەرداری زۆر شوێنی دیکەی، کە خەڵکی ناکورد بە هی خۆیانی دەزانن، دەبێت. ئەگەر کەرکووک بە خاک کوردستانە، خۆ ئیدی با هیچ کوردیشی تێدا نەبێت، ئەوا هەر کوردستانە. هیچ یەکێک لەو وڵاتەی لەمەڕ خۆمان ئەم پرسیارە لە تاڵەبانی ناکات و هەرگیز تاڵەبانی و گوتار و کردارە، گومانلێکراوەکانی ناخاتە ژێر پرسیارەوە.

*****

دیاردەی مانەوەی عەرەب و جێنەهێشتنی کوردستانیان، بێجگە لە شاری کەرکووک، لە شارۆچکەکانی دەوروبەریشیدا دەبینرێت. لە جەلەولایش، کە سەر بە ئوستانی دیالایە، لەوێش دەبینرێت. جەلەولا، کە جاران، قەرەغان یا قەرەخانیشی پێ دەگوترا، کاتی خۆی لەبەر ئەوەی، جێگەیەکی لەشکریی بوو و نێزیکی خانەقین و سنووری ئێران بووە، هەمووددەم لەشگرکەیەکی گرنگ بووە، بۆ حوکوومەتی بەعس. هەربۆیە، بەعس بەردەوام هەوڵی عەرەباندنی شارۆچکەکە و دەوروبەریشی داوە. بەعس، تەواوی گوندەکانی دەوروبەری جەلەولا و باژێڕی خانەقین و گوندەکانی خانەقین و مەندەلی و بەدرە و جەسسان و زرباتییە و ....ی عەرەباندووە و کوردی لێ وەدەرناوە. کە ڕێژیمی بەعس ڕووخا، شاری خانەقین، کەوتەوە دەستی کورد و دەسەڵاتی کوردی بۆ گەڕایەوە و زۆر بوێرانە، عەرەبی هاوردەی لێ وەدەرنران. لێ عەرەبەکانیش کاری خۆیان زانی و بەشێکی زۆریان خۆیان گەیاندە بەرپرسان و کارگێڕانی دەسەڵاتی کورد و بە کاغەزی بەرپرسە گەورەکانیان، خۆیان کڕییەوە و چۆڵیان نەکرد و بەشێکی زۆریشیان، گواستیانەوە و چوونە جەلەولا. جەلەولا، ئێستاکە جمەی دێت لە عەرەب. عەرەب لە گوندەکانی نێزیکی جەلەولایش ماونەوە و چۆڵیان نەکردووە. ئەوەی، لەو دەڤەرەدا دڵی مرۆڤ خۆش دەکات، پاکژکردنەوەی شاری خانەقینە لە عەرەب. خانەقین، کە یەکێکە لە شارە جوان و خۆشەکانی کوردستان، ساڵانێک بوو، لەژێر چەکمەی بەعس و عەرەباندندا دەیناڵاند. بەوەی ڕزگاری بووە و بەرگە کوردییەکەی وەبەر کردووەتەوە، مرۆڤ کۆڵێک دڵخۆش دەبێت.

*****

که ئەمەریکا بڕیاری جەنگی دژی ڕێژیمی عیراق دا و جەنگ دەستپێکرد و ڕێژیمی بەعس لە گیانەڵا و سەرەمەرگدا بوو، کۆمەڵێک دەستەواژە و دەربڕینی لەشکری و نالەشکری، لە نێو خەڵک و میدیادا بڵاو بووەوە. یەکێک لەو دەستەواژانە، دەستەواژەی (ئەننیران ئەسسەدیقە"النیران الّدیقە")، واتە: ئاگری دۆست، ئاگری هاوڕێ بوو، کە بەو جۆرە تەقە و فیشەک و ئاگرانە دەگوترا، کە بە قسەی لەشکرییان، لە دەست دەردەچوو و بە هەڵە، بەر کەسێکی خۆیان، یا دۆست و هاوپەیمانی خۆیان دەکەوت. ئەو ئاگری دۆستە، کە لە شێوەی بۆمبارانی فڕۆکەی جەنگیی ئەمەریکاییدا خۆی بینییەوە، گیانی نێزیکەی چل کەسێکی، لە هێزی پێشمەرگەی کوردستانی، سەر بە پارتیی، هەڵقرچان و سووتاند و کەسیش نەیبیست ئەمەریکا بە شێوەیەکی فەرمی داوای لێبوردن و بەخشین لە کورد بکات. دەستەواژەیەکی دیکە، کە هەر لەو سەروبەندەدا بڵاو بووەوە، دەستەواژەی (ئەلقووات ئەلموجەوقەلە "القوات المجوقلە")، بوو، واتە: ئەو هێزانەی، بە ئاسماندا دەگوێزرێنەوە، کە بەو هێزانەی ئەمەریکا و هاوپەیمانانی دەگوتران، کە بە خۆ و تانک و چەکە قورسەکانیانەوە، بە فڕۆکە و بە ئاسماندا، لە شوێنێکەوە بو شوێنێکی دیکە، دەگوێزرانەوە. دەستەواژەیەکی دیکە، کە نەک هەر لە بواری لەشکر و جەنگدا بڵاو بووەوە، دەستەواژەی (عولووج"علوج")، واتە: ئاژەڵی دڕندە و کێوی یا کەر، بوو، لە زاری موحەممەد سەعید ئەسسەححاف"محمد سعید الّحاف")ی، وەزیری ڕاگەیاندنی بەعسڕا بڵاو بووەوە. ئەو دەستەواژەیە، ئێستاکە لە کوردستانیشدا بڵاوە و لە زۆر شوێن و جێگە، بەکار دەبرێت. لە کوردستان، بە واتا ئەسسەححافییە عەرەبییەکەی خۆی، بەکاری نابەن و وەک ناوێک بۆ ئەو ئۆتۆمبیلە زل و زەلامانەی، کە لە بەغدا و شارەکانی عیراق و شارەکانی کوردستانی بندەستی عیراق، دزراون و فرۆشراون و کوردستانیان لێ پڕ کراون، بەکاری دەبەن. خەڵک، کە باسی ئەو جۆرە ئۆتۆمبیلە نوێیانە دەکەن، دەڵێن: فلان ئەوندەی عولووج کڕیوە و فلان ئەوەندەی عولووج هەیە و فلان ئەوەندەی عولووج هێناوە و فلان ئەوەندەی عولووج دزیوە. هەزاران شۆخی و نوکتە و قسەی خۆش لەمەڕ ئەو عولووجانەوە دەگێردرێنەوە. بۆ نموونە باسی خەڵکی وا دەکەن، کە چوار دانەی لەو ئۆتۆمبیلە زەلامانە لەماڵدا داناوە و نە دەزانێت باژوا و نە دەزانێت بەکاریان ببات. دەڵێن کابرایەک لەگەڵ کوڕێکیدا، کە بڕێک ئاژۆتنی ئۆتۆمبیل دەزانێت، سواری یەکێک لەو عولووجە هەرەنوێیانە دەبن و بەرەو گوندەکەی خۆیان دەچنەوە. ئۆتۆمبیلەکە هێندە نوێ دەبێ و هەموو بەشەکانی کارکردنی لە سەر نوێترین تەکنیک و شێوە کار دەکەن، لەو جێگەیەی، کە هەوای نێو ئۆتۆمبیلەکە سارد و گەرم دەکات، کابرا نازانێت و دەست دەنێت بە دوگمەی هەوای سارددا و ئیدی نێو ئۆتۆمبیل ساردسارد دەبێت و ڕەقیتە دەکەن و هەر زووزوو باوکەکە، کوڕە شۆفێرەکەی ڕادەگرێت و دادەبەزن و ئاگرێک لەو دەشتەدا دەکەنەوە و خۆ دەدەنە ئاگر و خۆ گەرم دەکەنەوە و پاشان سواری عولووجەکەیان دەبنەوە. تا نێزیکی ماڵ دەبنەوە، دەیان جار دادەبەزن و خۆ دەدەنە ئاگر. پاشان باوکەکە تووڕە دەبێت و بە کوڕەکەی دەڵێت:"لایوە گووە قەوری باوکی خێوی، بەخوا ئەمە ئەچێتە خوێنیمان، ڕۆڵە هەرچی زووە لەکۆڵیکەرۆ و گووی تێکە با نەیشمان کوژێت". ئەو ئۆتۆمبیلە عولووجانە، "ئاڕئاڕ RR" یشیان پێ دەڵێن. ئاڕئاڕ، واتە: ڕاووڕووت، کە دەکاتە ڕووتکردنەوە و جەردەیی. کە نیشانەی دزین و ڕفاندنی ئەو ئۆتۆمبیلانەیە و ڕووتکردنەوەی خاوەنەکانیانە. ئەو جۆرە ئۆتۆمبیلانە، لە هەموو

کوردستاندا هەن. کارگێڕان و بەرپرسانی حیزبی و حوکوومەتی، بەر لە هەر خەڵکێکی دیکە، دەستیان گەیشتووەتە ئەو ئۆتۆمبیلانە و بۆ خۆیان حەڵاڵیان کردووە. لە کەلار و لە نێوان کەلار و شاکەلدا، دوو پێشانگەی ئەو جۆرە ئۆتۆمبیلانەم دیت، کە سەدان ئۆتۆمبیلی نوێی تێدا ڕاگیرابوون و خەڵک سەرگەرمی کڕین و فرۆشتنیان بوون.

*****

لە زۆرینەی شار و گوندەکانی کوردستان، بزاڤێکی خێرا و گورجوگۆڵی بیناسازی و خانوودروستکردن و ئاوەدانکردنەوە، لە ئارادایە. خانوو، ماڵ، فرۆشگە، مزگەوت، جادە، خوێندنگە و...دروست دەکرێن. ئەو کارە وەک بیناکردنەوە و ئاوەدانکردنەوەی وڵات، کارێکە جێی دڵخۆشبوونە. کارێکە، هەزاران کەس دەخاتە بازاڕی کارەوە و ژیان بۆ هەزاران خێزان، دابین دەکات. ئەوڕۆ لە هەموو کونجێکی کوردستاندا، خەڵک تەلەفۆنی دەستیی هەیە و بەکاری دەبات. تەنانەت شوان و گاوانیش هەن، ئەو جۆرە تەلەفۆنانەیان هەن و لە نێو پەزەکانیانەوە، زەنگ بۆ دۆستانیان لێ دەدەن. خەڵک، زۆرینەی خەڵک ئۆتۆمبیلی هەس و بەکاری دەبات. ئەلەکتریک، هەرچەندە زۆر ڕێکوپێک و بەردەوام نییە، لێ تا ڕادەیەک هەموو کون و کەلەبەرێکی کوردستانی گرتووەتەوە. زۆرێک لە ماڵان ڕیکۆردەری سی دی(CD) و سەتالایتیان هەیە. لەو ڕووانەوە گۆڕانێکی لەبەرچاو وەدی دەکرێت. پارەیەکی زۆر لە نێو خەڵک و لە بازاڕدا هەیە. بزاڤێکی بازرگانیی بەهێز لە گۆڕێدایە و هێزی کڕین لە کن خەڵک، بەرزە و توانستیان بە سەر کڕیندا دەشکێت. ئەوانە هەموو وان، لێ ئەوەی من دەیبینم، پەرەسەندن و گەشەکردنێکی تەواوی کەرتی تایبەتە. سەرمایەداری کورد، ئەوڕۆ تەواوی بازاڕ و کارەکانی کۆنترۆڵ کردووە و کەرتی گشتی، بەرەکەی لەژێر پێ دەرکراوە. سەرمایەدارانی کورد، بەوەی، کە لەگەڵ بەرپرسانی حیزبی و کارگێڕانی حوکوومەتیدا، دەبن بە هاوکار و هاوبەش، بەوە دەرفەت و بواری کار و مسۆگەرکردنی قازانج بۆ خۆیان و هاوبەشەکانیان مسۆگەر دەکەن. بەرپرسانیش، کە دێنە سەر حازر و بە مفتی دەچنە نێو کارەکەوە و دەبنە بەشداری قازانج و سەرمایە، ئیدی متەقیان لێوە نایەت و بەرژەوەندی تاکەکی خۆیان دەخەنە سەرووی هەموو میللەت و وڵاتەوە. زۆرێک لەو ئاوەدانکردنەوانەی، بە پێشکەوتن نێونووس دەکرێن، تەنێ بوارگەلێک دەگرنەوە، کاریگەرییەکی ئەوتۆ و لەبەرچاویان، لە پێشخستن و گەشەکردنی جڤاکدا نییە. ئەو بوارانەی تەلەفۆنی دەستی، هوتێل، مزگەوت، ئۆتۆمبیل، بازاڕ و فرۆشگەی مەزن، پێشانگە، فرۆشگەی سی دی و سەتالایت و وردەواڵەی دیکە، تەنێ هەندێک کارئاسانی، لە شێوەی ژیاندا دەکەن، دەنا گۆڕانێکی بنەڕەتی و سەدلەسەد لە چۆنیەتیی ژیانی خەڵک و پێشکەوتنی وڵاتدا ناکەن. ئەو بوارانە، ئێستاش و تا ماوەیەکی درێژتریش، تەنێ خزمەت بە سەرمایەداران خۆیان دەکەن و هەر ئەوانن، دەتوانن سوود لە خێر و بێری ئەو جۆرە شتانە ببینن. ئەو گۆڕانکاریگەلانە گرنگن، کە کاریگەرییان، لە دروستکردن و بیناکردن و سازکردنی ژێرخان(Infrastructure)ی ئابووری کوردستاندا هەبێت. ژێرخانێک، کە ئامراز و کەرەسە و کاڵا و ئامێری، ڕەنێوهێنان و پیشەسازی و کشتوکاڵ و ئاودێری و ڕێگە و بان، پێشخات و لەشساغی و خوێندن و خانوو و خۆراک و هاتوچۆ، بۆ هەموو تاکێکی کۆمەڵ دابین کات و جڤاکی خۆشگوزەران، بۆ خەڵکی کوردستان، لە کوردستاندا بنیات بنێت. ژێرخانێک، کە ببێتە بناخە و بنگە و کۆڵەکەی، دامەزراندن و سازکردنی، هەموو جۆرە ڕێکخستن و پێویستییەکی ژیان. ڕاستە ئەوڕۆ، بازاڕەکانی کوردستان،

هەموو شتێکیان تێدایە و وەچنگ دەکەون، لێ 95% و پتری ئەو شتانەی تێیاندان، شتی هاوردەن و هی کوردستان خۆی نین. ئەورۆ لە کوردستان، تەنانەت بەرهەمی کشتوکاڵییش، لە دەرێی کوردستانەوە دەهێنرێن. مەگەر ئاوی تورکی و مۆبیلەی تورکی و شوکولاتی تورکی و پەتۆی ئێرانی و تەماتەی عیراقی و ئارووی ئوردنی و هەنجیرەوشکەی ئێرانی و گوێزی ئەلبانی و...لەو وڵاتانەوە ناهێنن و نایەنە ژوورێ!. بازاڕی کوردستان، ئەورۆ بەشێکە لە بازەڕەکانی تورکیا و ئێران و بە تایبەتییش تورکیا. ئەوەی لە بازاڕەکانی کوردستاندا دێنە بەرچاو و دەفرۆشرێن و دەکڕدرێن، شتومەک و کاڵاگەلێکی زۆر و بۆرن و هیچ جۆرە گرنگییەک، بە چۆنییەتییان نەدراوە. تورکیا، هەر بە مەبەست، هەرچی شتێکی خۆی هەن، کە لە بازاڕەکانی خۆیشیدا ناڕۆن و سەرف نابن، لە کۆڵی خۆیان دەکاتەوە و دەیاننێرێتە کوردستان. کوردستان بازاڕێکە، پاشەڕۆک و پۆخڵەواتی، هەموو وڵاتانی دەوروبەری تێدا، دەفرۆشرێت و سەرف دەبێت. بازرگان و سەرمایەدارانی کورد، بیر لەو لایەنەی ڕەوشەکە ناکەنەوە و ئەوان، بۆ هەرچی زووتر و هەر جۆرێک هاسانتر وەدەستهێنانی قازانج، ئامادەن بازاڕی کوردستان پڕکەن، لە هەرچی شتی ناپێویستە، لە جۆری ئەو شتگەلەی، کە تەنێ کەمینەیەک لێیان سوودمەند دەبن. بەو کارە، تەنێ بەکاربەر یا سەرفکەر و خەرجکەری شتومەک و کاڵا، لە کوردستان زیاد دەکات و پتر دەبێتە کۆمەڵگەیەکی ئیستیهلاکی بخۆر و هەڵلووش، کە ئەوە بۆ خۆی یەکێکە لە مەبەستە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی سەرمایەداریی جیهانی. سەرهەڵدان و پەیدابوونی ئەو کۆمەڵگە و ئەو جۆرە ئابوورییە، ئەورۆ لە کوردستاندا وەدی دەکرێت و ئەوەش بۆ خۆی، نیشانەی گەشەنەکردنی ئابووری و دواکەوتوویی ژێرخانی ئابووریی کوردستانە. کوردستان پێویستی بە گرنگیدانە بە ژێرخانەکەی، نەک بە بریقوباقی کاتیی و ڕۆژانە. ئەوەی کوردستان پێویستی پێیەتی، نەخشەدانانێکی ئابوورییانەی درێژخایەن و لێزانانەیە، کە بیر لە تەواوی وردەکارییەکانی هەموو پێویستییەکانی دامەزراندنی دەوڵەتێک بکاتەوە و لە بەرچاو بگرێت، واتە: ئامادەکردنی ژێرخانی دەوڵەتی کوردستان.

*****

لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی بەعس و تێکەڵبوونەوەی، ئەو بەشەی کوردستان، کە جاران لە عیراق دابڕابوو بە عیراقەوە، لە کوردستان و لە هەموو کۆڕ و کۆمەڵێکدا، باس باسی پارەیە. ئێستا خەڵک بیر لەوە دەکاتەوە، چۆن و بە چ شێوەیەک پارە پەیدا کەن و چ ڕێگەیەک بگرنە بەر بۆ هەرچی زووتر دەوڵەمەندبوونە. ئیدی ڕەوایەتی و ناڕەوایەتی و چەوتی و ڕاستی، ئەو ڕێگەیانە زۆرجاران، گرنگ نین و گرنگ گەیشتنە بە مەبەست. وا پێدەچێت، ئەو جۆرە دیتن و بیرکردنەوەیەش، لە لایەن سەرکردەیەتیی سیاسیی کوردیشەوە، برەوی پێ بدرێت و دنە بدرێت. ئەمەریکایش، کە خاوەنی دەسەڵاتی ڕاستەقینەیە لە عیراقدا(کوردستانیش بە قایلبوونی سەرانی کورد و خواستی ئەمەریکاییەکان، بووەتەوە بەشێک لە عیراق)، ئەویش لایەنگری دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی مشەخۆرە. ئەویش پشتیوانیی دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی دەرۆزەکەر و گۆج و لاواز و بێ دەسەڵات و بێ توانست و بێ بڕیارە. مەبەستی سەرەکی ئەمەریکا، لە تەواوی کایەکاندا، دابینکردن و وەدیهێنانی بەرژەوەندەکانی خۆیەتی و هیچی دیکە. تەواوی قەوانە سواوەکانی مافی مرۆڤ و ئازادی گەلان و ئازادی ڕادەربڕین و...کە ئەمەریکاییەکان لە کوردستان و ڕۆهەڵاتدا دەیفرۆشنەوە، لە درۆیەکی گەلێک زەلام و چاوبەستن و چەواشەکردنی خەڵک زیاتر شتێکی دیکە

نييه. ئەورۆ لە كوردستان، باس باسی دۆلارە و باسی گەڵایە وهەرچی تۆ بیری لێ دەکەیتەوە و بە خەیاڵتدا دێت، لەوێ بە پارە دەیژمێرن. پارە بووەتە پێوەری هەموو شتێک و ئەوەی پارەی نەبێت و بەرکی بەتاڵ بێت، کەس لای لێ ناکاتەوە و گوێ لە قسەی ناگرێت. باس باسی خانووکڕین و ئۆتۆمبیلکڕین و زەویکڕین و هەموو شت کڕینە. باس باسی خانەنشینی و پارە وەرگرتنە، بە هەر شێوەیەک بێت. باس باسی زەوی وەرگرتنە. ئێستا، پارەی شەهیدانە، ئەنفالانە، بێوەژنانە، شۆڕشیی نوێیانە، شۆڕشی ئەیلوولانە، شۆڕشی گوڵانانە، نووسەرانە، پێشمەرگانە، ڕۆژنامەڤانانە و...دەیان جۆری دیکە، بۆ خەڵک دەبڕدرێتەوە و خەڵک وەری دەگرن. تەواوی ئەو پارانەش، ئەو زەوییانەش، بە خەڵکانێک دەدرێت و بۆ خەڵکانێک دەبڕدرێتەوە، کە لە بازنەی حیزبە دەسەڵاتدارەکاندا دەخولێنەوە. کابرایەکم بینی، هەندێک کاغەزی بە دەستەوە بوو، تێیاندا ڕەزامەندی حیزبە دەسەڵاتدارەکەی سلێمانی، لە سەر ئەوە دەربڕابوو، پارچەیەک زەوی بدرێتی، بە نێوی ئەوەی، ئەو هەڤاڵە کاتی خۆی پێشمەرگە بووە. یەکێک لەو دۆستانەی، کە پێکەوە دانیشتبووین و ئاگای لە باسەکە بوو، لە منی پرسی: "ئەرێ بەڕاستی ئەو پیاوە پێشمەرگە بووە؟". گوتم:"قوربان، ئەو پیاوە کاتی خۆی، کە پێشمەرگە هاتوونەتە ئاواییەکەیان، لە بن دیوارەکاندا، لەگەڵ پێشمەرگەکاندا دانیشتووە و جگەرەی لەگەڵدا کێشاون، ئەو هاوجگەرەکێش بووە لەگەڵ پێشمەرگەدا و بەو جۆرە بەشداریی شۆڕشیی نوێی کردووە". ئەورۆ خەڵکانێکی یەکجار زۆر، لەو هاوجگەرەکێش و هاودز و هاوجاش و هاوبەعسی و هاومرۆڤکوژ و هاوقۆڵبڕ و هاوخراپەکارانە، بەری قازانجی، ئەو هاوشتانەیان دەخۆن و بە هۆی هاوهێنییانەوە، خانەنشین دەکرێن و دەبنە خاوەنی زەوی و پارە. ئەورۆ لە کوردستان، تەنانەت جاشایەتییش بە خزمەت دەژمێردرێت و بۆ بەرزکردنەوەی پلە و پایە و خانەنشینییش دەژمێردرێت. تۆ بنۆڕە ئەم ئاگادارییەی، کە لە لایەن یاریدەدەری سکرتێری گشتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانەوە، بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی، دەرچووە، کە ڕێک بەم شێوەیە:

"ئاگاداری

لەسەر بڕیاری هەڤاڵی بەڕێز مام جەلال، ئاگاداری ئەو پێشمەرگانە دەکەین کە لەگەڵ برادەرانی مەکتەبی سیاسی چوونەتە هەمەدان لەساڵی 1964 یاخود واریسەکانیان، لەڕۆژی(2004/2/7) تا کۆتایی مانگی شوبات سەردانی بارەگای یاریدەدەری سکرتێری گشتی بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی بکەن بۆ کاری پێویست، لە ڕزگاری-بەرامبەر مزگەوتی حاجی حەسەنی لۆکە.

حەمەی فەرەج

یاریدەدەری سکرتێری گشتیی بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی"[7]

ئەوەی بڕێک ئاگاداری مێژووی بزاڤی چەکداری و سیاسی کورد بێت و بە تایبەتییش شارەزاییەکی لە مێژووی ئەو ساڵانەی باشووری کوردستان و چۆنیەتیی کەرتبوونی پارتیی دیموکراتی کوردستاندا هەبێت، بۆی ئاشکرایە و دەزانێت، ئەو کەرتبوونەی پارتیی و جوێبوونەوەی دەستەی جەلال تاڵەبانی-ئیبراهیم ئەحمەد، لە پارتیی و سەرکردەیەتیی بارزانی، بۆ کەرتکردنی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد بوو و بۆ ئەوە بوو، کورد ئیدی هەرگیز لە ژێر یەک سەرکردەیەتیدا یەک نەگرێتەوە و خودانی یەک بڕیار و یەک دید و یەک ئامانج نەبێت و نەگاتە

[7] کوردستانی نوێ، ژمارە(2286)، شەممە 7-2-2004.

مەبەست. ئەوەی کەوتە بەرەی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانییەوە(کە خۆیان بە مەکتەبی سیاسی و باڵی مەکتەبی سیاسیی نێو دەبەن) و لەگەڵ واندا بوو، کەوتە بەرەی حوکوومەتی بەعس و نەیارانی کوردەوە و ئەوەیشی لەو بەرەیەدا بوو و بێت، لەبەرە و سەنگەری جاشایەتیی و خیانەتدایە و بووە. ئێستاکە مووچە و خانەنشینی، بۆ ئەوانە دەبڕدرێتەوە، کە لەو بەرەیەدا بوون. ئەورۆ لە کوردستان، کەونە جاشان، کەونە موستەشاران(ڕاوێژکاران)، کەونە ئەنفالچییان، دەهێنرێنەوە مەیدان و خزمەت دەکرێن و ژیان و ماڵ و پاسەوانییان بۆ دابین دەکرێن. ئەورۆ کەونە جاشگەلێکی وەک: حەمەی ئەحە فەڕاش و فەتاحی کەریم بەگی جاف و شێخ تەییبی شێخ موحەممەدی شێخ وەسمان، کە دەستیان لە کوشتن و بڕین و ئەنفال و هەموو دەرد و نەگبەتییەکی کورددا هەبووە، دەهێنرێنەوە و ڕێزیان لێ دەگیرێت و دەپارێزرێن. لە نێو یەکێک لە جیپە ڕووسییە کۆنەکانی کەلاردا بووم بەرەو شاکەل، چەند کەسێکی دیکەش بوون. دوو پیاوی بڕێک بە تەمەن، یەکێکیان لە پێشەوە دانیشتبوو و ئەوی دیکەیان لە پشتەوە لە تەنیشت منەوە دانیشتبوو. لەتەک یەکدیدا کەوتنە قسە و ئەوەی پێشەوە، هەر خۆش خۆش و بە دەنگێکی بەرز هاواری دەکرد و دەیگوت:"ڕەشەی برام، خۆزگی ئەو ڕۆژە ئەمردم، لەبیرت تێ وا چۆن لە تۆپزاوا تۆ داوای ئاوت کرد و کەنیشکەکەت، یاخوا بۆی بمرم، چوو بۆت بێرێت و کاورای زابت هات پەلی ڕاکێشا و بازنگەکەی دەسی تون ڕاکێشا و دەس و مەچەکی بڕی و زامار کرد. کەنیشکەکەت کەنیشک نەو، بەخوا وە دە ملیۆن ئەشیا. یاخوا کوێرایم دایە، بۆ ئەو کەنیشکە نازارە عەجایەبە، چۆن بردیان و لە توو جیایان کردۆ. ئیسەیش بیر ئەکەمۆ لێی ئەومە قەترەیەک ئاو و حەز ئەکەم خوا بمکوژێ. خۆزی ئەو ڕۆژە خوا بمیکوشتایە و وە ئیمرۆ نەگەیمایە. ڕەشەی برام، ئەی لەبیرتە وەختێ ئێمەیان بردە نوگرەسەلمان، کاورای زابت چی وت، وتی: ڕاسە ئێمە ئێوەمان گردوە، بەڵام ئێوە هینەکان خۆتان، مستەشارە کوردەکان خۆتان، ناو ئێوەیان داوە و ئەوان ئێوەیان داوەتە دەسۆ و ئەتاندەنە گردن. ڕەشەی برام، لەبیرتە زابتە عەرەبەکە وتی: ئێوە فەتاح جاف و حەمەی ئەحە فەڕاش و شێخ تەییب و...ئەوانە داتانیانە دەسۆ و ئەوان ڕێ وە ئێمە نیشان ئەدەن، ئەگەر وانەوێت ئێمە لەکوێ ئێوە ئەناسین. ڕەشەی برام، ئیسە فەتاح بەگ جاف و شێخ تەییب و حەمەی ئەحە فەڕاش، لە من و توو کوردترن و لە هەرچی خەڵکە وەبەرترن. ئیسە ئەوان ڕیشچەرموو و قسەڕۆیشتووی کوردن و ئیحتیرامیان لای مام جەلال لە گشت ئەنفالکریاوەکان و لە هەرچی بەدبەخت و چارەڕەش وەک من و تووە، زیاترە". ئەوە نموونەیەکی زیندووی ئەورۆی کوردستانە، کە چۆن دەرگا بۆ هەرچی کەونەجاش و خراپەکار هەیە، واڵا کراوە و نەک هەر دەهێنرێنەوە مەیدان، بەڵکە هەموو شتێکیشیان بۆ دابین دەکرێت و خزمەتیش دەکرێن. ئەوانەی باسکران، کەونە موستەشار بوونە و بە ئاشکرا بەشداری ئەنفال و خزمەتیان بە ڕێژیمی بەعس کردووە، لێ لە نێو حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستاندا، دەیان و سەدان خەڵک هەبوون، کە لە بنەوە پێوەندیان بە ڕێژیمی بەعسەوە هەبووە و کاریان بۆ بەعس کردووە و خزمەتیان بە پرۆژەکانی بەعس کردووە و دۆسێ و کاغەزەکانیان ئاشکرا بوو و ناویان کەوتە نێوانەوە و وەک خاوەن ڕابوردوویەکی خراپ و کەونە سیخوڕ باسکران و خەڵک ناسینی و ماوەیەک لە حیزبەکەیان دوورکەوتنەوە، کەچی ئێستا جارێکی دیکە، وەک بڵێی هەر هیچ ڕووی نەداوە و هەر ئەوانیش نەبوون، هێنراونەوە مەیدان و گەلەک بێشەرمانەش، ڕۆژانە لە تەلەڤزیۆن و بۆنەکاندا هەن و لە پێشی پێشەوە دادەنیشن. سەعدی ئەحمەد پیرەی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی

نیشتمانیی کوردستان و سەرۆکی فراکسیۆنی کەسک لە پەرلەمانی کوردستان، هەر لەبەر ئەوەی، وەک دەڵێن، لە سلێمانی چالاکییەکی لە ڕادەبەدەری لە بواری خەباتی سێکسی و مێبازیدا ئەنجام داوە، حەقوایە، نێوی"کێری حیزب"یان لێ نابا و ئەو نازناوەی وەرگرتبا[8]، ئەو یەکێکە لەو کەسە زۆر دیارانەی، خودان فایلانەی، لەبنەوە لەگەڵ ڕێژیم بووە و وا ئێستاش لە مەیداندایە و کاری سیاسیی خۆیشی دەکات و کەسیش ئەو باسەی لەمەڕ خزمەتی بە بەعس و حوکوومەتی عیراق، لەگەڵدا ناکاتەوە.

*****

لە نێوان کەلار و کفریدا و ڕێک لە دەشتی شاکەلدا، لە ساڵانی 1987 و 1988ەوە، ڕێژیمی بەعسی عیراق، ئۆردووگەیەکی زۆرەملێی، لە کۆکراوە و ڕاگوێزراوانی خەڵکانی تەواوی گوندەکانی دەڤەرەکانی گەرمیان، ئیدی لە خورماتوو و کفری و نەوجوول و بناری گل و هەردەی زەنگنە و دەشتی تاووغ و هۆزی داوودەوە بیگرە، تا دەگاتە دەڤەری شاکەل و گلالی و جاف و زەند و زەنگابات قوت کردووەتەوە. دیارە پاش ڕووخاندن و وێرانکردنی ئاوایییەکانیان و ئەنفالکردنی بەشی زۆرینەی مرۆڤەکانیان و لەنێوبردنی تەواوی ئاژەڵ و خەلە و شینایەتییان، ئەو ئۆردووگەیە ساز کراوە. لەو ئۆردووگەیەدا، کە ژمارەی دانیشتووانی، لە سەدان هەزار پترن، تاکە یەک مرۆڤ نادۆزییەوە، بارێک چیرۆک و داستانی ئەنفالاوی، لە ناخی خۆیدا هەڵنەگرتبێت و شەو و ڕۆژ پێوەیان نەتلێتەوە. دانیشتووانی سموود، ژنان و زارۆک و پیاوانی مێرد و باوک و دایک و خوشک و برا و ژن و دەزگیران ئەنفالکراون. مرۆڤەکانی ئەو ئۆردووگەیە، داڕزاوترین و داتەپیوترین چینی کۆمەڵگەی کوردن و دەنگیان بەکەس ڕا ناگات و هیچ یەکێکیش لە بەرپرسانی کورد، گوێیان بۆ ڕانادێرن و هیچیان بۆ ناکەن. نەک هەر دەسەڵاتەکە، پیاوانی ئایینیش ستەم لە بەشێکی زۆری دانیشتووانی سموود دەکەن. بەشێکی زۆری خەڵکی سموود ژنان و کچانی مێرد و دەستگیران ئەنفالکراون و چەندین ساڵە و تا ئێستاش چاویان لە ڕێی گەڕانەوەی مێرد و دەستگیرانەکانیانە و مێردیان نەکردووەتەوە و نەکردووە، کەچی پیاوانی ژن ئەنفالکراو و دەستگیران ئەنفالکراوی سموود، هەموو ژنیان هێناوەتەوە و هێناوە. لە نێو ئەو ژن و کچانەدا هەن هێشتاکە تەمەنیان زۆر گەنجە و لە هەرەتی هێز و توانست و وزەدان، وەلێ بەرەبەرە دەسیسێن و کز دەبن و بەرەو خاموشبوونەوە دەچن. پیاوانی ئایینی و مەلا و زانایانی ئیسلامی کوردستان، دوای کۆمەڵێک جڤین و دانیشتن، دەگەنە ئەوەی فەتوا بۆ ژنهێنانی پیاوان بدەن، بەڵام فەتوا بۆ شووکردن و شووکردنەوەی کچان و ژنان نادەن، بە بیانووی ئەوەی، کە "ژنان تەڵاقیان نەکەوتووە". ئەم کارە ناکرێت لە تاوان و کارێکی نامرۆڤانە و ستەم و چەوساندنەوە زیاتر نێوێکی دیکەی لێ بنرێت، دەنا بۆ دەبێ پیاوان تەڵاقیان کەوتبێت و ژنان تەڵاقیان نەکەوتبێت، مەگەر مێرد و دەسگیرانی ژنەکان و ژن و دەستگیرانی پیاوەکان، هەموو وێکڕا نەبران و نەئەنفالێندران و تێدا نەچوون! بۆچی بۆ پیاو هەبێت، ژن بهێنێت و بۆ ژن نەبێت مێرد بکات؟ ئەمە چ داد و یەکسانی و ئایین و مرۆڤایەتییەکە، مەگەر پیاو و ژن، ئەگەر لە بواری

---

[8] سەردەمانێک لە نێو حیزبی کۆمۆنیستی عیراقدا، ئەندامێکی سەرکردەیەتییان هەبوو، وایان لێ دەگێڕایەوە، کە لە بواری سێکس و مێبازیدا، لەڕادەبەدەر چالاک بووە و کەمتەرخەمی لە تێرکردنی بەرزگی خۆی نەکردووە، بۆیە نێوی "عیرالحزب، واتە:کێری حیزب"یان لێ نابوو.

سێکسەوە باسیان لێوە بکەین، هەردووکیان وەک یەک نین! خۆ ئەگەر لە ڕووی کۆمەڵایەتییشەوە بنۆڕینە کێشەکە، ئەوا ژنان لە کۆمەڵگەی پیاوزاڵیی ئێمەدا، لە ڕووی ئابووری و جڤاکی و ئایینی و...، پتر پێویستیان بە مێردە، بۆ پاراستن و بەخێوکردن و داخستنی دەمی خەڵکی دەمبەتاڵ. ئەو مامۆستایانە کارێکی هێندە خراپیان کردووە، تا ئەوڕۆیش ئەو ژنانە بێ مێرد ماونەوە و لە بەر ئەوەی فەتوای مەلایان بەوە قایل نەبووە، ئیدی لە شەرمان و لە ترسی ناتۆرە و قسەی نابەجێی خەڵک، ناتوانن و ناوێرن باس لەو کێشەیە بکەن و خواستی دڵی خۆیان بخەنە ڕوو. هەندێک زارۆکی خەڵکی سموود، کە یەک کەسیان تێدا نییە، باوکی، دایکی، خۆشکی، برای، مامی، خاڵی، ئامۆزای، یا کەسێکی نێزیکی، نەئەنفالێندرابێت، بۆیان گێڕامەوە، کە تەنانەت مامۆستای خوێندنگەکانیان، فێڵیان لێ دەکەن و ستەمیان لێ دەکەن. ئەوان باسی ئەوەیان دەکرد، کە کارگێڕیی بارهێنان و پەروەردە، پسکیت و ئەو شتانەی بۆ منداڵانی خوێندنگە تەرخان کردووە، کە بیاندرێتێ، کەچی زۆرجاران بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنگەکان، پسکیتی خراپ دەدەنە منداڵان و ئەو پسکیتە باشەی، بۆیان دانراوە نایاندرێتێ. زۆرجاران زۆرێک لە پەنجەرەی ژوور و پۆلەکانی خوێندنگەکان شکاون و لە زستاندا منداڵان بەو سەرمایە لە ژوورێ و بێ ئاگر و هیچ ئامێرێکی گەرمکردنەوە دادەنیشن و وانە دەخوێنن، کەچی ژووری بەڕێوەبەر و مامۆستاکان گەرمە و سەرما نایانگرێتەوە. ئەو منداڵانە باسی نەبوونی جێی ئاوخواردنەوە و نەبوونی چرا و ڕووناکی و نەبوونی باخچە و جێگەی گەمەکردن و پیسی ئاودەستخانەکانی خوێندنگەکانی خۆیان دەکرد. ئەو ئۆردووگەیە، هەر لە دەسپێکڕا، حوکوومەتی بەعس نێوی سموود (لمود) ی لێ نا. سموود، کە وشەیەکی عەرەبییە، واتەی: خۆڕاگری، خۆڕاگرتن دەدات. بەعس، بۆ بەرژەوەند و مانەوەی خۆی و بەرژەوەندی باڵای نەتەوەی عەرەب، زۆر زیرەکانە نەخشەی بۆ کار و ئامانجەکانی خۆی کێشاوە و داناوە. بە سازکردن و دامەزراندنی ئەو جۆرە ئۆردووگەیانە، بەعس، جڤاکی کوردستان و کوردی، لەبەریەک هەڵوەشاندەوە و بەها فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و بنەما ئابوورییەکانی جڤاکی کوردی داتەپاند و تێک دا و داڕووخاند و کۆمەڵێک بەها و دید و تێڕوانینی ناکوردانە و ناکوردستانییانەی هێنایە گۆڕێ و بەوەش سیما و ڕەنگوڕووی ڕەسەنی جڤاکی کوردی لێکترازاند و گۆڕی، بۆ شتێکی دزێوی ناشیرینی ناکوردی و ناکوردستانی. یەکێک لە ئەرکە هەرە سەرەکییەکانی دەسەڵاتداریەتیی کورد و کوردستانی، کە هەمیشە منەت بە سەر خەڵکی کورددا دەکەن و بانگاشەی خزمەت و کوردایەتی و بەتەنگخەڵکەوەهاتن دەکەن، ئەوە بوو و ئەوەیە، هەوڵی سڕینەوە و لەنێوبردنی تەواوی شوێنەواری سیاسەتەکانی بەعس و ڕێژیمی بەغدا و عەرەباندن و بەعساندنیان دابا و بدەن و سیاسەتێکی کوردستانی پیادەکەن و تۆز و خەوش و گەماریی بەعس و سیمای عەرەبی، لە ڕوومەتی جڤاکە کوردییەکان، لابدەن و بسڕنەوە وجڤاکە کوردییەکان بگێڕنەوە، بۆ ئامێز و بازنەی کوردستان. بۆ ئەنجامدانی وەها کارێک، بەتایبەت دوای ڕووخاندنی ڕێژیمی بەغدا، دەبوو پێش هەر شتێک، دوای دابینکردنی خانوو و ماڵ و جێگە، بۆ دانیشتووانی ئۆردووگاکان، تەواوی ئەو ئۆردووگەیانەیان ڕووخاندبا و تێک دابا. لێ ئەوان ڕێک بە پێچەوانەی ئەوەوە کاریان کردووە. ئۆردووگەی سموود، لە پاش ڕاپەڕینی ساڵی 1991ەوە، لە ژێر کۆنترۆڵ و دەسەڵاتی دەسەڵاتداریەتیی کوردستاندایە و بە تایبەتیش یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، کە فەرمانڕەوای دەڤەری گەرمیانە. ئەوان (یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و حوکوومەتی سلێمانی) ، دەیانتوانی هەر لە ساڵی 1991دا، ئەو ئۆردووگەیە

بڕووخێنن[9]. ئەوان نەک هەر نەیانڕووخاندووە، بەڵکە هەوڵی ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانەوە و پێشخستن و نوێکردنەوە و گەشەپێدانیان داوە. ئێستا لە سموود، دەسەڵاتداریەتیی کورد، خەریکی دروستکردنی پرۆژەی ئاو و ئاوەڕۆ و خانوو و پرۆژەی دیکەن. ئێستا سموود، چەندین خوێندنگە و نەخۆشخانە و بنکەی پۆلیس و فرۆشگەی تێدا کراوەتەوە و دەکرێتەوە و خاوەنی شارەوانی و هەموو کارگێڕییەکانی دیکەیە و بنکەی ناحیەیە و بەڕێوەبەری ناحیەی تێدا نیشتەجێیە. ئێستا ماڵەکانی سموود زیاد دەکەن و دانیشتووانی زیاتر دەبن و ڕووخاوی و وێرانییەکانیشی چاک و نوێ دەکرێنەوە. ئێستا سموود، نەک سەدان هەزار، بەڵکە ملیۆنان دۆلاری بۆ ئاوەدانکردنەوە، بۆ تەرخان دەکرێت. ئەو ملیۆنان دۆلار و پووڵەی، لە ئۆردووگای سموودی شاکاری بەعسدا، خەرج دەکرێت، دەکرا ئەو گوندانەی، کە خەڵکانی سموودی لە ئەسڵدا لێوە هاتوون، پێ ئاوەدان بکرابانەوە و ئەو خەڵکانەی بۆ گێڕدرابانەوە. ئەو پووڵە بەشی ئاوەدانکردنەوەی تەواوی ئاواییەکانی ئەوان دەکات و لێشیان زیادە. بە ئاوەدانکردنەوەی ئاواییەکانی ئەو خەڵکانە، بێجگە لە تێکدان و ڕووخاندنی سموودی شاکاری بەعس، خەڵکێکی زۆری دانیشتووی سموود، لە تەنێ بخۆر و بێکار و بێ داهات و بێبەرهەمەوە، دەگێڕدرێنەوە سەر زەویوزاری خۆیان و دەبنەوە وەرزێر و ئاژەڵدار و خودان بەرهەم و نەک هەر خۆیان بە تەنیا، بەڵکە کۆمەڵێک خەڵکیان پێ بەخێو دەکرێت و کۆمەڵێک بەرهەمیش دەخەنە بازاڕەوە. ئەوەی ئەوڕۆ لە سموود ئەنجام دەدرێت، درێژەپێدانی نەخشەکانی بەعس و سیاسەتی ڕێژیمە داتەپیوەکەی بەغدایە، لێ بە زمان و دەنگ و ڕەنگێکی کوردییەوە. هێشتنەوە و پاراستنی سموود و سموودەکان، هێشتنەوە و پاراستنی شوێنەوارەکانی بەعس و بەردەوامیی سیاسەتی بەعسە.

*****

تورکیا و کۆمپانییە ئابوورییەکانی تورکیا و لە ڕێگەی ئەوانیشەوە سیاسەت و فەرهەنگیان، وەک خۆرە و مۆر و پەتا و شێرپەنجە، بە نێو لەشی باشووری کوردستاندا، بڵاو بوونەتەوە و دەبنەوە و تەشەنە دەکەن. بێجگە لە پڕکردنی بازاڕەکانی کوردستان بە کاڵا و شڕوشیتاڵیان، لە شامپۆ و سابوون و بنێشتەوە بیگرە تا دەگاتە مۆبێلە و بەفرگر و سەدان جۆرە ئامێری دیکە، سەدان پرۆژەی مەزنی دروستکردنی جادە و پرد و خانوو و ئەوانەشیان دراوەتێ و خەریکی سازکردنین. پردێک لە سەر ڕێگەی کەرکووک، لە نێو هەولێردا، بۆ پەڕینەوە بە سەر جادەکەدا، بە کۆمپانیا تورکەکان دراوە، ساڵانێکە خەریکین و تا ئێستاکەش تەواو نەبووە. ساڵانە لە تورکیا، بە هۆی زەویلەرزەوە، سەدان خانووی بڵند و پرد و جادە، وێران دەبن و دادەڕووخێن. کە پاش بوویەرەکە، دێن و لە هۆکارەکانی دەکۆڵنەوە، ئەوەیان بۆ ئاشکرا دەبێت، ئەو خانوو و جادە و پردانە، بە شێوەیەکی باش و ڕێکوپێک، دروست نەکراون و فڕوفێڵ لە چۆنیەتیی دروستکردنیاندا کراوە. بەڵێندەر(موقاویل، قۆنتەراتچی)، لە هەموو شوێن و وڵات و جێگە و

---

[9] "لە نێوان سلێمانی و دەربەندیخاندا ئۆردووگای "نەسر(نڵر)" و "هەڵەبجەی نوێ" و ئەوانە هەن و لە نێوان کفری و کەلاردا ئۆردووگای "سموود(ڵمود)" هەیە، کە کۆکراوەی تەواوی گوندەکانی ناوچەی کفرییە و زێتر لە 70-80 هەزار کەسی تێدایە. ئەو ئۆردووگایانە هەر وەک خۆیان ماونەوە و یەک خشتیان لێ تێکنەچووە و هەر هیچ نەبووایە دەبوو هەر لەبەر ناوەکانیان بیانڕووخاندبان". ئەو سێ دێڕە، بڕگەیەکە لە گوتارێک بە نێوی"ناوی زل و دێی وێران"، کە من بۆ خۆم لە نۆڤەمبەری 1992دا نووسیومە و کاتی خۆی لە گۆڤاری"خەرمانە"دا و دواتریش لە سایتی"www.kurdistanet.org"دا، بڵاوکراوەتەوە، لەوێدا داوای ڕووخاندنی ئەو ئۆردووگەیانەم کردووە.

کارێکدا، زۆر بە هاسانی و زیرەکانە دەتوانێت، بۆ کەمکردنەوەی مەسرەف و خەرجیی خۆی و بۆ پتر قازانجکردنی خۆی، هەزارویەک فێڵ و تەڵەکە و ساختەکاریی لە کارەکەیدا بکات. ئەو ساختەکارییە، پێوەندی بەوەوە نییە، ئەو بەڵێندەرە، سەر بە چ نەتەوەیەکە و بۆ کێ و لە کوێ ئەو کارە ئەنجام دەدات. بەڵێندەری تورک و کۆمپانیای تورکیایی، کە لە وڵاتی خۆیاندا، کارەکانیان بەو جۆرە بێت، دەبێ بۆ کوردستانەکەی ئێمە، کە هەر بە ناوهێنانی تێکدەچن و کەللەیی دەبن، چییان پێ بێت! ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، بەڵێندەری کورد، بەو جۆرە کار ناکات و زۆر دڵسۆزانە کارەکانی خۆی ئەنجام دەدات، نەخێر، من بۆ خۆم کاری بەڵێندەرانی کوردیشم لە بیرە، کە چۆن و بە چ شێوەیەک، ئۆردووگا زۆرەملێیەکانی ڕێژیمی بەعس و سەدان پرۆژەی دیکەیان لە کوردستاندا دروست دەکرد و چۆن هەر کارەکەیان، لە کۆڵی خۆیان دەکردەوە، تەنێ لە پێناوی قازانجدا. من بڕوا ناکەم، بەڵێندەری تورک، هیچ جۆرە تێگەیشتن و دڵسۆزییەکی بۆ ئەو کارەی، کە لە کوردستان ئەنجامی دەدات هەبێت و هیچ بە دووریشی نازانم، تورکیا و دەسگا سیخوڕییەکانی تورکیا، هەر لە کاتی ئەنجامدان و دروستکردنی ئەو جۆرە پرۆژانەدا لە کوردستان، دەستی تێوەردەن و دەسگای سێخوڕی چاودێری و دەنگ و وێنە تۆمارکردن، لە نێو ئەو جۆرە شوێنانەدا دانێن و کارێکی وایش بکەن، ئەو جۆرە پرۆژەیە، بەرگەی ماوەیەکی زۆر نەگرێت و هەر زوو تووشی کێشە و تێکچوون و خراپبوون و داتەپین بێت. پرۆژەی ئاوەکەی بانیخێلانیش، دراوەتە کۆمپانیایەکی تورکیایی. وەک دەگێڕنەوە، کۆمپانییایەکی ئیتالیلیی هاتووە بۆ ئەوەی ئەو کارە بکات، لێ دەسەڵاتدارانی کورد، کۆمپانیا تورکیاییەکەیان پێ خاستر بووە و بەوانیان داوە، لە کاتێکدا، کە تورکەکان بە گرانتریش گرتوویانە و کارمەندی خۆیشیان هێناوە بۆ کارکردن تێیدا. تورکیا، ئەگەر ئەندازیارێک، یا کارمەندێکی خۆی بۆ هەر جێگەیەک بنێرێت، بە تایبەت جێگەیەکی وەک کوردستان، تۆ گومانت لەوەدا نەبێت، ئەو ئەندازیارە یا کارمەندە، پێوەندی بە میت و دەسگا سیخوڕییەکانیشیانەوە هەیە و سەرباری کارەکەی خۆی، کاری ئەوانیش ئەنجام دەدات. تورکیا بە هەموو شێوەیەک، دەیەوێت جێ پێی خۆی لە کوردستاندا بکاتەوە و خۆی تێیدا بچەسپێنێت. تورکیا لە ڕێگەی، دەسەڵاتداریەتیی کوردستانەوە دەتوانێت ئەو کارانە ئەنجام بدات و بکات. دەسەڵاتداریەتیی کوردستان، ڕێگە بە تورک دەدەن، بە ئارەزووی خۆیان بە نێو کوردستاندا تەراتین بکەن. تۆ ئەگەر تەماشای هەڵسوکەوت و ڕەوتاری سەرکردەیەتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و بە تایبەتییش جەلال تاڵەبانی خۆی بکەیت، هەر بە پێوەندەکانی لەگەڵ بەرەی تورکمانی و دابەشکردنی زەوی بە سەر تورکماندا لە کۆیە و گرنگیدانی بەو شێوەیەی خۆی بە تورکمانی بێشیر و کەرکووک و کڕووزانەوەی هەمیشەیی بۆ بەدبەختییەکانی تورکمان و پێوەندە پتەو و بەردەوامەکانی لەگەڵ تورکیا و بەرپرسان و نوێنەرانیاندا و هەڵوێستی نەرێنی لە کاتی هاتوهاواری تورکیادا بۆ هاتنە نێو کوردستانەوە و زۆری دیکەش، ئەوەت بۆ ڕوون دەبێتەوە، چۆن کورد بۆ خۆی، ڕێگە بۆ تورکیا خۆش دەکات، پتر بێتە نێو، نەک هەر بازاڕ و سیاسەت و فەرهەنگی کوردەوە، بەڵکە بە نێو ماڵ و خێزانی کوردیشەوە. سەرکردەیەتیی سیاسیی کورد، ئەگەر بەرژەوەندی کوردستانی مەبەستە و پێی لە هەموو شتێک باڵاترە، وەک خۆیان دەڵێن، دەبێ بە هیچ شێوەیەک و لە پەنای هیچ پاساوێکدا، هیچ پرۆژەیەک و هیچ کارێک، نەدرێت و نەدات بەو دەوڵەتانەی دەوروبەری کوردستان، چونکە ئەوانە ئەوەی خێر بێت بۆ کوردستان نایانەوێت. من لەو بڕوایەدام، دەکرێ و زۆر بە هاسانییش،

ئەو پرۆژانەی، لە کوردستان ئەنجام دەدرێن و بڕیارە ئەنجام بدرێن، بە هەموو وردەکارییەکانیانەوە وەک کار و پرۆژە و بەڵێندان، بدرێن بە کۆمپانیای بیانی ئەوروپایی، ئیدی با لە یۆنان و ئیتالیاوەی تێدا بێت، تا دەگاتە سکەندیناڤیا و ئەوانە. ئەو ئەوروپاییانە، هەم کارەکەیان پاکژتر و چاکترە و هەمیش ئەگەر جاسووسییش بکەن لە کوردستاندا، وەک وڵاتانی دەوروبەری کوردستانی ناکەن و بۆ هەمان مەبەستیشی ناکەن.

*****

دیاردەیەکی هەرە دزێو، کە لە کوردستان وەدی دەکرێت، خۆگرێدان و خۆبەستنەوەیە بە حیزبە دەسەڵاتدارەکانەوە. ڕاستە ئەوان، بەوەی دەسەڵاتیان بە سەر هەموو لایەنەکانی ژیاندا لە کوردستان دەڕوا و دەستیان بە سەر هەموو کار و پێویستی و چالاکییەکی ژیاندا گرتووە و هەرچی ئابووری و پارە و پووڵ و سیاسەتە، ئەوان بۆ خۆیان پاوانیان کردووە و نانی خەڵکیان بەدەستە، لێ لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت، تۆ جاروبار خۆت لەو کۆت و دەسرازە و گرێدراوەییە ڕاپسکێنیت و خۆ ڕزگار کەیت. هەر هەڵبژاردنێک لە کوردستاندا دەکرێت، خەڵک تەنێ دوو لایەنە دەسەڵاتدارەکان دەبینن و هەرچی لایەنی دیکەن لەبیریان دەچنەوە. ئەگەر کەسانێک خۆیان بۆ ئەندامیەتیی کارگێڕیی شارەوانی هەڵدەبژێرن، نوێنەرانی حیزبی دەسەڵات، فرەترین دەنگ وەدەست دێنن. ئەمە نەک لەبەر ئەوەی ئەو نوێنەرانە خۆشەویستن یا گەلێرن یا باش و بەکەڵکن، بەڵکە لەبەر ئەوەی خەڵکەکە وا بیر دەکەنەوە، کە دەنگدان بە نوێنەرانی حیزبی دەسەڵات، هەرچەندە بێکەڵک و ساختەچی و درۆزن و دز و پاشەڵپیس و خراپیش بن، دەکاتە بردنەوەی ئەوان لە هەڵبژاردندا و دەکاتە ئەوەی، مادام ئەوان نوێنەری حیزبی دەسەڵاتن، شتیان لە دەست دێت و کاریان پێ دەکرێت، بەڵام ئەگەر دەنگ بدەنە نوێنەرێکی دیکەی بێلایەن، یا سەر بە حیزبێک، کە دەسەڵاتی بە دەست نییە، هەرچەندە مرۆڤێکی باش و دەستپاک و ڕاستگۆ و پاشەڵپاکژیش بێت، ئەوا ئەو دەنگدانە دەنگدانێکی دۆڕاوە، چونکە بە دیتنی ئەوان ئەو کابرایە، هیچی پێ ناکرێت و بێدەسەڵاتە و تەنانەت ئەگەر بەرەندە و سەرکەوتوویش بێت، ئەوا هەر دۆڕاوە، چونکە حیزبی خاوەن دەسەڵاتی لەگەڵ نابێت و نەک هەر هیچیشی بۆ ناکات، بەڵکە ڕێگەیشی لێ دەگرێت و دژایەتی دەکات و پشتگوێیشی دەخات. تەنێ هەڵبژاردنی شارەوانی نییە، کە ئەم دیاردیەی تێدا وەدی دەکرێت، بەڵکە لە تەواوی هەڵبژاردنەکانی سەندیکا و شوێنەکانی دیکەشدا، ئەگەر هەڵبژاردنیان تێدا بکرێت، هەر وایە. لە کوردستان، جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان کارگێڕی حوکوومەتی و سەندیکادا نییە. ئەوەی دەبێتە کارگێڕی سەندیکا، واتە: دەستەی سەرکردەیەتیی سەندیکا، کە هەرچەندە بە نێوی خەڵکانێکەوە قسان دەکات، کە گوایە هەڵیانبژاردووە و نوێنەریانە، هیچ جیاوازییەکی لەتەک فەرمانبەر و کارمەندێکی کارگێڕییەکی فەرمی و حوکوومەتیدا نییە. هەردوولایان هەر حیزب دایناون. هێشتا لە نێوان کارگێڕی و کارمەند و فەرمانبەراندا، کە لە کەرتی گشتی و حوکوومەتی و کاری فەرمیدا کار دەکەن، ئەگەری ئەوە هەیە، کە سەر بە حیزب نەبن و بێلایەن و سەربەخۆ بن، لێ لە سەرکردەیەتیی سەندیکاکاندا ئەو ئەگەرەش نییە و ئەوان لە بری داکۆکی لە ئەندامان و هاوپیشە و هاوکارانی خۆیان، داکۆکی لە سیاسەتی ئەو پارتییانە دەکەن، کە بۆ خۆیان ئەندامن تێیدا. ئەگەر خەڵک توانستی خۆدوورخستنەوەی لە حیزبی دەسەڵات نەبێت و نەتوانێت بە ئاوازێکی دیکەی بڕێک جیاواز لەوان بخوێنێت و حیزب و دەسەڵات بە پێوانەی چاکە بزانێت و چاکە و خراپەی هەر

مرۆڤێکی دەیەوێت نوێنەرایەتیی خەڵک بکات، وەک تاکێک نەبینێت و ڕاستگۆیی و خاوێنی و لێوەشاوەیی نەکاتە پێوەر و دادوەری خۆی، بۆ هەڵبژاردن و دیتنی خەڵک و بە تایبەت خەڵکی کارگێڕ و سەرکار و بەرپرس، هەرگیز چاوەنۆڕی گۆڕانی ڕادیکالانە و خێرا مەبە، لە کۆمەڵگەیەکی نەریتیی شەقلگرتووی مەندی وەک ئەوەی کوردستاندا.

*****

نازانم ئێوەش وەک من، بە دیتنی "چوارڕێیانی کورد و عەرەب" و "فولکەی کورد و عەرەب" و "چوارڕێیانی فرانسوا میتران" و "شەقامی دانیال میتران" و "قوتابخانەی ئاننا لیند" و "پەیکەری ئوولۆف پالمێ" و سێ چوار پەیکەری ئەلجەواهیری"الجواهری" و ئەوانە، پەست دەبن یا نە؟ دەکەونە گێژاوی بیرکردنەوە و پرسیارەوە یا نە؟ من ناتوانم لەوە تێبگەم، چما ئەو برایەتییە نابەرابەرییەی نێوان کورد و عەرەب، کە هەمیشە عەرەب گەورە و خاوەن دەسەڵات و داگیرکەر و سەپێنەر بووە و کوردیش بندەست و زۆرلێکراو و بەشخوراو بووە، وەها و بەو شێوەیە لەکن کورد کەوتووەتەوە. تۆ هەرچی باژێڕ و گوندی عەرەبستانە لە بێجی و تکریت و باقوبەوە بیگرە تا دەگاتە قەیرەوان و مەڕاکیش بگەڕێ، یەک جێگە، یەک شت، نادۆزیتەوە، نێوی کوردی پێوە بێت. ئەوان هەرگیز باسی ئەو برایەتییە ساختەکارانە ناکەن و ئەگەر باسیشی بکەن، ئەوا لە سونگەی ئەوەوە باسی دەکەن، کە تۆی کورد، بە بەشێک لە عەرەب دەزانن و تۆ بە نەتەوەیەکی لە خۆیان جوایەز و سەربەخۆ نازانن. ئەوان ئەگەر نێوی تۆی کوردیش ببەن و باست بکەن، بە خراپە باست دەکەن و هەوڵدەدەن بیری ئازادبوون و ڕزگاری و سەربەخۆییت لە دڵ و مێشک بسڕنەوە و پتر بە عەرەبەوە بتلکێنن، بۆ وەی هەرگیز لێیان نەبیتەوە و تێیاندا بتوێیتەوە، کەوایە، ئیدی بۆ لە هەولێری پێتەختی کوردستاندا، چوارڕێیانێک نێوی برایەتیی کورد و عەرەبی لێ دەنێین و فولکەیەک نێوی کورد و عەرەبی لێ دەنێین! ئەلجەواهیری، کەس لاریی لەوە نییە، کە شاعیرێکی مەزنی عەرەب بووە، لێ ئەگەر چەند بڕگەیەکی شیعری بۆ کورد و کوردستان گوتووە، ماڵی ئاوابێت، بەڵام بۆ ئەمە بکاتە ئەوەی چەندین پەیکەری گرانبەهای لە هەولێر و سلێمانی بۆ قوت بکرێتەوە و چەندین کۆڕ و یادی لە کوردستان بۆ بکرێتەوە. لە چ میترە خاکێکی عەرەبدا، پەیکەری یەک کورد، شاعیر، نووسەر، سیاسی یا هەر شتێکی دیکە هەیە؟ نەشمبیستووە تەنانەت پەیکەری سەلاحوودینی ئەییووبی ڕزگارکاری فلستین و عەرەبیش، لە هیچ عەردێکی عەرەبدا هەبێت، دەی باشە ئەم گرنگیدانە بە ئەلجەواهیری بۆ؟ ئەی خانمی میتران و میترانی مێردی و ئوولۆف پالمێ و ئاننا لیند، چییان بۆ کورد کردووە؟ ماڵی میتران، هەرچییەکیان بۆ کورد کردبێت، دەهێندەیان بۆ ڕێژیمی بەعس و عەرەبیش کردووە و ئەوان دۆستی هەموو نەیارانی کوردیش بوون. پالمێ، هیچ کاتێک ددانی خێری بە کورددا نەناوە و هیچی بۆ کورد نەکردووە. ئەو وەک سیاسییەکی نێودەوڵەتیی و لێزان، کاروباری وڵاتەکەی خۆی ئەنجام دەدا و بۆ بەرژەوەندی سوێد کاری دەکرد. ئاننا لیندیش، هەر بەو جۆرە. ڕاستە جارنا نێوی کوردی بردووە و داکۆکی لێ کردووە، لێ لە چوارچێوەی بەرژەوەندی سوێددا. سوێد، چەکی دنیای بە ڕێژیمی بەعس دا و کۆمەکی دنیای پێ کرد و ئەگەر ئاوڕێکیشی لە کورد دابێتەوە، تەنێ وەک مرۆڤ و پاراستنیان لە مردن و قڕان و لە چوارچێوەی نەڕەنجاندنی دڵی عەرەب و دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا، دەنا هیچی زیادە و لەبەرچاویان نەکردووە. جارێکیان، کە تاها موحیەددینی جێگری سەرۆککۆماری عیراقی بەعس و جارێکیان کە تاریق عەزیز(طارق

عزیز)ی وەزیری دەرەوەی سەددام حوسەین و بەعس، بە سەردان هاتبوونە سوێد خەڵکی کوردی سوێد، هەردوو جارەکە دژیان ڕاپەڕین و خۆپیشاندانیان لە دژ ساز کرد، پۆلیسی سوارەی سوێدی بە خۆ و ئەسپە بەرز و زلەکانیانەوە، بە نێو ژن و زارۆکی کوردی خۆپیشاندەر و ناڕازی و تووڕەدا دەهاتن و دەچوون و بە سەریاندا دەیانئاژۆت و دەیانشێلان و زاق و زیق و واقەی منداڵ و هاواری ژنان نێوەندی ستۆکهۆڵمی تەنیبووە، ڕێک لە وەها کاتێکدا، ستێن ئەندەشسۆن (Sten Andersson)ی وەزیری کاروباری دەرەوەی سوێد و یەکێک لە کەللە ناسراو و دیارەکانی سوسیال دیموکراتی فەرمانڕەوا، دەیگوت: من میوانی خۆم دەپارێزم! سوێد، کە هەمیشە لە باسی ئاشتی و دیموکراسی و ئازادی و مافی مرۆڤدا، یەکەمە و بەشی کەسی نەهێشتووەتەوە، یەکێکە لە وڵاتە هەرە چالاکەکانی بواری چەکفرۆشتن. سوێد، بەو گچکەییەی خۆیەوە، لە دوای ئەمەریکا و فرانسەوە، سێیەم دەوڵەتە لە چەکفرۆشتن و ناردنی چەک بۆ وڵاتانێک، کە جەنگیان تێدان. مەگەر سوێد نەبوو، لە جەنگی عیراق و ئێراندا، چەکی بە هەردوولایان دەفرۆشت! مەگەر سوێد نەبوو چەکی بە هیندوستان دەفرۆشت، لە کاتێکدا هیندوستان لە جەنگدایە لەگەڵ پاکستاندا. سوێد لە مەسەلەی بێلایەنی و پاراستنی بێلایەنیدا هەمیشە درۆی کردووە و چ سیاسەتێک مشتێک دۆلاری خستبێتە سەر حیسابی وڵاتەکەیان و قیچێک بەرژەوەندی وڵاتەکەیانی بردبێتە پێشەوە و پاراستبێت، ئەوەیان پێڕۆ کردووە و گرتووەتە بەر. ئەمە بۆ خۆیان چ عەیبی تێدا نییە، لێ تۆیەکی کورد بێیت و پەیکەر بۆ خودانی ئەو سیاسەتانە بکەیت و نێویان لە سەر گەڕەک و جادە و فێرگە و کێڵگەی وڵاتەکەی خۆت دانێیت، ئەمەیان بە من هیچ واتایەکی نییە و هیچ ناگەیەنێت و ئەگەر زیانی نەبێت، هیش سوودێکیش بە پرسی کورد ناگەیەنێت. ئەوەی کورد، خۆی بە منەتبار و قەرزداری خەڵک دەزانێت، هیچ گەل و نەتەوەیەک، لەو جیهانەدا بەو شێوەیە نییە و وا بیر ناکاتەوە. ئێستا ئەگەر کەسێکی نەناسراوی ئەو جیهانە، بیەوێت ناوبانگ دەرکات و پەیکەری بۆ بکرێت، لە یەک دوو جێگەدا باسی کورد دەکات و نێوی کورد دەبات و ئیدی بەو جۆرە کۆدی بەناوبانگبوون و خۆدانەناسین، دەشکێنێت و لە کوردستان پەیکەر، یا نێوی جادە، یا نێوی چوارڕێیان، یا نێوی خوێندنگەیەک، بۆ خۆی مسۆگەر دەکات. من بەشبەحاڵی خۆم، بەو کارەی کورد، سەرم سووڕ دەمێنێت و لێی تێناگەم!

*****

حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان، زۆر بە گەرمی و دڵخۆشی باس لە فیدرالی دەکەن و بەوان، بەو فیدرالییە، ئیدی کورد کەری خۆی دەبەستێتەوە و هیچ کێشەیەکی نامێنێت. فیدرالی، بە دیارینەکردنی سنوورەکانی باشووری کوردستان و هێشتنەوەی بۆ دواتر و بۆ ئامار، کارێکە زیانبەخش، بە بزاڤی ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان. ئەگەر سەرکردەیەتیی سیاسیی کورد، فیدرالی بە دوا قۆناخی ڕێڕۆی کوردایەتیی دەزانێت و پێیوایە ئیدی کورد بەوە گەیشتووەتە کەناری ڕزگاربوون و ئارامی، ئەوا پێموایە، گەلێک خراپ، کاغەزەکانی خوێندووەتەوە. سەرکردەیەتیی کورد، دەبوو هەر لە ڕۆژی یەکەمی دابڕانی بەشێک لە باشووری کوردستان لە ساڵی 1991ەوە لە عیراق، ئیدی باسی عیراق و یەکیەتیی خاکی عیراق و عیراقیەتیی نەکردبا و مێشک و بیرکردنەوەی خەڵکی بە بیری کوردستانیزم ڕاهێنابا و کە ئیدی ئەمەریکایش بەرەو دەڤەرەکە دەهات و بە تەما بوو ڕێژیمی بەعس برووخێنێت، ڕێژیمەکەش ڕووخا، دەبوو هەر لەو دەمەوە، نەخشەکانی خۆی بۆ خۆدابڕین لە عیراق و ئازادی یەکجارەکی پێڕۆ کردبا و وەئەنجام

گەیاندبا. دەبوو لەگەڵ عەرەب و ئەمەریکادا، ئەوەی ساغ کردبایەوە، کە ژیان لە نێو دەوڵەتێکدا بە نێوی عیراق و لەگەڵ گەلێکدا بە نێوی عەرەب، کە لە دەسپێکی دیرۆکی عیراقەوە و تا ئێستا، کورد لە ستەم و ئەنفال و کوشتن و سووتاندن زیاتر شتێکی دیکەی لێ نەبینیون، ناکرێت و نابێ بکرێت و ئیدی تەواو. سەرکردەیەتیی سیاسیی کورد، بە پێچەوانەی ئەوەوە، لە عیراقییەکان و عەرەبەکان زیاتر، باس لەو عیراقە دەکات و لەوان زیاتر، هەوڵی بەیەکەوەلکاندنەوەی بەشە لێکترازاو و لێکهەڵوەشاوەکانی ئەو وڵاتە دەدات. عیراق، کە لە پێکهاتەیەکی ناجۆر و نەگونجاو و ناڕێک و ناهەموو شتێک پێکهاتووە، دەبوو و دەبێ، لێک جوێ ببێتەوە، چونکە هیچ بنەما و پاساوێکی پێکەوە ژیانیان نەماوە و نییە. کورد دەبوو لەو هاوکێشەیەدا، جارێکی دیکە خۆی نەخستایەتەوە نێو ئەو پێکهاتە فشۆڵ و ناجۆرە. سەرانی کورد، ئەوڕۆ بەشێکی زۆری کاتیان، لە بەغدا دەبەنە سەر. بەغدایش، لە تەلەڤزیۆنەکانیانەوە هەمیشە بە "بەغدای پێتەخت" نێو دەبرێت. تۆ کە دەڵێی بەغدای پێتەخت، پێتەختەکەی خۆت، کە ئێستا هەولێرە و بە تەما بوویت کەرکووک بێت، دەسڕییەوە. ئەم گرنگییدانە بە بەغدا بۆ؟ ئەو عیراقەی سەرکردەیەتیی سیاسیی کورد، گرەوی لە سەر دەکات و خۆی بۆ خزمەتکردنی تەرخان دەکات، هەرگیز عیراقێک نابێت، عەرەبەکەی هەڵسوکەوت و ڕەوتار لەگەڵ کوردەکەیدا، وەک ئینگلیزەکانی کەنەدا بەرانبەر فرانسییەکانی کەنەدا، یا فرانسی و فلامییەکانی بەلژیک بەرانبەر ئەڵمانی زمانەکانی بەلژیک، بکات. ئەو عەرەبەی عیراق، کە تا دوێنێ سەددام حوسەین، بە ئاگر و ئاسن فەرمانڕەوایی دەکردن، ئەوەتا ئەوڕۆ دێنە سەر جادە و دژی کورد، هاوار دەکەن. ئەوەتا لە کەرکووک کورد دەکوژن و داگیرکردنی ماڵی کورد و کوشتنی کوردیان پێ حەڵاڵە. ئەو عەرەبانە ئێستاکە کورد بە بێئایین و کافر دادەنێن و کورد بە داردەستی ئەمەریکا و ئیسرائیل دادەنێن. تەواوی لەشکر و چەکدار و ئەمن و موخابەرات و ئیستیخبارات و سیخوڕ و بەعسی و پیاوەکانی ڕێژیمی بەعس، کە لەگەڵ نەمانی سەددام و ڕووخانی ڕێژیمەکەیدا پێوار بوون، ئەوە هەر ئەوانن، ئێستاکە دێنەوە سەر شەقامەکان و دەمامک دەکەن و ئار.پی.جییان بە دەستەوەیە و بە جامەدانی سەر و گوێلاکی خۆیان داپۆشیوە و باسی ئیسلامەتی و بە نێوی موقتەدا ئەسسەدر و بەرەی تورکمانی و فلانە حیزبی نەتەوەیی عەرەبی و فلانە حیزبی ئیسلامییەوە قسە دەکەن. ئەو چەکانەی بە دەستیانەوەیە و خەڵکی پێ دەکوژن و ئەو ئۆتۆمبیلانەی دەیتەقێننەوە، هەر چەک ئۆتۆبیلەکانی بەعسە و بە پارە و پووڵی بەعس، ئەو کارانە ئەنجام دەدرێن. من ئێستاش لەو بڕوایەدام بەعس وەک حیزبێکی سیاسیی دڕ و توندوتیژ و قاڵبووی سیاسەت و فەرمانڕەوایی و خاوەن ئەزموونێکی دوورودرێژی کوودێتا، لە بنەوە و ژێرزەوینی کاری خۆی دەکات و ڕێکخستنەکانیشی هەر ماون و هەروا بە ئاسانییش لە نێو ناچن. کە ئەوە ڕەوشی عیراق بێت، چ ڕۆشناییەک لە ڕێی ڕێڕۆی مەسەلەی کورددا وەدی دەکرێت! من بۆ خۆم هیچ جۆرە ڕۆشناییەک، لەو وڵاتەدا(عیراق) و بەم شێوەی ئێستایەوە(یەکپارچەیی خاکی عیراق) و بەم چارەسەرە نیوەچڵەی مەسەلەی کوردستان و کوردەوە(فیدرالی)، نابینم و یەک قیچیش دڵم پێی خۆش نییە. من بەزەییم بە سەرانی کورددا دێتەوە، کە لە بەغدا و لە نێو ئەنجومەنی دەسەڵاتی عیراقدا کەمینەن. من بەزەییم بە کوردێکدا دێتەوە، کە وەزیری دەرەوەی عیراقە و دەچێتە جڤینی وڵاتانی عەرەبی و لە سەر مێزەکەی بەردەمیدا ئاڵایەکی عیراقی بەعس دەشەکێتەوە، کە سەرۆکی ئەو حیزبەی، کە ئەو وەزیرە ئەندامیەتی، نەفرەت لەو ئاڵایە دەکات و بە گڵاوی دەزانێت. ئەو وەزیرە ئەگەر سازش نەکات و

ئەگەر خۆ نەخەڵتێنێت و ئەگەر لەگەڵ بیروبڕوا و کوردایەتیی خۆیدا ڕاستگۆ بێت، چۆن دەتوانێت، لە پەنای ئەو ئاڵایەی بەعس و لە نێو ئەو هەموو سەگ و گورگانەی عەرەبدا، کە هیچ یەکێکیان ددانی خێر بە کورددا نانێن، دانیشێت و بە دەمیشیانەوە بخەنێت و بەشداریی بڕیارەکانیان بکات! سەرانی کورد، دڵی خۆیان بەوە خۆش دەکەن و خەڵکی کوردیش بەوە دەخاپێنن، کە توانیویانە لە قانوونی کاتیی بەڕێوەبردنی عیراقدا، ئەوە بچەسپێنن، کە عەرەبی عیراق، بەشێکن لە نەتەوەی عەرەب. سەرانی کورد پێیانوایە، بەو ڕستەیە عیراق نابێتە بەشێک لە نیشتمانیی عەرەبی، وەک جاران لە دەستووری عیراقدا نووسرابوو، بەڵکە ئەوەی دەبێتە بەشێک لە نەتەوە و نیشتمانی عەرەبی، تەنێ عەرەبی عیراقە!. پێموایە، ئەوە هەرگیز ڕاست نییە و تەنێ فێڵێکە و کڵاوێکە خراوەتە سەر کورد و هیچی دیکە، چونکە ئەگەر ڕاست بووایە و ئەو ڕستەیە: عیراق فرەنەتەوەیە و گەلی عەرەب لە عیراقدا بەشێکی جیانەکراوەن لە نەتەوەی عەرەب(العراق متعدد القوميات والشعب العربي فيه جزء لا يتجزا من الامه العربيه)، کە لە لقی (ب)ی بەندی حەوتەمی قانوونی بەڕێوەبردنی عیراقدا هاتووە، عیراقی لە نیشتمانی عەرەب دابڕیوە، ئەوا دەبوو، ڕستەی دووەمی دوای ئەو ڕستەیە، وەها بووایە: گەلی کوردیش لە عیراقدا، بەشێکی جیانەکراوەیە لە نەتەوەی کورد. ئەودەمی هاوکێشەکە وەک یەکی لێ دەهات و ئەودەمی عەرەبایەتیی عیراق دەسڕایەوە و ددان بەکوردیشدا دەنرا، کە یەک نەتەوەیە و بەشبەش کراوە و ئەو کوردەی لە عیراقدا دەژی، بەشێکە لە زۆرینەیەکی دیکەی کورد، کە لە دەرێی سنووری عیراقە و لە سەر خاکێک دەژی، کە هی خۆیەتی و نێوی کوردستانە. هەنگین کوردیش، وەک عەرەب، دەیتوانی بە هاسانی باس لە یەکگرتنەوە و یەکخستنی نیشتمانە پارچەکراوەکەی خۆی(کوردستان) بکات. کە بەوجۆرەیش بووایە، ئەوجا دەبوو عیراق نەبووایەتە، ئەندامی کۆمکاری عەرەبی، چونکە عیراق دەوڵەتێکی عەرەبی نییە و دەبوو سەرانی کورد هەرگیز بە ئەندامیەتیی عیراق لەو دەسگایەدا قایل نەبووایەن[10]. سەرانی کورد، ئەگەر بیانتوانایە ڕستەی: گەلی کورد لە عیراقدا، بەشێکە لە نەتەوەی کوردیان، بۆ کورد چەسپاندبا، ئەودەمی عیراق، وەک دەوڵەتێکی دوو نیشتمان و دوو زلنەتەوە، دەدرایە ناسین و ئەودەمی هەڵوەشاندنەوەی ئەو دوو نیشتمانە و جوێبوونەوەی ئەو دوو نەتەوەیە لەیەکدی، کارێکی هاسان دەبوو. سەرانی کورد، کە ئەوەیان نەکردووە، ئیدی بۆ چی و بە چی دڵی خەڵکی کورد خۆش دەکەن! من بەزەییم بە خەڵکی کورددا دێتەوە، کە هیچ بوویەر و کار و بڕیار و ڕەوتار و گوتەیەکی سیاسیی، ئەو سەرانەی کورد ناخەنە بەر پرسیارەوە و ناڵێن: بۆ؟ چۆن؟ کەی؟ چی؟ و...زۆری تریش. من بەزەییم بە خەڵکی کورددا دێتەوە، کە سەرکردە سیاسییەکەی، وای فێر کردووە و وای بردووەتە مێشکییەوە، کە فیدرالی دەدرێ و دراوە و وەردەگیرێت و کەسیش ناپرسی کێ دەیدا و چۆن دەدرێت و لە کێ وەردەگیرێت و کێ وەری دەگرێت! تۆ، کە دەڵێی: فیدرالی دەدرێت و دەدەن و وەردەگرین، واتە: تۆ لە کەسێکی دیکە ئەو فیدرالییە وەردەگریت و کەسێکی دیکە دەتداتێ و تۆ دەبێ لەو کەسە بپاڕێیتەوە و قایلی بکەیت بەوەی، ئەو فیدرالییەت بداتێ. سەرانی کورد، کە هێندە خۆ بە عیراقی دەزانن، دەبوو ئەو وشەی دان و وەرگرتن و ستاندنەیان لە فەرهەنگی زمانی سیاسەتی

[10] وەک چۆن یەکیەتیی ئەوروپا، یانەیەکی مەسیحییە و تایبەتە بە وڵاتانی ئەوروپای مەسیحییەوە و نامەسیحییەک تێیدا جێی نابێتەوە و وەک جووجکەغەریبەک تێی دەنۆڕدرێت، کۆمکاریی عەرەبییش، یانەیەکی عەرەبییە و تایبەتە بە وڵاتانی عەرەب و دەبوو لاتێک، کە سەدلەسەد عەرەب نەبێت جێی تێدا نەبێتەوە.

فیدرالیستانەی خۆیاندا سڕیبایەوە و خەڵکیان وا فێر نەکردایە و وا تێنەگەیاندایە، کە ئەمان لە عیراقییان(عەرەب، تورکمان، کلدان، ئاشووری، مەندائی، شیعە، سوننە و...)، دەپاڕێنەوە و لەپیان لێ پان دەکەنەوە و داوای چۆرێک فیدرالییان لێ دەکەن. سەرانی کورد، کە هێندەی عەرەب، تورکمان، ئاشووری، کلدان، شیعە، سوننە، مەندائییانی عیراق، عیراقی بن، ئیدی بۆ ئەمان(سەرانی کورد) داوای فیدرالی لەوان بکەن، ئەی بۆ بە پێچەوانەوە نەبێت و ئەوانە هەموویان، کە عیراق هی هەمووان بێت و کوردیش، وەک سەرانی کورد پێیان خۆشە لەوان عیراقیتر بێت، داوای فیدرالی و جوێبوونەوە و سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی خۆیان لە کورد نەکەن! من بەزییم بە پەرلەمان(پەرلەمانی کوردستان)یکدا دێتەوە، کە کار و ئیشیان تەنێ ئەوەیە بە گرێی ملدا دەدەن و دەڵێن باشە! کە سەرانی کورد بەو فیدراڵییە نیوەچڵە قایلبوون و بڕیاری ئەو فیدرالی و بەزمە مۆر کرا و لە میدیاکانی کوردستاندا پەخش کرایەوە و بووبە شایلۆغان و هەرا لە هەموو بەشێکی کوردستاندا و خەڵکی کورد ڕێپێوان و خۆپێشاندانیان ساز کرد و خۆیان خستە بەر مەترسی و دژوارییەوە و لە پێناویدا گیانیان بەخشی، پەرلەمانی کوردستانیش، کۆبووەوە لە ڕاگەیاندنێکیدا بە کۆی دەنگ و هەر هەموو ئەندامانی، بێ موناقەشە و بێ یەک ڕەخنە و بێ یەک دژایەتی و بێ ئەوەی یەک کەس بڵێ: نا، پشتیوانی خۆیان لە سەرکردە و بڕیاری فیدرالییەکەی کوردستان دەربڕی و بە کۆی دەنگ پەسەندیان کرد. پەرلەمانێک ئەگەر پەرلەمان بێت، چۆن پاشکۆی حیزبە سیاسییە دەسەڵاتدارەکان دەبێت! پەرلەمانێک، ئەگەر پەرلەمان بێت، خۆ دەبێ دوو سێ کەسی هەر تێدا هەبێت، بە پێچەوانەی شەپۆلەوە سەوڵ لێدەن. پەرلەمانێک ئەگەر پەرلەمان بێت، دەبێ نوێنەرایەتی خەڵک بکات و گوێ لە خەڵک بگرێت بزانیت چ دەڵێن. لە وڵاتی ئێمەدا، هیچ کەس ناتوانێت، بە پێچەوانەی شەپۆلەوە سەوڵ لێدات، ئەگەر تەنێ بۆ تاقیکردنەوەیش بێت. ئافەرین پەرلەمان، تاکە یەک کەست تێدا نەبێت، بڵێت: نا!. لەو پەرلەمانەی کوردستاندا، واپێدەچێت وشەی: نا، قەدەغەبێت و هیچ کەسێک بۆی نەبێت بەکاری ببات. پەرلەمانی وڵاتی ئێمە، هیچ جیاوازییەکی لەتەک کارگێڕی شارەوانی و ئەلەکتریک و باج و ئەوقاف و پەروەردە و پۆلیسدا نییە و ئەوەیشی، تێیدا باس دەکرێت و بڕیاری لە سەر دەدرێت، هەمووی پێشەکی لە لایەن دەسەڵاتەوە ئیملا کراوە و سەپێنراوە.

*****

لە باشووری کوردستان و لە چل ساڵی پێش ئەوڕۆوە(1964)، پرۆژەی دابەشکردن و لەتکردنی مێشکی مرۆڤی کورد دەستپێکردووە و تا ئەوڕۆ و ڕەنگە تا دنیاش دنیا بێت بەڕێوە بچێت. هەر لەو دەمەوە و بە نەخشە و خۆبۆئامادەکردن و لێکۆڵینەوە و بە کۆمەک و دنەدانی دەستە دەرەکییەکان و بە هەڕەیەکی تیژ، مێشکی مرۆڤی کورد، ژن و پیاو و زارۆکی کورد، دیرۆک و خاک و جوگرافیا و ئابووری کورد و ...کرایە دوو لەتەوە. ئەو دوو لەتییە، تەنێ باشووری کوردستان نەبوو و نییە، بەڵکە بەشەکانی دیکەی کوردستانیشی گرتووەتەوە. ئەو لەتبوونە، ئەوڕۆ لە دوو حوکوومەت و کارگێڕیدا، لە باشووری کوردستان، خۆی دەنوێنێت. ئەو لەتبوونە، لە دوو حیزبی دەسەڵاتدار و کۆمەڵێک حیزبی نێوانیشیاندا، کە ئەوانیش هەر یەکەو سەر بە یەک لەو دوو حوکوومەت و یەک لەو دوو کارگێڕی و یەک لەو دوو حیزبە دەسەڵاتدارەن، خۆ دەنوێنێت. ئەو دوو لەتە، لە دوو بیر و ئایدیۆلۆژیای جیاوازدا، خۆ دەنوێنن، پارتیی دیموکراتی کوردستان

و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، حوکوومەت و کارگێڕی هەولێر و حوکوومەت و کارگێڕی سلێمانی، ڕەنگی زەرد و ڕەنگی کەسک، شاری هەولێر و شاری سلێمانی، بارزانیزم و جەلالیزم. ئەو لەتبوون و دووفاقییە، لەمسەری کوردستانەوە بۆ ئەوسەری کوردستانی لەتکردووە. لەمسەری عیراقەوە بۆ ئەوسەری عیراقی لەتکردووە. لەمسەری جیهانەوە بۆ ئەوسەری جیهانی لەتکردووە. ئەوڕۆ عەرەب و شیعە و سوننە و تورکمان و کلدان و ئاشووری و مەندائی و ئێزدی و یارسانی و ئەمەریکایی و ئینگیز و فرانسی و پێستسپی و پێستڕەش و چینی و سۆمالی و سوێدی و ئیرلاندی و برازیلی و...، بارزانیست هەن و تەواوی ئەوانە بە شێوە جەلالیستەکەیشی هەن. ئەوڕۆ دۆڵی دوو ڕووباران "وادی الرافدین"، دیجلە و فرات، ئەوانیش دابەشبوون و بەشێکیان جەلالیستن و ئەوی دیکەیان بارزانیست. ئەوڕۆ بەغدا و ڕەمادی و کەربەلا و نەجەف و بەسرەیش بە سەر جەلالیست و بارزانیستاندا، دوو کەرت بوون. ماڵ و خێزان و ژن و مێرد و خوشک و برا و خزم و باوک و دایکیش، لە نێو بارزانیزم و جەلالیزمدا دابەشبوون. تۆ کە دەچییەوە کوردستان، ئەو دوو کەرتییە لە هەموو شتێکدا دەبینیت. تۆ لە کوردستان هەر کارێک بکەیت و لە هەر کوێیەک بژیت، دەبێ بکەویتە خانەی یەکێک لەو دوو بازنە و دەسەڵات و ئایدیۆلۆژیا و کارگێڕییەوە. تۆ تەنێ بەوەی لە سلێمانی دەژیت، لە خانەی جەلالییەتیدایت و کە لە هەولێریش ژیایت، دەکەویتە خانە بارزانییایەتییەوە. لە چ باژێڕێک کار دەکەیت، تۆ سەر بە حیزبی دەسەڵاتداری ئەو باژێڕەی. سەیری کوردستان تیڤی(Kurdistan TV) بکەیت، تۆ بارزانیستیت و سەیری کوردسات(Kurdsat) بکەیت، تۆ جەلالیستیت. کوردستانی نوێ بخوێنیتەوە تۆ جەلالیستیت و خەبات بخوێنییەوە تۆ بارزانیستیت. ئەم پەتایە هیچ بوارێکی ژیانی نەهێشتووەتەوە، کە جەلالاوی و بارزانیاوی نەکات و نەیجەلالییەنێت و نەیبارزانییەنێت. ئەوڕۆ ژیان لە کوردستان، بە سەر ئەو بازنانەدا دابەش بووە و تۆ هیچ دەرفەتێکی دیکەت، لە دەرێی ئەو بازنانەدا، بۆ کار و ژیان و بیرکردنەوە و ڕەوتار و گوتار نییە، مەگەر تەنێ خەونەکانت ئازاد بن، هەرچەندە ئەوانیش فرەجاران هەر بە نێو ئەو بازنانەدا دێن و دەچن و کەمجاران، ئەویش مەگەر بە قاچاخ، خۆ لەو بازنانە بدزنەوە و لێیان دەرچن. بازنە لە نێو بازنە، بازنەی گچکە و بازنە گەورە، بازنەی یەک لەناو یەک، بازنەی داخراو، هەزارویەک بازنە، ئەوەیە ڕەوشی ئەوڕۆی کوردستان. مرۆڤی کوردستانی و کۆمەڵگەکانی کوردستان، هەر هەموو بە تۆبزی خراونەتە نێو چوارچێوەوە. بیر و سیاسەت و ئابووری و دید و هەموو شتێکی مرۆڤی کورد، لە چوارچێوەی داخراوی دوو حیزب و دوو سیاسەت و دوو نێوی زلدا دەخولێنەوە و ئەگەر پیچەک لێی بێنە دەرێ، هەست بە نامۆبوون دەکەن، هەست دەکەن دەسیسێن و دەلاوازێن. زۆر دەمێکە مرۆڤی کورد، هاواری یەکخستنی حوکوومەتەکانی سلێمانی و هەولێر دەکات و داوای یەکدەنگی و یەککارگێڕی و یەکبڕیاری سیاسی و یەکفیدرالی دەکات، کەچی دەسەڵاتدارانی کورد، هەر دەڵێی گوێزیان بۆ دەژمێرن، خۆیان لەو باسانە نەبان دەکەن. سەدان و پتر، جڤین و بلاوکراوە و ڕاگەیاندنیان کردووە و بە گوێیی مرۆڤی کورددا داوە، کە بەڵێ دەبنە یەک و ئەو دوو کەرتییە نامێنێت، لێ هەر کەسێک، ئەگەر شارەزایی لە دیرۆکی ئەو دوو بەرەبابەدا هەبێت و ئاوڕێک لە پاشخانی دەسپێکی کەرتبوونەکە بداتەوە، هەرگیز چاوەنۆڕی یەکگرتن و تێکەڵبوونەوەی ئەو دوو بەرەیە ناکات و هیچ هیوایەکیشی بە قسە و گفتەکانیان نییە. بە گوێرەی تیۆری "ین و یانگ یا یان Yin & Yang"، کە لە فەلسەفەی چینی و هەندێک فەلسەفەی ڕۆژهەڵاتدا هەیە و کە

نیشانەیەکی خڕی بازنەییە، نیوەی ڕەشە و نیوەی سپییە، لێ لە نێو ڕەنگە ڕەشەکەدا خاڵێکی سپی هەیە و لە نێو ڕەنگە سپییەکەشدا خاڵێکی ڕەش هەیە، کە نیشانە و دروشمی ئەو تیۆرییەیە[11]، هیچ شتێکی سەدلەسەد و تەواو نییە، بەڵکە هەموودەم لە نێو ئەو سەدلەسەد و تەواوەدا بڕێک، یا کەمێک، لە پێچەوانەکەی خۆی تێدایە، وەک ئەوەی، هەموو نێرینەیەک، یا نێرایەتییەک، یا پیاوەتییەک، بەشێکی مێینە، یا مێینەیی، یا ژنیەتیی تێدایە و بە پێچەوانەشەوە، هەموو مێینەیەک، یا مێینەتییەک، یا ژنیەتییەک، بەشێکی نێرینە، یا نێرینایەتی، یا پیاوەتی تێدایە. یانگ، کە ڕەنگە سپییەکەیە، نوێنەری ڕۆشنایی، نێرایەتیی، چالاکی، زەوی، لای ڕاست، دەروون و سایکۆلۆژیا و هی دیکەیە، بەڵام ین، کە ڕەنگە ڕەشەکەیە، نوێنەر و دروشمی تاریکی، ژنیەتی، خاو و ناچالاکی، ئاسمان، لای چەپ، لەش و هی دیکەیە. دیارە ئەم تیۆرییە، گۆڕانی دیکەی بە سەردا هاتووە و ئێستا بە جۆری دیکەیش لێک دەدرێتەوە. جەلالیزم و بارزانیزم، تەنانەت مێشکی تاکە مرۆڤێکی کوردیشیان لەت کردووە و ئەگەر ئەو مرۆڤە سەدلەسەد و بەتەواوییش، سەر بە یەکێک لەو ئایدیۆلۆژیایانە بێت، ئەوا بڕێکی مێشکی هەر پەڵەیەکی ئایدیۆلۆژیا پێچەوانەکەی تێدایە. ین و یانگ، هەرچەندی گۆڕانیشیان بە سەردا هاتبێت، لە کن کورد، هێشتا هەر ین و یانگە کۆنەکە دەخوات و هەر مێشکە قیچێکی ئەوی دیکەی تێدایە. پڕانی ئایینە ئاسمانییەکان بڕوایان بە تاکایەتیی خودا هەیە و پێیانوایە یەک خودا، ئەو گەردوونەی دروستکردووە و جیهان بەڕێوە دەبات، ئەگەر هاتبا و دوو خودا هەبووایەن، ئەگەرێکی زۆر بە هێزی ئەوە هەبوو، ئەو دوو خودایە کارگێڕییەکانیان کردبا بە یەک و بۆ خۆیشیان ببوایەن بە یەک خودا، لێ لە کوردستانی لەمەڕ خۆمان، هیچ ئەگەرێکی لەو جۆرە نییە و ئەوەشی لەو بڕوایەدا بێت، ئەو دوو کەرتە دەبنەوە کەرتێک و دەبنەوە یەک دەنگ و دەبنەوە یەک سەری کورد، پێموایە هەرگیز لە سیاسەت تێنەگەیشتووە و کورد گوتەنی:"گێرەی لە هەولێرێ دەگەڕێ" و تەنێ زڕەخەون دەبینێت و هیچی دی. ئیسلام، هەر لە سەردەمی هەڵبژاردنەکەی سەقیفەی بەنی ساعیدە(سقیفە بنی ساعدە)وە ئیدی بوو بە دوو پارچەوە و پاشتر ئەو دوو پارچەییە، خۆیان لە شیعە و سوننەدا نواند. ئەو دوو پارچەییە ئەنجامی دوو خوێندنەوەی جیاوازای مێژووی ئیسلامن و دوو دیتنی جیاوازن بۆ ئیسلام. جەلالیزم و بارزانیزم، دوو خوێندنەوەی جیاوازی مێژووی کوردن. لەوەتی جەلالیزم هەس، بارزانی و بارزانیزم، بە شێوەیەکی دزێو دەخوێنێتەوە. لە نێو یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستاندا و لە سلێمانی و لە نێو کارگێڕیی حوکوومەتی سلێمانیدا و لە نێو مێژووی جەلالیزمدا، هەرگیز ناوی بارزانی نابرێت و لە مێژووی کورد، کە نیوەی بارزانییە، ناوی ئەو دەرکراوە و باسی ئەو ناکرێت و ئەگەر ناویشی هەبێت ئەوا بە باشە باس ناکرێت[12]. وێنەی بارزانی لە شوێنە فەرمییەکاندا دانانرێت. کەچی لە

---

[11]  ئەوە وێنە و دروشم و نیشانەی ئەو تیۆرییەیە و ئەوەیە ین و یانگ.،

[12] لەو دەڤەرانەی وەک سلێمانی و گەرمیان، کە بنکە و مەکۆیەکی بەهێزی جەلالیزم بووە و لە 1964ەوە و تا ئەمڕۆ فێرگەی بارهێنان و پێگەیاندنی جەلالی بووە و ژینگەیەکی لەباری گەشە و تەشەنەکردنی بیر و ئایدیۆلۆژیای جەلالیزم بووە و ئێستاش هەروایە، هەمیشە نێوی بارزانی و بارزانیزم وەک"نیشانەی خیانەت و جاشایەتی و ئاشبەتاڵ و خێڵەکی و نەخوێندوو و دزێو" براوە و وێنەیەکی ناشیرینیان پێشانی خەڵک داوە و خەڵک بە دزێواندنی بارزانی و بارزانیزم بارهێنراون و پەروەردە کراون. نەوەیەکی ئەو دەڤەرە، کە لە 1964و 1966دا زارۆک بوونە و ئێستا ئیدی بەرەو نێوەندی تەمەن دەچن، لەوەتی هەن نێوی بارزانی و بارزانیزمیان هەر بە خراپە بیستووە و هەرگیز قسەیەکی خێریان لە بارەوە نەبیستوون و تا ڕادەیەکیش هیچ شارازاییەکیان لەو ڕووەوە نییە و ئەوەی دەیزانن بۆچوون و دیتنێکی نەرێنی و ناحەزە و

هەولێر و لای پارتیی دیموکراتی کوردستان و لە لای حوکوومەتی هەولێر، بارزانی هەموو شتێکە و بارزانی مێژوو و سەرکردە و نیشانەی نەتەوەیە. کە تۆ وڵاتەکەت کرد بە یەک و دەسەڵات و کارگێڕی و سیاسەت و ئابووری و فەرهەنگ و نەخشەدانان و هەڵوێست و گوتار و ڕەوتار و ئاسایش و پاراستنی نەتەوەییت کرد بە یەک و یەک حوکوومەتت دامەزراند، خۆ نابێ ئەودەم دوو باوکی نەتەوەییت بۆ کورد هەبێت![13]. هەنگین دەبێ تۆ سەرلەبەری دیرۆکی چل ساڵی پێشووت، سەرلەنوێ بخوێنیتەوە و بنووسیتەوە و پێناسەی بکەیتەوە. ئەودەم دەبێ بە تەواوی چەمکەکاندا بچیتەوە و نێوی نوێیان لێ بنێیت و چەمکی نوێیان بخەیتە شوێن. کە وایشت کرد، بە کێهە چاو ئەو مێژووە دەخوێنییەوە و بە کێهە قەڵەم ئەو دیرۆکە دەنووسییەوە؟ بە چاوی جەلالیزم یا چاوی بارزانیزم؟ بە قەڵەمی جەلالیزم یا قەڵەمی بارزانیزم؟ چەندە مرۆڤ چاوەنۆڕی ئەوەیە و بڕوای بەوەیە، کە شیعە و سوننە یەکدەگرن و دەبنە یەک ئایین، یا کاتۆلیک و پرۆتستانت یەکدەگرن و دەبنە یەک ئایین، هەر هێندەش مرۆڤی کورد، دەبێ چاوەنۆڕی یەکگرتنی بارزانیزم و جەلالیزم بێت. کەواتە دەستیان لێ بشۆ و هەر دەبێ وابێت و هیچ هیوایەک بەو یەکبوونە نییە.

*****

مرۆڤ هەر چەندی لە هاوڕێ و دۆست و کەس و خزم و خۆشەویستانی دوور کەوێتەوە، هێندەی دی خۆشەویستیی بۆ ئەوان زیاد دەکات و چەندی لێیانەوە نێزیک بێت، ئەو خۆشەویستییە کەمتر و کزتر دەبێتەوە و ئەو تین و گەرمییەی نامێنێت. تۆ لەم دوورەوڵاتییە، هەرچەندی بیر لە کوردستان دەکەیتەوە، جوانی و خۆشی و باشیی کوردستانت دێنەوە یاد. کەم کەس هەن، ڕابردووی زۆر کۆنی خۆیان و ساڵانێکی بەسەرچووی ژیانیان، بە ناخۆش بێتەوە یاد، هەرچەندی ناخۆشیش بووبن. مرۆڤ وەک سروشت، چەندی تەمەنی بەربە هەوراز هەڵدەکشێت و بەرەبەرە بۆ خۆی و گیانی، بەربە داچۆڕان و شۆڕبوونەوەی بەرەوخوار و دوالێژایی دەچێت، هێندەی دی، زێدی خۆی و کۆڵانەکانی گەڕەکەکەی، ئەگەر سەراپا قوڕ و چڵپاویش بووبن، ئەو هەر وەک باخچە و گوڵستانی دینەوە یاد. تەنانەت زۆرجاران، خەڵک کە یادی زیندان و دوورخستنەوە و ڕاوەدوونان و دەربەدەری و جەنگیش دەکەنەوە، مادام بەسەرچوون و تەواوبوون و ئێستا تێیاندا ناژین، هەر وەک یادەوەرییەکی خۆش دێنەوە یادیان. ئەوە نۆستالژیایە و لەکن هەموو کەس هەیە و کەسیش لێی بێبەش نییە. تۆ، کە دەچییەوە کوردستان، سەرێکت هەڵگرتووە

---

هیچی دیکە.مێژووی کورد لەو دەڤەرە، نێوی بارزانیی لێ دەردەهاوێژرێت و بارزانییبژار دەکرێت و بێ بارزانی دەنووسرێتەوە، بەڵام ئایا ئەوە دەبێتە مێژووی کورد؟ یا ئەوە مێژوویەکی چەواشەکار و شێوێنراو و نیوەچڵی کوردە!.

[13] لە زۆر بۆنە و باسدا و لە کن پارتیی دیموکراتی کوردستان و حوکوومەتی هەولێر و زۆرینەی کوردی تەواوی کوردستان، نێوی بارزانی(مەلا مستەفا)، وەک باوکی نەتەوەیی کورد و سەرۆکی کورد دەبرێت. لە سلێمانی و لە نێو یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و حوکوومەتی سلێمانیدا، بەرانبەر بە بارزانی، نێوی ئیبراهیم ئەحمەد قوت کراوەتەوە و قوت دەکرێتەوە. ناشتنی تەرمی ئیبراهیم ئەحمەد لە گردی سەلیم بەگی سلێمانی، بەو شێوەیەی کرا و گرنگییدان بە نێوی وی، هەوڵدانێکە لە لایەن پێڕۆیانی ئیبراهیم ئەحمەدەوە، بۆ جێگۆڕکێکردنی لەگەڵ نێوی بارزانیدا و هەوڵدانێکە بۆ کردنی بە نیشانەیەکی نەتەوەیی و کردنی بە باوکێکی دیکەی نەتەوەیی کورد، یا باوکی دووەمی نەتەوی کورد، کە ڕەنگە لە باشترین حاڵدا نێوی زڕباوک(باوەپێڕە)ی نەتەوەی کوردی لێ بنرێت، چونکە باوکی نەتەوەیی بۆ خۆی گرانی و قورساییەکی ناپێویست و زیادەیە لە سەر شانی ئەندامانی هەموو نەتەوەیەک، ئەوجا کوردێکی بۆ خۆی بارگران، ببێتە خاوەنی دوو باوکی نەتەوەیی، دەبێ چ حاڵێکی هەبێت!.

تژیی خەون و خۆزگەیە و ڕۆحێکت هەڵگرتووە، لێوانلێوە لە  وزە و هیوا و ئامانج و حەز دەکەیت، یەک بەیەکی ساتەکانی کاتەکەت، کە لەوێی بۆ وڵاتەکەت بەکار ببەیت و هەر شتێکی باشت بۆ خزمەتکردن بە وڵات و خەڵکی وڵاتەکەت، کە پێت دەکرێت بیکەیت. تۆ حەز دەکەیت ئەگەر بکرێت و بتوانیت، هەموو هەوڵ و کۆششێکت، بۆ پێشخستنی ڕەوشی وڵاتەکەت بێت و گۆڕانێک لە ژیانی مرۆڤی وڵاتەکەتدا بکەیت. تۆ، ئەگەر پێت بکرێت و بتوانیت، گەرەکتە تەواوی ئەو خۆزگە و ئاوات و خەونانەی، نێو کەللەسەرەکەت، لە نێو خاک و خەڵکەکەی خۆتدا ڕۆ کەیت و هەمووی بهێنیتە دی و ئەگەر نەشتوانیت و پێت نەکرێت، گەرەکتە و کۆڵێکیش حەز دەکەیت، ئەگەر لێگەڕێن، بگەڕێیتەوە دۆزی جارانی منداڵییت و ببیتەوە منداڵە چەتوونە، چەمووشە، لاسارە چڵمنەکەی جارانی، نێو کۆڵانەکان، ئەوەی چڵمەکەی بە قۆڵی کراس و چاکەکەتەی دەسڕی و گاڵتەی بە هەموو دنیا دەهات. حەز دەکەیت، وەک "سەگی پاسووتاو" بە گڕەی گەرما و بە کزەی سەرما، هەموو بستێکی کووچەکانی وڵاتەکەت، بدەیتە ژێر پێوە و هەرگیز بۆ ساتێکیش پشوو نەدەیت. لێ تۆ کە دەچیتەوە کوردستان، دەچیتەوە وڵاتێک، هەموو لایەنەکانی ژیانی سیاسەتاوی کراون. هەرچی شتی ئەو وڵاتەیە و شێوە ژیانیەتی، ڕەنگڕێژ کراون و حیزبێنراون. خەڵک لەوێ دابەشن بە سەر کەسک و زەردا. خەڵک لەوێ پێیانوایە، هەموو کەسێک دەبێ سەر بە لایەن و دەستە و حیزب و هێزێک بێت. تۆیش، تۆیەکی ساڵانێک دوور لە کوردستانەوە، پێت خۆش بێت یانە، هەر پێش ئەوەی بچیتەوە کوردستان، بێ ئەوەی بۆ خۆت بتەوێت یا حەزت لێی بێت، خراویتە خانەیەکەوە و ترنجێنراویتە قوژبنێکی سیاسەتی باوی ئەوێوە. ئەوانەی خۆشیان دەوێی، لەبەر هەر هۆیەک بێت، پێیانوایە لەگەڵ ئەوانیت و لەو خانەدایت، کە ئەوانی لێن. ئەوانەیشی، کە هەر لە خۆڕا یا لەبەر هەر هۆیەک بێت، کە ڕەنگە تۆ هەر پەیشی پێ نەبەیت، خۆشیان ناوێیت، پێیانوایە، لەگەڵ ئەوان نیت و کە لەگەڵ ئەوانیشدا نەبێت، بە پێی ئەوان، تۆ لە خانەیەکی دیکەی دژی ئەواندایت. ئەم خانە و خانەبازییە، ئەم ڕەنگ و ڕەنگبازییە، ئەم حیزب و حیزبیازییە، ئەم بازنە و چوارچێوەبازییە، کاریگەرییەکی یەکجار زۆر و مەزنیی نەرێنی و خراپی کردووەتە سەر مرۆڤی کورد، لە باشووری کوردستان. دەگمەنن ئەوانەی لەوێ، سەربەخۆن و سنوور و بازنەی حیزب و دەسەڵات دەبەزێنن، لێ لەگەڵ ئەوەشدا هەن. ئەوانە هەرچەندە دەگمەن و کەمن، خەڵکانێکن خۆڕاگر، شۆڕشگێڕ، نەبەز، هێژا. تۆی بێخانە و بێلایەن و سەربەخۆ و تژیی ئاوات و هیوا و خۆزگە و خەون، کە بە سەر ئەو ڕەوش و بارەدا دەچییەوە و باس لە گۆڕان دەکەیت، دەگمەنن ئەوانەی گوێت لێ دەگرن و ئەگەر گوێیشت لێ بگرن، ئەگەر بە ڕاشکاوی و ئاشکرا پێشت نەڵێن، زۆرجاران بە خەیاڵاوی و یووتۆپیست و ناواقیعیت دەزانن و زۆرجارانیش لەژێر لێوەوە نێوی شێت و هێڕ و خوداخراپبۆکردووت لێ دەنێن. تۆ لەو ڕەوشەدا و لەنێو ئەو خەڵکەدا، هەر دەڵێی فوودانکێکیت[14] و دەرزییەکت پێدا

---

[14] "فوودانک"، ئەو شتە پلاستیکی یا نایلۆنییەیە، کە بای تێ دەکرێت و گەورە دەبێتەوە و ڕەنگ ڕەنگە و بۆ بۆنە و شادی و گەمەی منداڵان بەکار دەبرێت. وشەی "فوودانک"، لە هەولێر و دەوروبەری بەکار دەبرێت. لە سلێمانی پێی دەڵێن:"میزڵدان" و لە گەرمیانیش پێی دەڵێن: "پفیلک". لە هەندێک شوێنی گەرمیان، کە کاریگەریی زمانی تورکییان لە سەرە، پێی دەڵێن: "شیشڵدان". لە دەڤەری بادینانیش "پفدانک"ی پێ دەگوترێت. "باڵۆن"یش وشەیەکی ئەورپاییانەی "فوودانک"ە. من بۆ خۆم وشەگەلی "فوودانک" و "پفیلک" و "پفدانک"م، لەوانی دیکە پێ ڕاستتر و جوانترە.

دەکرێت و فس دەکرێتەوە. زۆرجاران هەست دەکەیت تەنێ خۆتی، قسەکانی خۆت دەژنەفییەوە و ئەو قەوانە تەنێ بۆ خۆت لێ دەدەیەوە.

*****

کۆتایی ساڵی 1980، زستانێکی سەخت و دژوار بوو و منیش تازەکی لە شارەوە هەڵاتبووم و گەیشتبوومە پشتی قەندیل و لە دۆڵەتوو بووم. لەوێ باسەکان زۆرجاران جیددی بوون و کەمتر خەڵک خۆی لە قەرەی باسی گاڵتەئامێز و ناجیددی دەدا، مەگەر جارنا قسەقوتێک، یا کەسێکی تازەهاتوو لە شارەوە، شتێکی نوێی لەگەڵ خۆی هێنابا و شتێکی نوێی گێڕابایەوە. هاوڕێیەک بە ناوی (مونەووەر فەتەللی گوێزەللی)، لە هەولێرەوە هاتبوو، ئیدی بەینێ ئەو ناوەی خۆش کردبوو. دواتریش عەبدولمەلیک عەلی عوسمان، پەیدا بوو. عەبدولمەلیک عەلی عوسمان، کە کەونە ئەفسەرێکی پۆلیس بوو و ساڵانێک پێشمەرگایەتیی کردبوو و پاشان گەڕابووە کن حوکوومەتی بەعس و کاری بەڵێندەرایەتیی و خزمەتی بە ڕێژیمی بەعس کردبوو و دواتریش هەر ئەو ماوەیە شاری بەجێ هێشتبوو و هاتبووە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە. من ناو و باسی عەبدولمەلیکم بیستبوو و خەڵک، وەک هەموو کەسێکی دیکە و هەموو شتێک، هەریەکەو بە جۆرێک باسیان دەکرد و ناویان دەهێنا. سەرەتا، کە دیتم، منیش پتر لە چاوی خەڵکەکەی دیکەوە، عەبدولمەلیکم خوێندەوە و هەندێک داخراوانە لەگەڵێدا کەوتمە قسە و باس. پاش ماوەیەک، کە ئیدی زۆرجاران یەکدیمان دەدیت و قسە کەوتە نێوانەوە، کەسێتی عەبدولمەلیکم بۆ دەرکەوت. بە هاتنی عەبدولمەلیک بۆ دۆڵەتوو و بۆ نێو حیزبی سۆسیالیستی کوردستان، فەرهەنگی قەلخواردن بڵاو بووەوە، چونکە قەلخواردن لە نێو ئەواندا، بە هۆی هەژارییەوە، باوی نەبوو. عەبدولمەلیک، بە تەدارەک و تفاق و کۆمەڵێک چەکدار و بەرکی تژییەوە هاتە ئەوێ و پارەی لێ دەباری. عەبدولمەلیک، زەلامێک بوو، بڕوای بە هیچ شتێک نەبوو. زەلامێک بۆ ئەگەر بتەوێت خانەیەکی بۆ بدۆزیتەوە، ڕەنگە بکرێ نێوی بیهوودەییست و نیهیلیست و ئەوانەی لێ بنێیت. ئەو دەژیا و وەک هەموو مرۆڤێکی دیکەی ئەم جیهانە، حەزی لێبوو خۆش بژی. کێ هەیە حەز نەکات خۆش بژی؟ پێموایە هەموو مرۆڤێک حەز لەوە دەکات. عەبدولمەلیک گاڵتەی بە سیاسەت و سیاسەتکارانیش دەهات و فشەی بە دنیا دەهات. باسی چوونە هەندەران و مسر و تەواوکردنی خوێندن و ئەو جۆرە شتانەی دەکرد. جارێکی باسی ئەو دەڤەرەی لەمەڕ خۆمان، ڕۆژهەڵاتی ناڤین، بە کوردستانیشەوە، هاتە گۆڕێ، عەبدولمەلیک گوتی:"بە ڕاستی ئەم دەڤەرە هی ئەوەیە یەک بۆمبی ئەتۆمی پێدا بماڵرێت و بکرێتە یەک زەریاچەی هەرە گەورە و چواردەوری بکرێت بە گازینۆ و باڕ و هۆتێل و پاریگە و مەلەوانگە و دارستان و باخچە و سینەما و شانۆ و شوێنی خۆش و جوانی گەشت و تۆریزم و خەڵک لە هەموو جیهانەوە بێن بۆ ڕابواردن و پشوو و حەسانەوە و تێیدا کات ببەنە سەر و بمێننەوە". من لەگەڵ بۆمبی ئەتۆم و قڕانی مرۆڤ و وێرانکردنی هیچ شوێنێکی ئەم جیهانەدا نیم و ئەوەش بە چارەسەر نازانم، لێ بەڕاستی تۆ، کە دەچییەوە کوردستان و ڕەوشی کوردستان و عیراق و ئێران و تورکیا و سووریا دەبینیت و ئاگاداری باری فلستین و ئیسرائیلیت و سیاسەتی خۆرهەڵاتی ناڤینی ڕۆژاوا دەبینیت و دەخوێنیتەوە و نەخشەی هەموو ڕۆژهەڵات و جیهانی ئیسلامی و وڵاتانی عەرەب و جیهانی سێیەم لەبەرچاو دەگریت، ئەگەری گۆڕانکاریت لەو وڵاتانە، نەک هەر بەلاوە ئاسان نییە، بەڵکە کۆڵێکیش سەخت و دژوارە، بە تایبەت کاتێک دەبینیت، مەزنترین گیروگرفت و کێشەی سەرەکی

لە هەموو دیاردەکانی ئەو ناوە و ئەو دەڤەرەدا ئەوەیە، کە هیچ شتێک ناخرێتە بەر پرسیارەوە، کە هەموو شتەکان بێ موناقەشە و لێوردبوونەوە و هەڵسەنگاندن و شیکردنەوە، هەروا و هەڕەمەکی و هەر لەخۆڕا، قەبووڵ دەکرێن. من پێموایە، تا تۆوی گومان نەچێندرێت، دید و بیرکردنەوەی خەڵک نایەتە گۆڕین و تا دید و بیرکردنەوەی خەڵکیش نەیەتە گۆڕین، هیچ شتێک لەو دەڤەرە ناگۆڕێت و ئەو دەڤەرە و خەڵکەکەیشی هەنگاوێک بەرەو پێشەوە ناڕۆن. کە دەردە سەرەکییەکە ئەوەبێت، تۆ هێندەی دی، بڕوات بە گۆڕانکاری نامێنێت و هێندەی دی دەرگاکانت لەسەر کڵۆم دەکرێن. تۆ ئەگەر بە دەردی عەبدولمەلیک عەلی عوسمانیش بیر نەکەیتەوە، بڕێک لەو خەیاڵە دۆزەخییانەی ئەوت هەر دەکەونە کەللەوە و گێژەنەیەکی بێهوودەیی لوولت دەدات و ڕاتدەکێنێت.

مارسی 2004